# گێژاو

گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە

ژمارە: ٩ ئازار، ٢٠٠٨






**خاوەن ئیمتیاز:**

کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد

**سەرنووسەر:**

محمد فەریق

**بەرێوەبەری نووسین:**

هیدایەت صالح

**هونەری:**

ئاگری باڵەکی



**ناونیشان:**

هەولێر – برایەتی شەقامی ٤٠ مەتری

٠٧٥٠٧٣٩٥٤٤٤ - ٠٧٧٠٥٤٤٥٥٣٠ - ٠٦٦٢٥٦٨٨١٢

govare_gezhaw@yahoo.com


تێبینی : جگە لەو بابەتانەی ئارمی گۆڤارەکەمانی لەسەرە، ئەوانی دیکە نووسەر لێی بەرپرسیارن

زیرەک کەمال:

# حیزب لە ناو وەزارەتە لە ناو یاریگایە شەق لە تۆپ هەڵدەدا هەر خۆشی ڤیکەی لێدەدا هەر بۆ خۆشی حەکەمە هەر بۆ خۆشی هێرش بەرە هەر بۆ خۆشی گۆلچیە هەر بۆ خۆشی گۆلکەرە وەهەر بۆ خۆشی گۆل لێکراوە



**بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە رەوشی ئیستای سیاسی کوردستان و گۆرانکاریەکانی ناوچە، هەروەها کاروباری ناوخۆی کوردستان و پەرلەمان، و باسێک لەسەر رۆژنامە نووسان .. بە پێویستمان زانی گفتوگۆیەک لەگەڵ زیرەک کەمال نووسەر و رۆژنامە نووس ساز بکەین.**

**پ : ئاستی رۆشنبیری پەرلەمان تا چەند دەبینی؟**

هەلسەنگاندنێك بۆ تێکرای ئەندامانی پەرلەمان کەوا بڵێن ئاستی رۆشەنبیریان چەندە لەوانە قورس بێ بەلام دەکریت بە گشتی بڵێن زۆرینەی ئەندام پەرلەمانانی کوردستان ئەگەر زۆرینەش نەبی بەڵام بەشیکی بەرچاو لە ئەندام پەرلەمانانی کوردستان رۆشەنبیریان پێ ناچی لە ئاستیکی زۆر بەرزدا بێ .

رۆشەنبیر ئەوە نیە تۆ خاوەنی بروانایەکی بەرز بی پارێزەر بی،دادوەربێ، ئەندازیار بێ، پزیشك بێ یان ماجستەرو دکتورای هەبی یان بروانامەیەکی تری هەبی، بە رای من ئەوانە ناویان بنین مودرخ لە ولاتی ئیمە شت دەرخ دەکەن لە رێگای مودەرخ کردن و ئەزبەر کردنی وانەکانتوانیویانە بروانامەیەکی گەورە بە دەست بهێنن بەڵام لە سەر زەمینی واقیعدا نەیان توانیوە ببن بە رۆشەنبیر، رۆشەنبیر بە مانای خویندنەوەی گومەلگا لە ژێر رۆشنایی میتودە فەلسەفی و فکریەکان رۆشەنبیر مانای رەخنە گریکی بێ ئەمان لە هەموو مەوداو بونیادە تەقلیدە کومەلایەتی و سیاسی وفکریانەی کە رەفیسکی کومەلگایان گرتووە و ناهێلن پێش بکەویت، لێ ناگەرێ ژیان لە چەق بەستن رزگار بێت و دەروازەو دەرگاو پەنجەرەی نۆی بە رووی نیشتمان و ولاتدا بکریتەوە رۆشەنبیر بە مانای موتوربە کردنی کومەلگا بە میتودە جۆر بە جۆرەکاناندا، بە مانای دەنگ هەلبرین لە ئاستی هەموو روداوە دلتەزین ودیاردە ناشیرین و کریت و چەوت و چەوێلەکان بۆیە ئەگەر ئێمە بکەینە پێوەریك وە بیکەینە بنەمایك بۆ هەلسەنگاندنی ئاستی رۆشەنبیری ئەندام پەرلەمانەکان بۆی هەیە بڵێن کەمینەی ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان رۆشەنبیرن وە ئەگەر پێشمان وابی بە تێروانینێکی تەقلیدی کۆن باس لە رۆشەنبیر بکەین و مەسەلەی بروانامە بهێنینە گور، ئەم ولاتە لیوان لیوە لە ئەندازیارو لە دادوەرو لە ماموستاو لە دکتوراو لە ماجستەر بەڵام لێوان لێویشە لە جهل و سەرفیەت و نەزانین و دواکەوتن زۆر جار کە من بۆ خۆم لەو کومەلگایەی

خۆمان رادەمێنم هەست دەكەم رۆشەنبیر نەك هەر رۆلی مێژویی خۆی جێبە جێ نەكردووە دەوری بنچینەیی نەبینیوە بەلكو هەست دەكەم كومەلگای ئێمە بێ رۆشەنبیر دەژی.

من رێزم بۆ هەموو ئەندام پەرلەمانەكانی كوردستان هەیە ئێنسانی باشیان تیدایە ئینسانی دلسوزو رۆشەنبیر و خاوەن هەلویست لە پەرلەمانی كوردستاندا هەیە بەلام بیرمان نەچی پەرلەمان تا ئیستاش بارەگای حیزبەكانە راستە هەندیك یاسای باشیان دەركردوە هەندی كاری باشیان كردوە بەلام من لەو میمبەرەی ئیوە وە دەیلێمەوە وە لە زۆر شوێنیش وتوومەوە ئەوەی ئیستاش دەیلیم جەخت كردنەوەیە، پەرلەمانی كوردستان مالی كومەلیك حیزبە ئەگەر حیزب مالی یەك حیزب بێت مالی ئەندامانی یەك حیزب بیت پەرلەمان بارەگای كومەلەك حیزبە، بیرمان نەچی كە هەموو بریارە چارەنووس سازە سیاسی و ئابووریەكان لە مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان وە یەكیتی نیشتیمانی كوردستانەوە بۆ ناو پەرلەمان شۆردەبنەوە، هەمووی بەبێ هیچ هەلاویردنێك هەموو بریارە چارەنووس سازە سیاسی و ئابورییەكان لە مەكتەبی سیاسی ئەو دوو حیزبەوە دەچیتە ناو پەرلەمان و لە وێ دەستیان پێ هەلدەبرن، دوا جار بینیمان مەسەلەی ئیمزا كردنی ئەو بۆندانەی نەوت، من بە راستی وەك كوردیك وەك رۆژنامەنوسیك هەستم بە شەرمەزاری كرد، كاتێك كە وتیان پەرلەمانی كوردستان ئاگاداری ئیمزا كردنی ئەو بۆندانە نیە خوانەخواستە من ئەوەم لە دەمی ئەندام پەرلەمانەكانیكەوە گوێ لێی نەبووە، چۆنكە ئیمە لە پەرلەمانتارەكانمانەوە هیچ نابیستین، من ئەوەم لە( عەلی دەباغ بیستوە، لە ئیبراهیم بحرالعلوم بیستوە) كە دلێت پەرلەمانی كوردستانیش ئاگاداری ئیمزا كردنی ئەو بۆندانە نییە، بۆیە وەك رۆژنامەنووسیكی كورد هەستم بە شەرمەزاری كرد، واتا پەرلەمانیك لە ئاستی مەسەلەیەكی ئاوا چارەنووس سازدا ئاگادار نەبێت، بە راستی پێم وایە ناتوانی ئەركە مێژووییەكانی خۆی جێ بە جێ بكات، تەنانەت سەبارەت بە هێرشی توركیا، من تا ئیستاش تیناگەم پەرلەمانی كوردستان شتێكی باس كرد، كە گوایا ئەمرو دوای حكومەتی عیراقی دوای یەكیەتی ئەورووپا وە دوای ئەمریكا وە دوای مۆزەمبیق ودوای ولاتی سلڤاوە وە توراواو دوای ولاتی رەشكاو و جێبوتی و دوای پەناماو گرینادا وە دوای هەموو ولاتانی دونیا خۆشبەختانە ئەمرو پەرلەمانی كوردستان كودەبێتەوە بۆ قسە كردن لە سەر ئەو مەسەلەیە، من دلنیام ئەوانەی بریاری سیاسی پەرلەمانیان لە دەست دایە و

**ئەگەر لە داهاتوو حیزب بە هەمان رەوت و ئیقاع و بە هەمان هەناسەی جاران ئیش بكات ئەوا پێم وایە كابینەی داهاتوو بارودوخەكەی خراپتر دەبێ.**

ئەوانەی پردیكن لە نیوان مەكتەبی سیاسی هەردوو حیزب وە پەرلەمانی كوردستان، دوێنی سەلاحیەت و ریگایان پێ دراوە لە سەر كردایەتی هەردوو حیزب بۆ ئەوەی كۆبوونەوە پەرلەمان بكەن وە لەو بارەوە قسەیەك بكەن، ئەگەرنا دەبوایە ئەو رۆژەی كە حكومەت و سوپای توركیا سنوری هەریمی كوردستان دەبەزاندن، دەبوایە پەرلەمان لە نیوەی شەودا كۆبوونەوەی ئەنجام بدایا نەك دوای هەموو ولاتان پەرلەمان كۆبۆنەوەی ئەنجام بدات، بۆیە من پێم وایە لە داكوكی كردنیش لەگەل كوردستان پەرلەمان لە دوای هەموو ولاتانی جیهانەوە دەبێ، واتا ولاتانی جیهان زیاتر بە تەنگەوەن كە بەرگری لەم ولاتە بكەن نەك پەرلەمان.

**پ: كاك زیرەك سەبارەت بە تەشكیلی حكومەت ئەوا ئیستا تەشكیلی حكومەتەوە دەنگ و باسی وەزارەتەكان هەیە ئایا وەكو رۆشەنبیر و وەكو رۆژنامەنووس و كەسێكی دیاری سیاسی لە كوردستان حكومەتی هەریم چوون دەبینین بەو شێوەیە دەبێ یان گورانی بە سەردادێ خراپتر دەبێ یا چاكتر دەبێ؟ ئایا ئەو وەزیرانە دەگورێن بەدیلی وزیری باشتر دێ؟**

ـ ئیمە نابێت بیرمان بچی كیشەكانی ئیمە كیشەی بنیادی ریشەین كیشەی روكەشی نین ناكرێت بە سادەیی و بە شێوەیەكی روالەتی لە مەسەلەكان بدوین ئیمە بیرمان ناچی كابینەی رابردوو كە وا گوایە كابینەی یكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی كوردستان بوو كە لە سەر زەمینی واقیعدا وانەبوو بە راستی سەروكی ئەو حكومەتە بە بێ هیچ موجامەلەیەك و بە بێ هیچ مەبەستیكی دیاری كراو كارنامەیەكی باشی ئامادە كرد بوو. یعنی كاتێك (رێزدار نیچرڤان بارزانی) كارنامەكەی خویندەوە لە بەردەمی رای گشتی كوردستان من بۆ خۆم زۆر دلم خۆش بوو كە بە راستی زۆر وردەكارانە و وەستایانەو دەست رەنگینانە كارنامەكە داریژرا بوو بۆ ئایندە بەلام كە ئیستا ئیمە لە بەردەمی كابینەیەكی تردابن كەس نی یە بپرسی بۆچی بەشیكی گرنگ لە مادەو برگەكانی ئەم كارنامەیە جێ بە جێ نەكران بێ گومان ئەگەر ئیستا لە سەروكی حكومەت بپرسن ئەویش بۆی هەیە گلەیی و گازندە و رەخنەی خۆی هەبی من دلنیام یەكێك لە كێشە كوشندەكان یەكێك لە ئێشكالیتە هەرە گەورەكان كە لێ ناگەری حكومەتی هەریم ئیش بكات یان با بلێن بەربەستێكی گەورەی لە بەردەمی رەوتی كاركردنی وەزارەتەكان

خۆدی حکومەت دروستکردووە خۆدی هەر دوو حیزبە ئێستاش دامەزراندنی خەلکی ئەم وولاتە هاولاتیانی ئەم ولاتە دەبێ لە ڕێگای لق وناوچە و کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی هەر دوو حیزب بێ ئێستاش لەگەل دابێ هەر بۆندیك ئیمزا بکری و ئێستاش لەگەل دابێ هەر مەسەلەیەك کە تایبەت بێ بە وەرگرتنی هەر پۆستێکی گرنگ لە نێو ئیدارە حکومیەکان بە راستی بەشی شێر هەموو بەشەکان بۆ کادیران و برادەرانی ئەو حیزبە یە بۆیە ئەو کارنامەیە کە جێبە جێ نەکرا هەر دوو حیزب ڕێگای گەورەیان لێ گرت من پێم وایە تۆ ئەو پرسیارە لە من دەکەی، من ئەو پرسیارە لە تۆ دەکەمەوە ئایا لە داهاتوو ئەو دوو حیزبە سەرداری ئەوە دەبن کە چیتر حکومەت بە بارەگای حیزب تینەگەن دەستەکانی خۆیان لە ناو هەناوی حکومەت دەربێنن و دەکشنەوە بۆ شوێنی سروشتی خۆیان کە ئێمە دەزانین حیزب، لە دنیا یەکێك لە شوناس و ناسنامە بنەرەتیەکانی سیستەمی دیموکراسی و عیلمانی ئەوەیە کە ئاین و حیزب و هەموو کایە جۆربەجۆرەکانی تری نێو ئیدارەی سیاسی وحکومەت شوینکی سروشتی خۆیان هەیە شوینێکی ئاسایی خۆیان هەیە.شوێنێکی دیاری کراوی خۆیان هەیە ناتوانن ئەو سنورە ببەزینن لە کاتێکدا حیزب ئەوەندە ئازایە ئەوەندە قارەمانە ئەوەندە جەربەزەیە ئەوەندە تفنگ چی و گورزە وەشێنیکی باشە ئەوەندە بە مانا کۆنەکەشی وەکو شەبەیخون وایە لە هەموو شوێنێك هەیە، لە هەموو شوێنێك دەبێ هەبێ، حیزب لە ناو وەزارەتە لە ناو یاریگایە شەق لە تۆپ هەلدەدا هەر خۆشی ڤیکەی لێدەدا هەر بۆ خۆشی حەکەمە هەر بۆ خۆشی هێرش بەرە هەر بۆ خۆشی گۆلچیە هەر بۆ خۆشی گۆلکەرە وەهەر بۆ خۆشی گۆل لێکراوە یعنی لە سەر عارەبانە چیەکی توور فرۆش هەتا دەگاتە بەرزترین پایەی ئەو شوینە حیزب هەموو مەسەلەکانی بە دەستە ئالایی بوونی خۆی لە هەموو ئەو شوینانە هەلداوە ئایا لە داهاتوو حیزب دەست بەرداری ئەوە دەبی چیتر رەزای خۆی گران نەکا چیتر ئیسکی خۆی قورس نەکات و لە هەموو ئەو شوینانە دەرنەکەوی کە نابی لە وێ بێ حیزب میوانێکی رەزا قورسە لە ولاتی ئێمە شەو نیوە شەوی بۆ نیە دەم و جەمی بۆ نیە حیزب لە سەر سفرەی هەموو مالێکە حیزب لە هەموو شوینیکە ئەمە ئەگەر حیزب نەگەڕێتەوە بۆ شوینی ئاسایی خۆی جلەوی نەگرێت من پێم وایە کابینەی داهاتووش ناتوانێت هیچ بکات، چونکە کیشەی ئێمە لە گورینی سەروکی حکومەت و وەزیرەکان نی یە کێشەکانی ئێمە

> **ئیمە بیرمان نەچێ یاسای سزادانی عیراقی ئیستا کارنامەیکە و بنەمایەکە بۆ کارکردنی لە دادگاکانی کوردستان یاسای سزادان لە بەرژەوندی ئەو رۆژنامەنووسان نەبووە چونکە بە راستی ئەو یاسایە لیوان لیوە لە دژایەتی کردنی ئازاد کردنی بیرو رای رۆژنامە نووسان.**

گۆرینی ئینسانەکان نین خۆ من پێم وایە بەشێکیش لە وەزیرەکان و خۆدی سەروکی حکومەتیش ئەگەر دەرڤەت و زەمینەی بۆ رەخسابا لە ئاستی جێ بە جێ کردنی کارنامەکەی خۆیان بوون، بەلام کە حیزب لێ ناگەڕێت رەفیسکیان دەگرێت و بەر سینگیان دەگریت ئەگەر لە داهاتوو حیزب بە هەمان رەوت و ئیقاع و بە هەمان هەناسەی جاران ئیش بکات ئەوا پێم وایە کابینەی داهاتوو بارودوخەکەی خراپتر دەبێ.

**پ ـ ئایا بە ڕای بەرێزت جیاوازی دەبێت لە نێوان کارنامەی پێنج و شەشی سەرۆکی حکومەت؟**

ــ من دیسان دەیلێمەوە من بێ گومانم لەوەی کە بەرێزیان کارنامەیەکی تری باش ئامادە دەکەن وەکو کارنامەی رابردوو بەلام دیسان پرسیاری ئەوە دەکەم کێ ئەو کارنامەیە جێ بە جێ دەکات ئایا دەرفەت و زەمینە دەرخسێ بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم کارنامەیە ئایا سەرۆکی حکومەت ئەو کەرەستە و میکانیزمانەی دەخریتە بن دەست بۆ ئەوەی بتوانە کارنامەکەی خۆی جێ بە جێ بکات من پێم وایە دەبێ کومەلێك شت بکرێت یك لەوانە وەکو ئەوەی لە پرسیارەکەی تریش ئاماژەم پێ کرد دەبێ حیزب عاقل بێت و بگەرێتەوە شوینی سروشتی خۆی یعنی عاقل بە مانا فەلسە فیەکەی نەك عەشایریەکەی دەبێ حیزب لەوە تێ بگاتەو ئەو لە شۆینی سروشتی خۆیدا جوانە نەك بروات بۆ هەموو شوینك، دوو دەبێ دامەزراوەکانی کومەلگەی مەدەنی بەهێز بکەین،سێ دەبێ بزوتنەوەی رۆژنامەگەری وە میدیاکانی کوردستان بە حیزبی و بە ئەهلیەوە گورانکاریەکی ریشەیی لە ئایدا و فکرو ئاراستەی کارکردن و پروسەو کارنامەی پیشەیی خۆیان بکەین، چوارەمین شت دەبێ لە کوردستان کار لە سەر دروست کردنی رای گشتی بکرێ چۆنکە دەردەکەوی بە راستی بە بێ گوشارێکی گەورەی رای گشتی بە بێ بەهێز کردن دامەزراوەکانی کومەلگەی مەدەنی دوای حیزب ئەم بارودۆخە سنوری بۆ دانانرێت وە قەیرانەکان بەردەوام دەبن بۆیە من بەش بە حالی خۆم ئەگەر ئێمە سەر لە بەری مەوداکانی بینین و روانین سەر لەبەری کایە جۆربە جۆرەکانی ژیانی ئیداری و کۆمەلایەتی عەقلی و حیزبی و ئەو پەیوەندیە کومەلایەتیانەی کە حیزب بە کومەلگا دەبەستیتەوە وە کومەلگا بە دینەوە دەبەستیتەوە و تاکەکانی کومەلگا



به یەکەوە دەبەستیتەوە ئەستەمە بتوانین لە جیاتی کارنامەیەك ئەگەر سەد کارنامەی تریش ئامادە بکەین بتوانین خال و رستە گرنگەکانی ئەو کارنامەیە جێ بە جێ بکەین .

**پ:ـ سەبارەت بە یاساو دادی کوردستان چیت هەیە بلێی و یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان چونە؟**

ـ من دەمەوێت راشکاوانە پێتان بڵێم بە پێ ئەو یاسایانە یاسای سزادان (قانون عوقوبات) بێ، بە پێی یاسا کونەکان بێ مەسەلە کۆمەلایەتیەکان وە تایبەت بە مەسەلەی ئازادیە گشتیەکان دەسەلات زۆر خاتری نووسەران و رۆژنامەنوسانی گرتووە هەر کەس مادەو برگەکانی یاسای سزادان بخوێنیتەوە بە راستی دەسەلات خاتری رۆژنامە نوسان و نوسەرانی گرتووە بۆیە ئەگەر بێتو کار لە سەر گۆرین یان هەموار کردنی ئەو برگەو مادانە نەکرێت کە تایبەتە بە ئازادیە گشتیەکان تایبەتە بە مافی مرۆف بە مافە مەدەنیەکان وە کۆمەلایەتیەکان. من پێم وانی یە بتوانین هیچ بکەین، دوو بیرت نەچێ تۆ وەکو رۆژنامەنووسێ ئەوە ئەرکی سەر شانی وەزارەتی دادو وەزارەتی رۆشەنبیری و ناوخۆ .... نیە کار بۆ گۆرین و هەموار کردنی یاسا کۆنەکان بکات بەلکو دەبێ ئەوە رۆژنامەنووسان بیکەن، ئێمە بیرمان نەچێ لە دونیای دیموکراسی دەسەلات لە سەر گوشارو رای گشتی وە لە ژێر یاداشت نامە وە رێپێوانی دامەزراوەکانی کومەلگای مەدەنی بریاری باش دەردەکات دەسکەوتی باش بە دەست دێنێ خزمەت گوزاری دەخاتە گەر ئێمە چۆن چاوەروانی وەزارەتەکان بین کە وا یاسا بۆ ئێمە دابرێژن، نەخیر ئەوان رێمان لێ دەگرن چۆنکە نووسەرو رۆژنامە نووس سەر بە گروپە گوشار بەرەکانن سانسۆرن رەقیبن بە سەر پایەکانی دەسەلاتەوە، حەزیان لێ یەو ئیش بۆ ئەوە دەکەن بەردەوام ئەو یاسایانە لە ئارادا بن کە وا پانتایەکانی قسە کردن و بینین و دەربرینی ئازادی بیرورا بەر تەسك دەکەنەوە نەك بە پێچەوانەی بۆیە منیش دەیڵیم یەکێك لە هەنگاوە بنەرەتیەکان لە سەر رێگای قولکردنەوەی پرۆسەسی دیموکراتی و بەر فراوان کردنی پانتایەکانی ئازادی بیرورا دەربرین دەبێ لە گۆرینی یاسای سزادان وە لە سەر خستنی ئەو پرۆژە یاسایە بێ کە وا سەندیکای رۆژنامە نوسانی کوردستان داویەتە پەرلەمان.

**پ: سەبارەت بەوەی کە ئێستاش یاساکانی زەمانی سەدام بۆ نمونە رۆژنامە نووسی لە سەر دادگای دەکری بەرێزت چۆن دەبینی؟**

ـ ئیمە بیرمان نەچێ یاسای سزادانی عیراقی ئیستا کارنامەیەکە و بنەمایەکە بۆ کارکردنی لە دادگاکانی کوردستان من لە چەند رۆژی رابردوو فایلی چەند کێشەیەکی رۆژنامە نووسانم لا بوو هی( **شیرزاد شیخانی و میقداد شاسواری و شوان داوودی)** بە راستی ) ئەو تۆمەتەی کە دراوەتە پال ئەوان بەراوردم کرد لەگەل یاسای سزادان، یاسای سزادان لە بەرژەوندی ئەو رۆژنامەنووسانە نەبوو چونکە بە راستی ئەو یاسایە لیوان لیوە لە دژایەتی کردنی ئازاد کردنی بیرو رای رۆژنامە نووسان. من لیرەدا هیچ ناحەقی دادوەریك ناگرم ناحەقی وەزارەتی داد ناگرم بە تەنیا لە بەر ئەوە ئەوان راستە لایەنیکی مەسەلەکەن بەلام ئەوە ئیشی رۆژنامەنووسان و رۆشەنبیرانە گوشاریکی گەورەی رای گشتی دروست بکەن بۆ گورینی ئەو یاسایانە بە بێ گۆرینی ئەو یاسایانە ئیمە ناتوانین هیچ هەنگاویك بەرەو چەسپاندنی ئازادی بیرو راو بەر فراوان کردنی پانتایە کانی ئازادی رۆژنامە نووسی بکەین بیرمان نەچێ سیستەمی دادوەری لە کوردستان یەکێکە لە دەسەلاتەکانی کوردستان بەلام ئەویش بە پیێ ئەو کارنامەیە کە لەژێر دەستدایە ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو رۆشنبیران نووسەران و یەکەیەکی داکۆکی کەرانی مافی مرۆڤ و مافی رۆژنامەنووسانە کەوا ئیش بکەن لەسەر هێنانە کایەی یاسای پێشکەوتوو خواز و یاسای دیموکراسی لەنێو یاسای رۆژنامەنووسی و یاسای کار، یاسای پەروەردە و هەموو بوارەکانی تریش.

ئا: چرۆ گۆران

سەرچاوە: Csmonitor

# هێرشی تورکیا گوشار دەخاتەسەر پەیوەندی نێوان ئەمەریکا وکورد



پشتیوانیکردنی ئەمەریکا لەهێرش بۆسەر پەکەکە پەیوەندی ئەمەریکا و هاوپەیمانە سەرەکییەکەی دەخاتە مەترسیەوە. سام دانحیر هێرشە پچڕ پچڕەکان لەدژی پارتی کرێکارانی کوردستان ڕۆژی سێشەممە کاتێك هێزەکانی تورکیا کەلەنزیکەی ٨ هەزار سەرباز پێکدەهاتن سنووری ئێراقیان بەزاند. گەیشتە بەرزترین پلە. کاربەدەستان دەڵێن ئەمە گرنگترین هێرشی تورکیایە بۆسەر چەکدارانی پەکەکە لەمیانەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا. لەمیانەی دەستپێکردنی ئەم هێرشەی تورکیا نائومێدییەکان زیادی کرد. زۆربەی کوردی ئێراق هاوبەشی لەخەمی چەکدارەکانی پەکەکە بۆ بنیاتنانی کوردستانی سەربەخۆ دەکەن، زۆربەی بەرپرسان دەڵێن ئامانجی سەرەکی تورکیا ناسەقامگیرکردنی حکومەتی نیمچە سەربەخۆی کوردستانە، کەسەرکردەکانیان هاوپەیمانی نزیکی ئەمەریکان. ژەنەراڵ موحسین، کەسەرکردایەتی جەنگاوەرانی کوردی لەگەڵ هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکرد کاتێك کەلەساڵی ٢٠٠٣ لەمیانەی داگیرکاری ئەمەریکا چوونە ناوشاری موسڵ. ڕۆژی یەکشەممە ٨٠ سەربازی تورکی کوژران. تورکیا گوتی کە ١١٢ شەرڤانی پەکەکەی کوشتووە کەئەمەش لەلایەن وتەبێژی پەکەکە ڕەدکرایەوە. ئەو گوتی ٤٧ سەربازی تورك و تەنیا ٢ پێشمەرگە کوژراون. تۆپخانەو فڕۆکەکانی تورکیا سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی باشووریان کردۆتە ئامانج کە لە ئامێدی لەپارێزگای دهۆکەوە درێژ دەبێتەوە تاکو ناوچەی سیدەکان لەپارێزگای هەولێر. کورد زۆر تووڕەونیگەرانن سەبارەت بەبڕیارمەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەتورکیا کەهاوپەیمانی ناتۆیەتی، بۆ بۆمبارانکردنی بارەگاکانی گومانلێکراوانی پەکەکە. ئەمەبووە هۆی تەقینەوەی بیواری گشتی و ئێستاکە پێدەچێ زۆر جدی بێت. هەڕەشەکردن لەگرنگترین هاپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەئێراقدا لەکاتێکدا کە دانیشتیوان دەیەوێت ئێراق سەقامگیربکات. لەگەڵ ئەمە، لەڕاستیدا هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هێزەکانی کوردستان بەردەوامن لەجەنگ دژی قاعیدەو تیرۆریستەکانی تر لەناوچەکانی وەکو موسڵ و کەرکووك کەململانێی ئەتنی و قەومی تێدایە. زیادبوونی ژمارەی سەربازە تورکەکان و تانکەکان لەبامەڕنێ لەڕۆژئاوای ئامێدی بووە هۆی تووڕەکردنی زۆرتری کورد. بەپێی قسەکانی موحسین نزیکەی ١٢٠٠ سەربازی تورکی لەبامەڕنێ نیشتەجێنە. موحسین گوتی: هێزی پێشمەرگە بەسەربازە تورکەکانیان گووتووە ئەگەر زۆرتر بێنەپێش ئەوا دەتانکوژین). بەهۆی دژواری بارودۆخەکە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکسەر هاتە دهۆك کەگەورەترین شاری ئەم ناوچەیەیە. بەپێی قسەکانی موحسین: ئەو پێیگوتم کەمن یەکەم کەس دەبم کەلەجەنگ لەدژی سوپای تورکیادا دەمرم). نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: تورکەکان بەهۆی ئەو پشتیوانی و زانیارانەی کەلەمانگی کانوونی دووەم لەسوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان وەریانگرتووە، وروژاون بۆ هێرش کردنەسەر پەکەکە. ئەنکارا دەڵێت ١٧٥ شەرڤانی پەکەکەیان کوشتووە. نێچیرڤان بارزانی دەڵێت: تورکەکان دەزانن کەویلایەتە یەکگرتووەکان زۆریان لەگەڵ نەرمبووە، بۆیە دەیانەوێت کەڵك لەمە وەربگرن. ئەوان زانیاریان پێدەبەخشن وڕێگەیان پێدەدەن بۆ بۆمبارانکردنی هەرێمەکەی ئێمە. ئەمە گەورەترین هەڵەیە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان کە ڕێگە بەتورکیا دەدات ئاسمانی ئێراق بەکاربێنێ.) بارزانی دەڵێت کەقەناعەتی بەقسەی پەکەکە هێناوە کەجەنگی تورکیا دژی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. تورکیا بەشێوەیەکی ئاشکرا دەڵێت کەئامانجەکەی پەکەکەیە، بەڵام بەپێی ئەم شتانەی ئێستای، ئێمە باوەڕناکەین کەئامانجەکەی تەنیا ئەمەبێت. ئامانجەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئێمە بەرەنگاریان دەبینەوە. ئەگەر سنوور ببەزێنن و بەرەو ئاراستەی ئێمە بێن، ئەوا لەگەڵیان دەجەنگین. ڕۆبەرت گێتس وەزیری بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکان گوتی: کەئەم پرۆسە سەربازییەی تورکیا کێشەی ئەوان لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە چارەسەر ناکات. ئەو گوتی: پاش ماوەیەك، خەڵك خوو بەم هێرشە سەربازییانە دەگرن و ئەگەر ئەم خەڵکە لەگەڵ پلانە ناسەربازییەکان ئاوێتە نەکەی، ئەوا هەوڵە سەربازییەکان کەمتر و کەمتر کاریگەر دەبن.

# شەڕی توركیا...

ئا: ئەفشار یسماعیلی

سەرچاوە: Boston



ئەمەی خوارەوە سەروتاری رۆژنامەی (زی بۆستن كلۆبە) كەتێیدا دەستدرێژی توركیا بۆ سەر هەرێمی سەقامگیری كوردستان بەهەوڵێك بۆ تێكدانی باری ئارامی ناوچەكە دادەنێ و داوا لە توركیا دەكات پێویستە مافی زیاتر بەگەلی كورد لە توركیا بدات و هەنگاوی جدیش باوێ بۆ ئاوەدانكردنەوەی هەرێمی كوردستانی توركیا ئەمەش دەقی سەروتارەكەیە. هێرشی سەربازی توركیا بۆ ناو هەرێمی باكووری ئێراق بووەتە هۆی دروستكردنی قەیران بەجۆرێك زۆربەی ئەكتەرەكان و وڵاتەكانی هەرێمەكەی لە خۆگرتووەو تێیوەرداون لەگەڵ ئەوەدا دوایین ئەرك بۆ كۆتایی هێنان بەم قەیرانە دەكەوێتە سەر ئەستۆی توركیاوە، وڵاتەكانی دیكە، بەویلایەتە یەكگرتووەكانەوە دەبێ كاری خۆیان بكەن بۆ رێگەگرتن لە هەڵگیرسانی ئاگرێكی گەورەی هەرێمی. هۆكاری روون و ئاشكرای توركیا بۆ ناردنی ١٠ هەزار سەرباز بۆ چیاكانی باكووری ئێراق سزادانی گرووپە گەریلاجیاخوازەكانە كە پێیان دەڵێن پەكەكەو بەتیرۆریست ناسراون لەبەر هێرش و پرۆسەكان بۆسەر سەربازەكانی توركیا لەناوخۆی وڵات لەگەڵ ئەوەدا، حكوومەتی هەرێمی كوردستان وای بۆ دەچێ كە توركیا هۆكارێكە بۆ ناسەقامگیركردنی ئەم ناوچە ئارام و سەركەوتووە. كوردی باكووری ئێراق ئاڵای خۆیان هەڵداوە ئەوان هێزی سەربازی خۆیان هەیە كە پێی دەڵێن پێشمەرگە، حكوومەتی هەرێمی كوردستان وای بۆ دەچێ كە ژەنەراڵە ناسیۆ نالیستە توندڕەوەكانی توركیا تەنیا نایانەوێ پەلاماری پەكەكە بدەن، بەڵكو دەیانەوێت نیشانی بدەن كە ئەوان چاو لە سەربەخۆیی باكووری ئێراق ناپۆشن، ئەمە گریمانەیەكی عەقڵانییە، هێزە ناسیۆلیستەكانی توركیا نارەزایەتی و نیگەرانی خۆیان لەمەڕ مافی چارەنووس و دەسەڵاتداری كورد لە ئێراق ناشارنەوە ئەوان نیگەرانی ئەوەن كە كوردی توركیا) كە لەم دواییانەدا مافی كلتووری و زمانەوانی گەورەتریان بەدەستهێناوە، ئەویش لەبەر هەوڵەكانی توركیا بۆ بەئەندامبوون لە یەكێتی ئەوروپا بوو) چاو لە هەرێمی فیدڕاڵی كوردستان دەكەن و داوای هەمان شێوەی حكومڕانی بۆ خۆیان دەكەن. هاوبەشی هەستی بێ بنەمای چەوسانەوە لەگەڵ مەبەستە واقیعییەكان ئاسایش دەبێ لەلایەن ئیدارەی بۆش، حكوومەتی بەغداو ئەوانیتر ئاماژەی پێ بكرێت، كە وەستاون بۆ ئەوەی چێژ لەمانە وەربگرن ئەگەر پێشێلكردنی سەروەری ئێراق لەلایەن توركیا توندوتیژییەكی ناسەقامگیری پێچاوپێچ بێنێت پێشتر موقتەدار سەدر سەركردەی میلیشای شیعە هەڕەشەی ئەوەی دەكرد كە چەكدارەكانی بۆ باكوور دەنێرێت ئەگەر توركیا سوپاكەی لە خاكی ئێراق نەكێشێتەدەرەوە. توركیاش هۆشداری ئەوەی دەدا كە لەوانەیە هێزەكانی باكووری ئێراق بەجێبێڵن، هێزەكانی بۆ بلۆككردنی رێگەی چەكدارانی پەكەكە هاتبوونە ئەم ناوچانە، پاش دوویان سێ هەفتە كە هێزەكانی هەڵمەتی داگیركارییە سەرەكییەكە گەڕانەوەی بۆ شوێنی خۆیان. ئیدارەكەی بۆش دەبێ داوا لە توركیا هاوپەیمانی ناتۆ، بكات بۆ وەستاندنی هەلیكۆپتەرو تۆپخانەو هێرشەكانی كە زیانی بە گوندنشینە مەدەنییەكان، پردو رێگاكان گەیاندووە و هێزەكانیان یەكسەر بكشێننەوە، كورد تەنیا هاوپەیمانی راستەقینەی ئەمەریكا لە ئێراق، دەبێ رێگری لە دزەكردنەكانی پەكەكە بۆ ناوخاكی توركیا بكات. باشترین رێگە بۆ توركیا بۆ تەگەرەخستنە بەردەم پەكەكە، دابین كردنی هەموو مافە كلتوورییەكانە بۆ كوردی توركیا و بەخشینی بودجەی پێشكەوتنی ئابووری بۆ شوێنە دواكەوتووەكانی رۆژهەڵاتی باشووری وڵاتە، توركیا لە بری ئەوەی هێزێك بێت بۆ خێراتركردنی جیاوازی و بریندارکردنی هێزە تەكنیكی و پێكهاتەكان كە هەرێمەكە پارچە پارچە دەكەن دەبێ ببێ بە باشترین نموونە بۆ مافی كەمینەكان لەهەرێمەكەدا.

# خەونەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی...

نزیکەی ٥٠میلیۆن کورد لە جیهاندا دەژین، کە بەگوێرەی ئەو دانیشتوانەیان دەکەنە چوارەمین پێکهاتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەپاش عەرەب، فارس و تورك.

لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی بەڵێنی دەوڵەتی سەربەخۆیان پێدان بەڵام ئەم بەڵێنانە بێ گەرەنتی بوون. کورد لە وڵاتەکانی تورکیا، ئێران، ئێراق و سوریادا دەژین.

هودا عەبدولرەحمان، لەمەر هەوڵ و کۆششەکان لەپێناو وڵاتی خۆیاندا لە هەرێمی کوردستان راپۆرت دەداتەوە.

تورکیا وڵاتی زیاتر لە نیوەی کورد، بەڵام تورکیا نکۆڵی لەوە دەکات کە کورد شوناسێکی نەژادی جیاوازی هەبێت و هەرجۆرە بەکارهێنانێکی زمانی کورد لەلایەن بەرپرسانی کوردی لە تورکیاوە قەدەغە کردووە.

لە ئێران، کورد مافی ئەوەی نییە حکومەت و ئیدارەی خۆی هەبێت و لە سوریا، ٣٠٠٠٠٠ کورد رەدی دەکەنەوە کە هاوولاتی سوری بن.

نەبوونی دەوڵەت، ئەوان ناتوان لە نەخۆشخانەی گشتی کەڵك وەرگرن، خۆراك وەرگرن و بۆ دەرەوەی وڵات گەشت بکەن.

سووتانی گوندەکان

عەقید عەبدوڵڵا کاردیز گیانی خۆی لەپێناو پاراستنی خەڵکەکەی فیدا کرد، ئەو ٢٧ساڵی تەمەنی لە چیاکان بەسەربرد بۆ جەنگان دژی سوپای سەدام حوسێن.

ئەو گوتی: من ئەوانە لە ناخی دڵمە هەست پێدەکەم، من پێویست بوو پارێزگاری لە خەڵکەکەم و نەتەوەکەم بکەم. هەموو گوندەکانی دەوروبەی ئێمە سووتا و خەڵکی ئێمەیان کوشت.

کورد وشەی پێشمەرگە بەکاردەهێنن، ئەم وشەیە مانای "ئامادەبوون بۆ مردنە" بۆ چەندین میلیۆن کورد.

خالید سالح، راوێژکاری مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی: بۆ ئەوانەی کە لە تورکیا، ئەمە کێشەیة چونکە بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەغە کراوە. ئەم جۆرە خەباتە سیاسە زۆر جیاوازە. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان، ئازادی ئایین هەیە، لەکاتێکدا لە ئێران، تۆ ناچاری لەژێر دەسەڵاتی سیستەمێك بی کە سیستەمی سیاسیەکەی لەسەر بناغەی شونای ئایینە.

خۆبەرێوەبردن تارادەیەك بۆ هەمیشە

لەساڵی ١٩٩١ ەوە، کوردی ئێراق لەبەشێکی وڵاتەکەیاندا توانیان دەسەڵات بگرنە دەست و خۆیان بەرێوەبەرن.



هەرزەکارانی ئەمڕۆکە یەکەمین وەچەن کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردیدا گەورە دەبن.

ئەوان هەر بە ئێراقی ماونەتەوە، بەڵام خەونەکانی کورد لەساڵی ٢٠٠٣دا هەنگاوێکی گەورەی هەڵێنا.

لەمیانەی یەك شەودا، کورد بوو بە ئەکتەری کلیلی لە حکومەتی بەغدادا. ئێستاکە ئەوان هاوسەنگیەکان لەنێوان خەونەکانیان بۆ سەربەخۆ بوون و هێشتنەوەی دەسەڵاتی نوێدا.

وێنەکانی سەرۆك بارزانی و جەلال تالەبانی یەکەم سەرۆك کۆماری ئێراقی لە پاش جەنگدا زۆرترین فرۆشیان هەیە.

مەلا مستەفا بارزانی باوکی مەسعود بارزانی قارەمانێکی کوردە.

پاڵەوانی سەربەخۆیی

فرۆشیارێکی سەر شەقامەکان گوتی: ئەو هەموو شتێکی کرد، ئەو بزووتنەوەی کوردی دامەزراند و ئێمە بەبێ ئەو نەماندەتوانی هیچ بکەین.

مستەفا بارزانی رابەرایەتی خەباتی کوردی لەساڵەکانی ١٩٤٠دا لە ئێران کرد بۆ سەربەخۆبوون، پاشان لە ساڵەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ لەگەل حکومەتی ئێراقی جەنگا. ئەو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان PDK یە.

٨٠٪ کوردی ئێراق دەنگیان بە سەربەخۆیی داوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوە وریایە کە ئەو رێگەیەی کە لەپێشیەتی درێژە، بۆیە بەرەو بەغدا دەروات.

سالح گوتی: پلەیەك لە واقع خوازی کوردی هەنە لە ئێراق کە دەڵێن ئێمە لەو سیستەمی سیاسیە پەیدا بووینە بۆیە دەتوانین پارێزگاری لە دەستکەوتەکانمان بکەین. هەروەها لە دەسەڵات و داراییمان لە بەغدا هەیە، چونکە ئەمە ئەو شتە گرنگیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کورد.

کودی ئێراق لە بەرەی پێشەوەن خەباتن لەپێناو نەتەوەی کورددا. مۆسیقا و هەڵپەرکێ لە کوردستان پارێزراوە، شوناس و نەریتی کورد زیندووە.

بەڵام خەونەکانی ئەوان بۆ سەربەخۆیی، زۆر زیندووە و هەنووکە لەسەر رەفەیان داناوە.

# ئابووری هەرێمی کوردستان و سەرنج ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی

مونا رەجەبی
سەرچاوە: irdiplomacy




کوردستان لەهەموو ناوچەکانی تری ئێراق نەوتی زیاترە. چەندین پلان بۆ دروستکردنی بازار و هوتێل لە داهاتوویەکی نزیك لە ئارادایە، ئەو ناوچەیە بە بەراورد لە ناوچەکانی تر زۆرتر وەبەرهێنەرەکان بۆ لای خۆی رادەکێشێت. بەڵام هۆکاری هێرشی ئەو وەبەرهێنەرە بیانیانە بۆ بەشێك لە وڵاتی ئێراق چییە؟

زۆربەی خەڵك هۆکاری پێشەنگی کوردستان لەرووی وەبەرهێنەرە بیانیەکان بۆ ئاسایش و ئارامی ئەو ناوچەیە بە بەراورد لەگەل بەشەکانی ئێراق دەزانن. لەکاتی چوونە ناو هەرێمی کوردستان داوا لە هەموو کەسەکان دەکرێت کە چەکەکانی خۆیان بدەن بە کاربەدەستانی ئاسایش.

ئەمە لەکاتێکدایە کە ناوچەکانی تری ئێراق پڕ لە کێشمەکێش و ناکۆکییە و لەگەل تێپەربوونی چەند سالێکیش بە کۆتایی هاتنی جەنگی ئەمەریکا و ئێراق بەڵام ئێستاش رۆژانە دەیان کەس لە خەڵکی بێ تاوان لە بەغداو ناوچەکانی تر گیانی خۆیان لەدەست دەدەن.

کوردستان هەرێمێکی ئەمنە و ئەو ئاسایش و ئەمنیەتەش بناغەی گەشەسەندنی ئابوورییەکەیەتی. عوسمان شوانی وەزیری پلاندانی کوردستان دەڵێت: ئابووری کوردستان پەیوەستە بە پیشەسازی نەوت، کشتوکال و گەشت و گوزار.

ئاسایشی زیاتری کوردستان بە بەراورد لەگەل بەشەکانی تری ئێراق بووە هۆی ئەوەی کوردستان ئابوورییەکی گەشەسەندووی هەبێت. پێش رووخانی سەدام ئەو ناوچەیە ١٣٪ نەوتی ئێراقی بۆ دابین کردنی خۆراك بۆ تەرخان کرابوو، بەڵام پاش جەنگ و رووخانی سەدام داهاتی ئەو ناوچەیە زیاتر بوو.

لەساڵی ٢٠٠٣ تاکو ئێستا ٨,٣٥ میلیار دۆلار لە داهاتی نەوتی ئێراق بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدان و ژێرخان خەرج کراوە کە ئەمەش بە بەراورد لەگەل گەورەیی ناوچەکە نرخێکی بەرچاوە. لەساڵی ٢٠٠٦دا یەکەمین چاڵی نەوت لە پاش رووخانی سەدام لە کوردستان لەلایەن کۆمپانیای DNO ی نورویژی لێدرا.

پاش ئەوە کوردستان بۆ دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت رێککەوتنامەی لەگەل دوو کۆمپانیان کەنەدی و ئینگلیزی ئیمزا کرد و لەساڵی ٢٠٠٧یش ژمارەیەك لە کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا هاتنە ئەو ناوچەیە.

داهاتی خەڵکی کوردستان ٢٥٪ زیاتر لە داهاتی بەشەکانی تری ئێراقە. ئەو ناوچەیەی ئێراق خاوەنی چەندین سەرچاوەی دەوڵەمەندی نەوتییە و بە وتەی پسپۆران چەندین بەش لە سەرچاوەکانی ئەو هەرێمە بەهۆی کێشەی دارایی و لاوازی سیستەمی بانك و بیمە ئێستا نەدۆزراوەتەوە و دەرنەهێنراوە. لەراستیدا هەژاری کوردستان بەهۆی لاوازی ژێرخانە




ئابوور و دارشتنی پرۆگرامە نەك لەرووی ئەندازەی دەوڵەمەندی سروشتی.

شوانی کە چەندین ساڵە لە بەشە جیاوازەکانی حکومەت کاردەکات سەبارەت بە ژێر بیناکانی ئابووری ئەو هەرێمە گوتی: ئێستاکە کوردستان سیستەمی بانکی نییە. سیستەمی بیمە و خزمەتگوزاری پۆستەش چالاك نییە.

لەساڵەکانی رابردوودا بودجەی کوردستان ئەوەندە نەبوو کە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ خەڵك دابین بکات و ئەمرۆکەش زۆربەی خەڵکی ئەم هەرێمە خەریکی کاری حکومین و ئەم مەسەلەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە دوو لەسەر سێی بودجەی ئەو وڵاتە بدرێت بە ئەوان.

لەو هەرێمەدا هیچ ئامارگیرییەکی ورد ئەنجام نەدراوە و ئێمە ئاگاداری ئەندازەی گواستنەوە ئابوورییەکان، داهاتی بەشە جیاوازەکان و لەهەمووشی گرنگتر ڕێژەی وەبەرهێنانی ناوخۆی کوردستان نینە.

ئەو دواتر گوتی کە لەسەردەمی حکومەتی سەدام دا زیانی زۆر بە کوردستان گەیشتووە کە قەرەبووکردنەوەی ئەوان پێویستی بە دەیان ساڵە. لەو ساڵانەدا سەدام بەشێکی زۆر لە گوندەکانی کوردستانی وێران کرد و کشتوکاڵی بە تەواوی لەناوبرد.

ئەو وێرانیە لە بارودۆخێکدا روویدا کە ٦٠٪ لە خەڵکی کوردستان وەرزێر بوون بەڵام ئەمرۆکە تەنیا ١٠٪ی خەڵك خەریکی کشتوکاڵن.

یەکێك لە دانیشتووانەکانی کوردستان لەو باوەڕەدابوو کە تەنیا خاڵی هیوای کوردستان نەوتە. ئەو هەرێمە نەوتێکی زۆر زۆری هەیە و ئەو مەسەلەیەش بووە هۆی ئەوەیکە لە ساڵەکانی دواییدا ئەندازەیەکی زۆر لە سەرمایەکانی بازاری ئێراق بێتە خاکی کوردستان.

ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا نەوتییە مامناوەندی و بچووکەکان بۆ کەلك وەرگرتن لە توانایيە نەوتییەکانی ئەو هەرێمە هاتنە کوردستان و پاشان کۆمپانیاکانی ئاوەدانکردنەوەی ئەمەریکایی و ئەوروپایی دەستیان کرد بە بنیاتنانی هۆتێل گەورە و سوپەرمارکێت و باڵەخانەی بازرگانی گەورە.

بەپێی ئامارەکان ساڵی ٢٠٠٦ نزیکەی ٥١ پرۆژە بە بەهای ٥میلیار دۆلار لەو وڵاتە خەرج کراوە بەڵام بەشێکیان تاکو ئێستا تەواو نەبوونە. شایانی وتنە کە ئەمرۆکە تەنیا ٢٠٪ نرخی گوتراو لەو پرۆژانە خەرج دەکرێ و بەشەکەی تری بۆ تەواو کردنیان دەبێت.

دوو شاری سەرەکی کوردستان واتە هەولێر و سلێمانی کە دانیشتووانەکەیان نزیکەی ٤ میلیۆن کەسە لەساڵی ٢٠٠٣وە شایەتی گۆرانێکی زۆر لە ژێرخانی خۆیان بوونە.

یەکێك لە بەرپرسانی ئەو هەرێمە لەمەڕ هۆکاری گۆرانە ئابوورییەکان گوتی لەسەردەمی حکومەتی سەدام کوردستان شایەتی گەلێك جەنگ بووە و لەپاڵ ئەو جەنگانەدا هێرش سەدام بۆ سەر کوردستان ببووە هۆی ئەوەی ژێربینای شاری و پیشەسازی ئێمە لەناوبچێت.

بەڵام پاش رووخانی ئەو کوردستان توانی بە سەرنج راکێشانی سەرمایەکانی دەرەوە نەتەنیا قوتابخانە و ناوەندی پەروەردە کردن دروست بکات بەڵکو ریگاوبان، سوپەرمارکێت، خانوو و فرۆکەخانەش دروست بکات.

# پاش کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئێراق دەبێ چ شێوازێک پەیرەو بکات؟



پێشەکی

ئەگەر ئەوان لەسەر ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش رازی نەبن، بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و شارەزایانی سیاسەتی دەرەوە هەندێك سیناریۆیان پێشنیارکردووە سەبارەت بەوەیکە ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمانان لە کۆتاییدا ئێراقیان بەجێهێشت، ئەوا ئێراقیان دەبێ چی بکەن و چۆن بن. سەرۆك بۆش شێوازی کۆریای باشووری پێشنیار کردووە، ئەویش مانەوەو بوونی هێزەکانی ئەمریکاییە بۆ رێگەگرتن لە شەری ناوخۆ. هەندێك کەسیش ئەم ناکۆکییە بە ڤیەتنام دەبەستنەوە کە رووخانی سایگۆن نەبووە هۆی ئازادکردنی زۆرینە. هەندێکی تر شێوازی لوبنان پێشنیاردەکەن، کە لەژێر شەرێکی ناوخۆی درێژخایەن دەنالێنێت. پاشان ئەوانەن کە دەڵێن ئێراق دەبی ببێتە دەوڵەتێکی فیدرالی، هاوشیێوەی بۆسنیا لەپاش ساڵی ١٩٩٥. شارەزاکان لەسەر ئەوە رێکنەکەوتوون کە کام لەم ناکۆکییانە لە ئێراق دەتوانین بۆ وڵاتانی دراوسێ بگوازرێنەوە.

**شێوازی کۆریای باشوور**

پاش تێپەربوونی ٥٠ساڵ بەسەر شەری کۆریا، نزیکەی ٣٠هەزار سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆریا ماونەتەوە و لەدوورگەی DMZ ئەو دوورگەیەی کە کۆریای باشوور لە کۆریای باکوور جیادەکاتەوە، نیشتەجێبوونە. (چاوەڕوان دەکرێت ئەو ژمارەیە لەساڵی داهاتوودا کەم بێتەوە بۆ ٢٤٥٠٠کەس). هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو شوێنە نیشتەجی بوونە بۆ پاراستنی ئاشتی لەنێوان دوو کۆرياييەکان و رێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی جەنگ. مەبەست لە هاوشێوەی کۆریا ئەوەیە کە باس لە ناکۆکی یەکانی ئێراق بکرێت وەکو شتێکی درێژخایەن کە پێویستی بە مانەوە لە "سەرووی ئاسۆ"ی سەربازەکان هەیە، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ پشتیوانی کردن لە هێزە سەرەکییەکان و پاراستنی ئاشتی. رۆبەرت گیتس، وەزیری بەرگری لە مانگی نیسان بە ئاژانسەکانی گوت: "بیرۆکەکە زیاتر لە شێوازێکی دوولایەی



بەياننامەيەكی ئاشتی دەچێت، بەهۆی ئەمەوە ئێمە دەتوانين بۆماوەيەكی زۆر بمێنينەوە، بەڵام بەهۆی رازيكردنی دوو حيزبەكە بە مەرجێكی دياريكراو". ئەو هەروەها گوتيشی كە شێوازی كۆريايی لەگەل پاشماوەكانی جەنگی ڤيەتنام بەراورد دكرێت.

ئێستا هەندێك لە دژايەتيكەرانی جەنگ، كە زۆربەيان خوازياری سەرۆكايەتين، بەجۆرێك لەم بەراوردكردنە گەيشتوون كە ئەمە تەنيا بيانوويەكە بۆ هێشتنەوە هێزەكانی ويلايەتە يەكگرتووەكان لە ئێراق. بيل ريچاردسۆن پالێوراوی ديموكرات بۆ سەرۆك كۆماری بانگەشە بۆ "سوپای سفر" و مانەوەی هێزەكان دەكات. لەگەل ئەوەش بانگەشە بۆ كشانەوەی باڵوێزی وڵاتەكەی دەكات ئەگەر هاتوو هەلومەرجی ئاسايش بەرەو خراپبوون بروات.

ئەوانيتر دەڵێن شێوازی كۆری شێوازێكی هەڵەيە و مانەوەی هێزەكان تەنيا دەبێتە هۆی هاندانی توندرەوە ئيسلاميیەكان و تەشەنەسەندنی گومان لەمەر ئەوەيكە بەرژەوەندييەكانی ئەمريكا زياتر پەيوەندی بە نەوتەوە هەيە تاوەكو پەرەپێدانی ديموكراسی. ئيڤان ئيلاند لە دامەزراوی سەربەخۆ دەڵێت :"مانەوەی هەر بارەگايەكی ئەمەريكايی لە ئێراق، جا بۆ گەيشتن بە نەوت بێت يا وەكو خالێك بۆ هێرش كردنە سەر ئێران، دەرئەنجامەكەی هێرش لەلايەن تيرۆريستەكان و ئەلقاعيدە دەبێت بۆ سەر ئەمريكا".

## شێوازی لوبنانی

جەنگی ناوخۆی لوبنان لەساڵی ١٩٧٥ تاكو ئەوەمان بۆ روونەكاتەوە كە جەنگی نێوان گرووپ و پێكهاتەكان بۆ ماوەيەكی دوورودرێژ و بەشێوەيەكی توندوتيژ، وڵاتانی هەرێمەكە دەكێشێتە ناو جەنگێكی بەرفراوانەوە. بەڵام هەندێك لە شارەزاكان دەڵێن كە ئێراق جياوازو و توندیژی تايفەگەری تاڕادەيەك لە وڵاتەكەدا دەمێنێتەوەو بۆ وڵاتانانی دراوسێ ناگوازرێتەوە. شێوازی لوبنانی لەلايەن هەندێك لە بەرپرسانی كۆشكی سپی لەساڵی ٢٠٠٤دا گرنگی پێدرا و بەرفراوانكرا، ئەمەش وەكو ستراتيژييەك بۆ مامەلەكردن لەگەل ئێراق. لوبنان پێش جەنگی هاوينی رابردوو نموونەيەك بوو لە دەوڵەتێكی شكست خواردوو كە گۆرابوو بۆ دەوڵەتێكی تاڕادەيەك سەقامگير و ديموكرات لە جيهانی عەرەبدا. مايكل تۆتين رۆژمانووسێك كە پێگەكەی لە بەيروتە لە وتارێكدا لە وال ستريت جۆرنال دەڵێت :"ئەمە لەناو جۆرە رێگەيەكی عەيبدار بەڵام پێچ خواردوو كاردەكات. ئەوەی ئەم شوێنە دەكاتە بە جێگەيەكی تاق ئەوەيە كە سيستەمی سياسی لوبنانيەكان تاڕادەيەك ناتوانن ديكتاتۆر بخولقێنن". هەرچەندە دوای ١٨ مانگ لوبنان دەرگيری شەڕی تايفەگەر بوو، هەندێك لە شارەزاكان دەڵێن بەياننامەی دابەشكردنی دەسەڵات لەنێوان شوێنە تايفيەكان لەگەل ئەجيندای ركابەرابەتی و بانگەشە بۆ نيشتەجی كردن پێويستی بە شێوازێك هەيە، هەرچەندە بۆ ئێراق عەيبە كە بەدوای كەوێت. بەڵام شيكەرەوەكانی تر لەوە دەترسن كە ئێراق بەرەو دۆخێكی خراپتر لە لوبنان بروات. كريستۆفەر فێتويس، نووسەری ئەمريكا دەڵێت :" جەنگی ناوخۆ لەكۆتايدا خۆی ئاگر دا و وڵاتێكی يەكگرتوو بەڵام لاوازی بەجێهێشت". هەروەها گوتی:" ئێراق بەم زووانە دەبێتە



هاوشێوەی سۆمالیا لەساڵی ١٩٩٠دان بەتەواوی دەرووخێت، کۆنترۆل ناکرێت، بێ یاسا دەبێت و دەبێتە دەوڵەتێکی شکست خواردوو و ناسەقامگیر لە سەرتاسەری جیهاندا. پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی دیموکراتیخواز ئاماژە بە روانگەی جینۆساید دەکەن لە پاش جەنگی ئێراقدا.

## شێوازی ڤیەتنامی

جەنگی ڤیەتنام کە چوار ساڵی خایاند و پاشەکشەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لێکەوتەوە، هەروەها بووە هۆی رووخانی سایگۆن و پشت بەستنی ڤیەتنامی باشوور بە ڤیەتنامیەکانی باکوور. لەڤیەتنام، سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان وردە وردە ئەرکەکانی جەنگیان تەسلیمی هێزە ناوچەیەکان کردووە لە هەلمەتێك دا بەناوی "بە ڤیەتنامی کردن". هەندێك لێکۆڵەرەوە دەڵێن بەکارهێنانی ستراتیژییەکی بەم شێوەیە لە ئێراق لەوانەیە زۆر ئاڵۆز بێت چونکە ناکۆکییەکە جەنگێکی ناوخۆی هەمەلایەنەیە، نەك خەباتێکی ئایدیۆلۆژی لەپێناو ئازادی نەتەوەدا. ستێفان بیدل نووسەری cfr دەڵێت "سیاسەتێکی بەمشێوەیە، لەوانەیە لە ڤیەتنام مانای خۆی هەبێت و کاری پێبکردرێت، بەڵام لە ئێراق مەترسی خراپترکردنی کێشمەکێشە هەمەلایەنەکانی لێدەکرێت کە دەبێتە هۆی سووربوون لەسەر ناکۆکییەکان و خراپکردنی گفتوگۆکانی دابەشکردنی دەسەڵات کە پێویستە کۆتاییان پێبێت." هەندێك کەس دەڵێن وانەی "شێوازی ڤیەتنامی" کە لە ئێراق جێبەجێ بکرێت، بۆ پاراستنی بوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان و یارمەتی ئابووری و رێگرتن لە چارەسەری سیاسی یە. مێلڤین لایرد وەزیری بەرگری پێشوو دەڵێت:" شەرمی ڤیەتنام ئەوەنەبوو کە ئێمە بۆ یەکەم جار لەوێ بووین، بەڵکو ئەوەبوو کە ئێمە لە کۆتاییدا خیانەتمان بە هاوپەیمانەکانی خۆمان کرد." هەروەها هێنری کیسنجێر، وەزیری دەرەوەی پێشوو گوتی:" مەرجی پێویستی بۆ چارەسەرییەکی سیاسی ئەوها مانەوەی دەسەڵاتە لە مەیدانەکەدا."

فیتویس دەڵێت ڤیەتنام گونجاوە بۆ بەراورد لەگەل ئێراق چونکە هەردووکیان نوێنەرایەتی هەڵەیەکی ستراتیژی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانن.

## شێوازی بۆسنیایی

هاوتەریب بوونی "بنیاتنانی نەتەوە" لەنێوان ئێراق و بۆسنیا جۆراوجۆر و جیاوازە. گروپی لێکۆڵینەوەی ئێراق لەگەل سەرچاوەکانی تر، پشتگیری لە پرۆسەی ئاشتی دەکەن بۆ ئەوەی وا لە دراوسێ یەکانی ئێراق بکەن کە یارمەتی کۆنترۆڵکردنی سنوور و پرۆسەی ئاشتی بدەن. جگەلەوەش، کوردی ئێراق، سوننە و شیعەکان چەندین هەوڵی کاتیان ئەنجام داوە بۆ گەیشتن بە بەیاننامەی دابەشکردنی دەسەڵات کە ئەمەش زۆر زیاترە لەو کارەی کە گرووپ و پێکهاتەکان لە بۆسنیا و هێرزوگۆڤین لەناوەراستی ساڵەکانی ١٩٩٠ دا کردیان. هەروەها لەوانەیە بۆسنیا ئەجیندای بنیاتنانەوەی ئابووری ئێراق بدات بە شارەزایانی پێشکەوتن، بەتایبەتی لەمەر یارمەتییە بیانیەکان. بەڵام بەکارهێنانی سەرەکی "شێوازی بۆسنیایی" لەو پشتگیریانە دێت کە زیاتر لە فیدرالی دەکرێت تاکو حکومەتی ناوەندی.

سیناتۆ جۆزیف بایدن سەرۆکی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و لیزلی گێلب لە وتارێکدا لە نیویۆرك تایمز دەڵێن:"بیرۆکەکە، وەکو بۆسنیا، بۆ پارێزگاریکردن لە ئێراقێکی یەکگرتوویە ئەویش بە نەهێشتنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی، هەروەها بەخشینی هەرێم بەهەریەکە لە پێکهاتە و ئایین ـ کورد، سوننە وشیعە. بۆ بەرێوەبردنی کاروباری خۆیان". مایکل هانلۆن سەربە دامەزراوی بروکلین ئاماژەی بەوەکردکە "ئێراق هەنووکە بووەتە لەهەندێك رووەوە بووەتە بۆسنیا". نەهێشتنی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێراق پێویستی بە گۆرینەوەی زەوی، جیاکردنەوەی گرووپە قەومییەکان و بەیاننامەیەك سیاسی بۆ بلاوکردنەوەی دەسەڵات بەسەر هەرێمەکانداهەیە، بەشێوەیەك کە دەوڵەتەکەش بە یەکگرتوویی بپارێزرێت.

لێرەدا نارەزایەتیەکی تریش هەیە، زیاتر لە دەیەیەك پاش تۆمارکردنی پەیماننامەی ئاشتی دەیتۆن، هەندێك کەس دەڵێن کە سربەکانی بۆسنیا، کرواتەکان و موسلمانەکان ئێستاش روانگەیەکی یەکگرتوویان نییە بۆ وڵاتەکە بەگشتی. دۆن هایس ئەندامی دامەزراوی ئاشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بروس هیتچەر و ئیدوارد جۆزیف لە international herald tribune دا باس لەوە دەکەن کە :" بەهەموو ئەو گۆشە و کینایەیانەی کە ئەمریکاییەکان لە ئێراق هەیانە، لەوانەیە کەس سەرکەوتنی بۆسنیا وەك شێوازێك بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی تایفی لە بەغدا بەکارنەهێنێت."

هەروەها ئاماژەشیان بەوە کرد :"میراتی دەیتۆن بۆ هاوسەنگ کردنی دەسەڵات لە ناهند، گۆشە و ئاستەکانی ناوچە بەداخەوە بەشێوەیەکی نائاسایی کاردەکات". ئەوان دەڵێن سربەکانی بۆسنیا لەلایەن کۆسۆڤۆوە هاندراون بۆ وەگرتنی سەربەخۆیی. جگەلەوەش بۆسنیا سنوورەکانی کردووە بە پێگەیەکی نایاسایی بۆ بازرگانانی چەك و دەرمان، تیرۆریستەکان و جۆرەکانی تری تاوان.

# قەیرانی دەسەڵات

## وتوێژی جۆرج ولیامز لەگەڵ نوام چۆامسکی.


چۆمسکی

**ویلیامز: ویلایەتە یەکگرتووەکان ئابلۆقەی ئابووری بەسەر فەرمانڕەوای سەربازی بیرمە دا سەپاند و رژێمی بێرمەی بە درِندە لەقەڵەم دا. ئایا تۆ لەو بڕوایەدای کە ئەمە نموونەیەکە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێکهاتەیەکی پۆزەتیڤی لە هەرێمەکەدا گرتۆتەبەر؟**

چۆمسکی: ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێت بەرەبەرە کاریگەرییەکی نەرم و بێ مەترسی لەسەر زۆربەی شتەکان هەبێت. چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرمانڕەوای سەربازی بیرمە، یەکێك لە پرسەکانە کە ئێستا بەرزبووەتەوە. بێرمە حکومەتێکی گەنیو و تۆقێنەری هەیە و بەدڵنیاییەوە دەبێ هەندێك کەس هەوڵبدەن بۆ یارمەتیدانی خەڵکی بێرمە بۆ ئازادبوون لەدەستی ئەم حکومەتە، بەڵام مەسەلەی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەمە زۆر سادەو ساکار نییە. گەمارۆی ئابووری زۆربەی جار ئاکامێکی چاوەڕێنەکراوی دەبێت . تۆ دەبێ بەراستی بیر لە مەبەستە دروستەکانی ئەنجامدانی ئەمە بکەیتەوە. هەندێك جار جەنگ زۆرتر کاریگەری دەبێت. بۆیە پێویستە بەراستی بیر لەمە بکەینەوە، نەك تەنیا چەندین هاوکێشەمان سەبارەت بەمە هەبێت.

**ویلیامز: با بچینە سەر چین، تۆ پێشتر ئاماژەت بەوە کردووە کە چین بووەتە رکابەری سەرەکی بۆ دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئاسیادا و تەنانەت ئەوەش کە ویلایەتە یەکگرتووەکان "لە چین دەترسێت". چین چۆن مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت؟**

چۆمسکی: چین وا خۆی پێشان نادات کە مەترسی سەربازی هەبێت. لەراستیدا، چین لە رووی بنیادنان و خۆئامادەکردنی هێزی سەربازییەوە زۆر سنووردارە. چین مەترسی جیدی بۆ سەر دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکان ناتوانێت چین بتۆقێنێت.

ئێران و ئێراق بۆ نموونە وەردەگرین. ویلایەتە یەکگرتووەکان خوازیاری ئەوەیە جیهان بایەخ بە سیاسەتەکەی بدات و پەیوەندی لەگەڵ ئێران بپچرێنێت. ئەوروپا سەرەتا مشتی رادەوەشێنێت بەڵام لەدوایی دا زۆر بەجوانی دەکشێتەوە.کەواتە هەرکاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکان وڵاتەکانی جیهان ئاگادار دەکاتەوە کەلە ئێران سەرمایەگوزاری نەکەن، سەرمایەگوزارەکانی ئەوروپا ـ بانکەکان و

ئەوانی تر ـ خوازیاری ئەوەن کە بکشێنەوە. چین لەلایەکی ترەوە گوێ بەهیچ نادات. تەنیا دەرواتە پێشەوەو و چی بیهەوێ دەیکات.. بیرۆکەی بوونی دەوڵەتێکی بەهێز و بەتوانا کە بە ئاسانی نەتۆقێنرێت، بۆ خەڵکانێك کە بیانهەوێت جیهان بەرێوەبەرن جێگەی مەترسی یە.

ویلایەتە یەکگرتووەکان تاڕادەیەك لە مافیا دەچێت. سەرپەرشتیار و بەرپرس تەحەمولی گوێنەگرەکان ناکات، ئەمە لە دوکانێکی بچووکیش دا هەر بەم شێوەیە، بۆیە ئەمە جێگەی مەترسی یە.

هەرچەندە ناکۆکی لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و چین هەیە. بەپێی روانگەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، چین جێگەی مەترسی یە چونکە ئەو پەیرەوی لە کۆرسی تایبەتی خۆی دەکات. لەلایەکی تر، بەرژەوەندی بەهێزی پیشەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان کاریگەریەکی زۆری دەبێت بەهۆی دیاریکردنی سیاسەتی دەوڵەت. ئەو پیشانە بڕبڕەیەکی راستەقینەیان لە چین هەیە ـ هەروەها سەکۆیەکی سەرنج راکێشن بۆ هەناردە هەرزانەکان و بازارە بەتواناکان. ئەوان دەیانهەوێ پەیوەندییان لەگەل چین بەهێز بکەن، بۆیە ملمڵانی یەکی ناوخۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دروست دەبێت. ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە چین دارایی یەکی پارێزراوی زۆری هەیە کە لە یابان زیاترە ـ ئەمەش ئابووری ویلایەتە یەکگرتووەکان بە بەردەوامی چالاك دەهێڵێتەوە. بۆیە ئەمە کارامەیی یەکی جوان و پەیوەندی یەکی ئالۆزە.

**ویلیامز: ئایا ئاسیا دەبێ سەبارەت بە زیادبوونی دەسەڵاتی چین و کاریگەری یەکەی نیگەران بێت؟**

چۆمسکی: هەرکاتێك دەسەڵاتێکی گەورە پەرەدەسەنێت، هەمووکەس، بە خەڵکی چینیشەوە پێویستە نیگەران بن. چەقبەستنی دەسەڵات مەترسیدارە. لەمێژوودا گەلێك شتی بەم شێوەیەمان هەیە.

پێویستە چەندە نیگەران بن؟باشە، ئەمە پەیوەندی بەوە هەیە کە چۆن شتەکان پەرەدەستێنن و پێشدەکەون، نزیکبوونەوەی پەیوەندی نێوان هیندستان و چین کە ئێستاکە لە پەرەسەندن دایە، دەتوانێت لە بەرژەوەندی ئاسیا دا بێت. ئەوە باشترە لەوەیکە بەزۆری

**کۆنترۆڵکردنی وزە یەکێک لە مەسەلە سەرەکی یەکانە. چین، روسیا و هیندستان بە باشی لەوە تێگەیشتوون کە ئەگەر بێتو شتێکی وەک ئەوەیکە هەندێک خەڵک دەیڵێن "سەدەی ئاسیا" هەبێت..**

دزە بکەنە ناو وڵاتە دراوسێیەکانیانەوە.

**ویلیامز: تۆ لە نووسین و وتەکاندا باست لەوە کردووە کە زنجیرە وزەی ئاسایشی ئاسیا مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، هەرچەندە لە میدیاکاندا گرنگیەکی زۆری پێنادرێت. دەتوانی بۆمان باس بکەی کە زنجیرە وزە چییە و چۆن گرنگە؟**

چۆمسکی: لەراستیدا دوو رێکخراوەی هاوشان هەنە. یەکیان زنجیرە وزەی ئاسایشی ئاسیایی، ئەویتریان ئەنجومەنی هاوکاری شانگهای (SCC). هەردووکیان دامەزراوەیەکی بەهێزن لە چین.

ویلایەتە یەکگرتووەکان . ویلایەتە یەکگرتووەکان داوای پلەی چاوەدێری دەکرد لە (SCC)، بەڵام رەد کرایەوە، کە ئەمەش شکستێکی گەورە بوو. وڵاتانی ئاسیای ناوەندی لەو ئەنجوومەنە ئەندامن، ئێران پلەی چاوەدێری هەیە، هیندستان و پاکستان لەوانەیە ببنە ئەندام و رووسیاش تێدا ئەندامە.

ئەنجوومەنی هاوکاری شانگهای فۆرمی هاوکاری لە ناتۆ وەرگرت، ئەمە بەشێکی گەورە لە ملمڵانییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستە. بۆ ئەمەش تۆ راستت گوت ئەم شتە لێرە زۆر باسی لێ نەکراوە. دیك چینی جێگیری سەرۆك ویلایەتە یەکگرتووەکان ماوەیەك لەمەوبەر، لە لیتوانیا قسەیەکی کرد و گوتی کە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزەو لولەکانی نەوت ناتوانرێ وەك ئامێرێك بۆ تۆقاندن و بەرتیل دان کەلکی لێوەربگیردرێت . ئەو ئێستا ئاماژە بە کۆنترۆلی ئەو سەرچاوانە دەکات کە لەژێر دەستی خەڵکانی تردانە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە خەڵکانی تریش دروست بەهەمان شێوە سەیری ئەو سەرچاوانەی وزە دەکەن کە لەژێر دەستی ویلایەتە یەکگرتووەکان دایە.

کۆنترۆڵکردنی وزە یەکێك لە مەسەلە سەرەکی یەکانە. چین، روسیا و هیندستان بە باشی لەوە تێگەیشتوون کە ئەگەر بێتو شتێکی وەك ئەوەیکە هەندێك خەڵك دەیڵێن "سەدەی ئاسیا" هەبێت، ئەوا ئەوان پێویستە و دەبێ کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزەی خۆیان بکەن. کێشەی کوریای باکووریش بەشێکە لەمانە... کوریای باشوور سەرچاوەی ئابووری نییە بۆ ئەوەی لەمەڕی بدوێ، بەڵام شوێنێکی سروشتییە بۆ ئەوەی لوولە نەوتییەکان پێداتیبەپەربێت کە لە سەرچاوەکانی سیبریاوە دین و دەچنە کوریای باشوور و پاشان یابان. هەروەها لەوانەیە هێڵی ئاسنی سەرتاسەری سیبریا لەوێیەوە تێپەربێت، بۆیە لێرە هەندێك زەوی گرنگی ستراتیژی هەیە کە وەك بەشێکن لە داینامیکی گروپی ئابووری رۆژهەڵاتی



چۆمسکی

باکووری ئاسیا.

**ویلیامز: ئایا لەو بڕوایەدای کە زنجیرە وزەی ئاسایشی ئاسیا فاکتەری سەرەکی بێت لە ململانێی لەگەڵ ئێران؟**

چۆمسکی: لەگەڵ ئێران دوو مەسەلەی سەرەکی لە ئارادایە. یەکیان ئەوەیە، ئێران وەکو ئێراق کاکلی سیستەمی دروستکردنی وزەیە. هەرچەندە فاکتەرێکی تریش هەن، ئەویش هەروەك ئاماژەم پێکرد فاکتەری مافیایە. ئێران لەساڵی ١٩٧٩ توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و بەرەنگاری ویلایەتە یەکگرتووەکان ببێتەوە، کاتێك ئەو زۆردار و زاڵمەی کە بەهۆی ئەمریکاوە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو لەسەر حوکم لابەرێت.

ئەگەر سەیری سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٧٩ بەولاوە بکەین. یەکەم جار کە کارتەر لەسەر دەسەڵات بوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵی کودەتایەکی سەربازی دا لە ئێران، بەڵام هیچ کاریگەری نەبوو. پاشان لەسەردەمی دەسەڵاتی ریگان دا، ئەوان پشتیوانیان لە سەدام و دوژمنایەتی یەکی لەگەڵ ئێران کرد، کە ئەمەش شتێکی کەم نییە.

لەجەنگی نێوان ئێران و ئێراق، هەزاران ئێرانی بەهۆی چەکی کیمیاوی یەوە کوژران، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەریتانیا، دەسەڵاتدارەکانی تری رۆژئاوا و رووسیا پشتیوانی تەواویان لە سەدام حوسێن بەو هەموو درندەیی یەوە دەکرد... پاش ئەمە گەمارۆ و ئابلۆقەی سەخت و دەسەڵاتی هێزی سەربازی و هەرەشەی تری بەدوادا هات. ئێستاکە ژمارەیەکی زۆر کەشتی جەنگی لە کەنداو هەن بۆ ئەوەی رووبەڕووی بەشێکی زۆری هێرشی چاوەڕوانەکراوی ئێران ببنەوە.

سەیرکەن چەند هەفتەی پێشوو چی روویدا. لەو هەلومەرجە تەسکەدا کەشتیەکانی ئێران، دوو بەلەمی بچووکی بەریتانیاییان گرت. ئەمە شتێکە دەتوانێت جەنگێکی سەرەکی هەڵبگیرسێنێت.

هەروەها باسیش لە مەسەلەی چەکی ناوەکی دەکرێت، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکە کە چارەسەر دەکرێت. لەراستیدا، ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران پابەندی دیموکراسی بن، ئەو کات مەسەلەکە چارەسەر دەکرێت. رای گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران لەمەر مەسەلەی چەکی ناوەکی زۆر لێك نزیکن. زۆرینە سەرەکی یەکان لە هەردووك وڵات لەو باوەڕەدان کە ئێران دەبێ مافی ئەوەی هەبێت بۆ ئەوەی وزەی ناوەکی بەرهەم بهێنێت، هەروەها هەمان زۆرینە لەو باوەڕەدان کە ئێران نابێ مافی ئەوەی هەبێت کە چەکی ناوەکی بەرهەم بهێنێت. ئەوە ئێستاکە چارەسەرێکی گونجاوە، ئەگەر هەردووك وڵات دیموکرات بان.

**ویلیامز: بابچینە سەر ئیسرائیل، تۆ زۆر رەخنە لە سیاسەتی ئیسرائیل دەگری. هەرچەندە، زۆربەی چاودێرانی وەکو نووسەر ئالان دێرشۆڤیتز دەڵێن کە ئیسرائیل بەشێوەیەکی نەشیاو رەخنەی لێگیراوە. ئەو ئاماژەی بەوە فاکتە کرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەهەموو وڵاتەکانی تر زیاتر ئیسرائیلی مەحکوم کردووە و لەسەر ئەوە وتویژ دەکات کە ئیسرائیل دوورە لەوەیکە ببێ بە خراپترین مامەڵەکەر لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ لە**

**جیهان دا. چۆن وەڵامی ئەمە دەدەیەوە؟**
چۆمسکی : ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئالان دێرشۆڤیتز یەکێکە لە پشتیوانە دەمارگرەکانی توندوتیژیو درندەیی لە ئیسرائیل، کەوابوو ئەو چاوەدێرێکی بێلایەن نییە. ئەوەش هاوشێوەی ئەو پرسیارەیە کەلە ساڵەکانی ١٩٥٠دا لە ئەندامێکی حیزبی کۆمۆنیستیان پرسی "سەیرکە رووسیا چۆن مەحکووم کراوە، ئەو خراپترین وڵات نییە لە جیهان دا".

بەدوور لەمانە، لێرەدا هۆیەك هەیە کە بۆچی ئیسرائیل مەحکووم دەکرێ. زۆربەی وڵاتەکانی تر لە ناوخۆدا زۆر لە ئیسرائیل خراپترن، بەڵام فەلەستین بەتوندی داگیرکراوە و رێککەوتنامەیەکی بە توانا لەنێوان دا هەیە کە لەسەر بناغەی سنووری نێونەتەوەییە. ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمە رەتدەکەنەوە.

هەرچەندە، لەلایەکەوە من لەگەل بیروڕای دێرشوڤیتزم. ئەوە شتێکی هەڵەیە کە ئیسرائیل مەحکووم بکەین - پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان مەحکووم بکرێت. ئیسرائیل وڵاتێکی بچووکە و پشتی بە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەستووە، بۆیە ئیسرائیل ناتوانێ بەبێ ئەمریکا هیچ بکات. بۆ نموونە، لەساڵی ١٩٧١ میسر پەیماننامەی ئاشتی پێشکەش بە ئیسرائیل کرد. ئیسرائیل دەبوایە بەرفراوانکردنی وڵاتەکەی یا ئاسایشی هەڵبژاردبا. ئەو بەرفراوانکردنی هەڵبژارد و هێنری کێنسنجەر پشتی گرتن. پاشان ئیسرائیل هەردووك هەڵبژاردنەکەی لەدەست دا. ئەگەر ئەو بەیاننامەی ئاشتی ویستبا، دەیتوانی بەدەستی بهێنێت. پێشنیاری یەکێتی عەرەب لەساڵی ٢٠٠٢، یەکێکە لە هەموو ئەو بەیاننامانەی ساڵی ١٩٧٦ کە پەیوەندییەکی ئاسایی بە ئیسرائیل دەبەخشێ. بەڵام مەبەست لەو بەیاننامەیە رێگرتن لە بەرفراوانکردنی خاکی ئیسرائیلە کە ئەو نایهەوێ شتی وەها بکات.

وڵاتێکی تر کە کەوتووەتە ناو هەلومەرجێکی ئەوها، مەراکیش (مغریب)ە. مەراکیش بیابانی رۆژهەڵاتی داگیرکردووە، بەڵام ئەو هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانە بۆیە پشت گوێ خراوە.

**ویلیامز: ئیسرائیل سەرچاوەی سروشتی کەمی هەیە و ئابوورییەکی گرنگی نییە. ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهایەکی سیاسی گەورە دەدا بە ئیسرائیل، باشە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو پەیوەندییە تایبەتییەی کە لەگەڵ ئیسرائیل هەیەتی چی دەستدەکەوێت؟**

چۆمسکی: هەموومان وەڵامی ئەم پرسیارە بەباشی دەزانین. پەیوەندی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل لەو قالبەی کە ئێستا هەیەتی لەساڵی ١٩٦٧ دەستی پێکرد. ئیسرائیل ساڵی ١٩٦٧، خزمەتێکی زۆری بە ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد. ئەو سەربەخۆیی ناسیۆنالیزمی عەرەبی سکۆلار کە بە مەترسی سەرەکی لەقەڵەم دەدرا، تێکیشکاند. عەرەبستای سعودی، کۆنترین و بەنرخترین هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانە کە وڵاتێکی پر لە نەوتە و بەدڵنیاییەوە توندرەوترین فەندەمێنتالی ئیسلامی زۆردارە لە جیهان دا.

سەنتەری سەرەکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ناسریە بوو لە میسر. ئیسرائیل ناسیۆنالیزمی سکۆلاری ناسریەی تێکشکاند، کە ئەمەش یارمەتییەکی زۆری بەدەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد. ناسر بە هەرەشەیەکی گەورە دادەنرا، ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوە دەترسا کە ناسر لەوانەیە سەرچاوەکانی هەرێمەکەی زیاتر لەوەیکە بۆ قازانج گەیاندن بە رۆژئاوا بەکاربهێنێت بۆ قازانجی خەڵکەکەی بەکاریبهێنێت و بەم شێوەیە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بەهێز دەبوو.

لەساڵی ١٩٧٠ دا شتێکی زۆر گرنگتر روویدا. فەلەستینییەکان بوون بە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی عیلمانی کە مەترسی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان هەبوو. ئەوان بەرەنگاری ئوردەنی هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا بوونەوە. لەراستیدا سوپای ئوردەنی فەلەستینیەکانی دەکوشت. بەکورتی، ئەگەر سوریا دەستی تێوەرنەدابا و پشتیوانی لە فەلەستینیەکان نەکردبا ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکان نەیدەتوانی دەست لە مەسەلەکە وەربدا چونکە ئەو لەسەردەمدا گرفتاری مەسەلەی هیندوچین بوو.

ئیسرائیل لەسەر داوای ویلایەتە یەکگرتووەکان هێزەکانی خۆی چەکدار کرد و سوریا ناچار بوو بکشێتەوە. لەم کاتەدا، یارمەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئیسرائیل چوار بەرابەر بوو. ئەمەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی کۆتایی ناسیۆنالیزمی عیلمانی بوو لە جیهانی عەرەب دا.

لەم سەردەم بەدواوە ئیسرائیل بوو بە سەرمایەیەکی ستراتیژی سەرەکی ویلایەتە یەکگرتوەکان. ئەوەش چاندنی رۆژئاوایە لە چوارچێوەی هەرێمێکی بەرهەمهێنی وزە. بۆ نموونە، کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا ویستیان خۆیان بەدوور بگرن لە ئابلوقە دژی ئەفریقای باشوور، یەکێك لە رێگاکان کە گرتیانە بەر بەهۆی ئیسرائیلەوە بوو، کە داوای لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد لەگەل دەوڵەتی رەگەزپەرستی ئەفریقیا پەیوەندی ببەستن.

هەروەها ئەمە باکووری رۆژهەڵاتی ئاسیاشی گرتەوە، کاتێك کارتەر دەیهەویست پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەمەر هێرشەکانی ئەندونزیا بۆ سەر تەیموری رۆژهەڵات کە خەڵکیان دەکوشت زیاد بکات. بەڵام لە کۆنگرێس دا هەندێك بەربەست هەبوو، بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکان نەیتوانی راستەوخۆ پشتیوانی لە ئەندۆنزیا بکات، ئەو ئیسرائیلی راسپارد بۆ ئەوەی فرۆکەکانی بۆ ئەندونزیا بنێرێت.

وە کاتێك تۆ دەڵێی بەرژەوەندی ئابووری لە ئیسرائیل نییە، ئەمە تەواو راست نییە. ئیسرائیل جۆرێکە لە هاوسەنگی پیشەسازی تەکنەلۆژی ویلایەتە یەکگرتووەکان............

سەرچاوە: ZNet Asia

# سیاسەتی دەرەوەی ئێران
# قەیرانی باکوری ئێراق و بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێران

باکوری ئێراق لە دەیەی ١٩٩٠ دا سەکۆی تەنگژەکانی ئێران و تورکیە بوو. تورکیە بەبەردەوامی هاتە ناو کاروباری ئێراقەوە و بانگەشەکانی خۆی سەبارەت بەو ناوچەیە هێنایە گۆڕێ، ئەو مەسەلەیە بووە هۆی نیگەرانی ئێران و بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێرانی لەگەڵ هەڕەشەیەکی جیددی بەرەوڕوو کردەوە.

دەست تێوەردانەکانی تورکیە لە باکوری ئێراق بەدوای قەیرانی کەنداوی فارس (کەنداوی عەرەب) کە لە ئەنجامی داگیرکردنی کوێت لە لایەن ئێراقەوە رووی دا، دەستی پێکرد. تورکیە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لە رەوتی شەڕدا زیاتر لە وڵاتەکانی دیکە زیانی دیوە. بە بانگەشەی ئەو وڵاتە هاوکارییە ئابورییەکانی کە تورکیە لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی کەنداوی فارسەوە (کەنداوی عەرەب) لەبەرامبەر پابەندبوونی بەگەمارۆی ئێراق وەری گرتووە، بەپێی پێویست نەبووە. عەرەبستانی سعودی لە کاتی قەیرانەکەدا بەڵێنی دا کە ١/١ میلیارد دۆلار نەوت بەخۆڕایی بداتە تورکیە، کوێت بەهەمان شێوە بەڵێنی دا کە ٩٠٠ میلیۆن دۆلار هاوکاری ئابووری بداتە تورکیە، بەڵام تورکیە وای نیشان دەدا کە نزیك بە ٢٧ میلیارد دۆلار لەساڵدا کەمی کردووە. لەکاتێکدا پێش لەسەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر ئێراق دا، ئەو ئامارە ٣میلیارد دۆلار لەساڵێکدا بووە. بەوتەی دەسەڵاتدارانی تورك، ئانکارا پێش قەیرانی کەنداوی فارس (کەنداوی عەرەب) هەر ساڵێك لەبەرامبەر گواستنەوەی ٧٠ میلیۆن تەن نەوتی ئێراق، ٢٥٠ میلیۆن دۆلار باج و ١٠٠ میلیۆن دۆلار بابەتی گواستنەوەی بەندەری (خدمات بندری)وەرگرتووە. پێش ئەو قەیرانە ٢ هێڵی بۆڕی نەوتی باکوری ئێراق لەرێگای خاکی تورکیەوە بۆ دەرەوە دەنێردرا کە لە قۆناغی قەیرانی کەنداوی فارس(کەنداوی عەرەب) دا بەسترا و تورکیە لەو سەرچاوەی داهاتە بێبەش کرا. بەڵام ئەوانە هۆکاری سەرەکی دەست تێوەردانەکانی تورکیە لە باکوری ئێراقدا نەبووە.

تورکیە یەکێك لە وڵاتانی هاوردەی نەوتە. بەرهەمی نێوخۆیی تەنها دە لە سەدی (١٠٪) پێویستییەکانی وڵاتەکەی دابین دەکات. لە و ساڵانەی دواییدا بەهۆی گەشەی دانیشتوان و بەرفراوان بوونی پیشەسازی، بەکارهێنانی نەوت لەو وڵاتەدا چۆتە سەرێ. ئەو مەسەلەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە تورکیە چاوی تەماح ببڕێتە ناوچە نەوتییەکانی موسڵ و کەرکوك لە باکوری ئێراق دا. هەندێك نێوەند لە تورکیە لەو باوەڕەدان کە ئەگەر موسڵ و کەرکوك لەژێر دەسەڵاتی تورکیە دابێ، کێشەی پێداویستی نەوتی ئەو وڵاتە چارەسەر دەبێ و ئیتر پێویست نییە تەواوی داهاتەکانی کە لە هەناردەکانی خۆی دەستی دەکەوێت، بۆ بودجەی کڕینی نەوت تەرخان بکات.

ئەو مەسەلەیە بووە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیە لە پاش چەندین جار دەست تێوەردان لە کاروباری باکوری ئێراق بە بیانووی سەرکوتی کوردەکان، سەبارەت بەو ناوچەیە ئیدیعای خاکەکەی بکات. (سلیمان دمیرل)، سەرۆك کۆماری تورکیە لە مانگی مەی ١٩٩٥ دا، داواکار بوو کە پێداچوونەوە بە سنوورەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئێراق دا بکات و بەشێك لە خاکی ئێراق جیا بکاتەوە و پەیوەستی بکات بە خاکی تورکیەوە. ئەو لەم رووەوە ئاماژەی بە موسڵ دا و وتی: کە تورکیە لە پەیماننامەی لۆزان "١٩٢٣" دا ئامادە نەبووە بە گەڕانەوەی ئەو ناوچەیە بۆ سەر ئێراق. بانگەشەی (سلیمان دمیرل) لەگەڵ دژایەتی توندی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەوڕوو بوو. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران پڕۆژەی هەر جۆرە بانگەشەیەکی "ئیدیعایەکی" خاکی لەدژی ئێراق بەدەست تێوەردان لە ئاسایشی ناوچە باس کرد و وتی: پێشنیاری ئەو مەسەلەیە لەلایەن هەر وڵاتێکەوەبێ بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران جێی پەسند نیە. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران وتیشی: سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراق پێداگری دەکات و تاران هەر جۆرە هەنگاوێك لە راستای تێکدانی یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتە پرۆتستۆ دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا بەهەوڵی ئێران دانیشتنی ٣ لایەنەی وەزیرانی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، سوریە و تورکیە بەمەبەستی بەدواداچوونی ئەو مەسەلەیە پێك هات. دانیشتنی هاوبەشی سێ وڵات چەندین جار پێك هات و هەر جارێکیش لە بەیاننامەکانی کۆتایی خۆیدا لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراق پێداگریان دەکرد. دژایەتی ئێران و هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بووە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیە پڕۆژەکانی خۆی بۆ پەیوەست بوونی ناوچە نەوتیەکانی موسڵ و کەرکوك بەخاکی خۆیەوە بێدەنگە لێبکات.

**ن: د.اسغر مشبکی**
**و: هەژیان**
**سەرچاوە: سیاست خارجی ایران**

# ١٠٠ مليۆن نەخوێندەوار لە وولاتانی عەرەبیدا هەیە!

هەورامان علی




ڕێکخراوی عرەبی بۆ زانست و ڕۆشنبیری و پەروەردە لە دوا ڕاپۆرتی خۆیدا ڕایگەیاند کە ژمارەی نەخوێدەوارانی وولاتانی عەرەبی گەیشتە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن ئینسان ! بەپێی دواین ئامار ژمارەی دانیشتوانی وولاتانی عەرەبی ٣٣٥ ملیۆنە کەسە، بەم پێیە یانی ٣٠٪ دانیشتوانی ئەم وولاتانە نەخوێندەوارن . سەرەرایی گەورەیی ئەم ژمارەیە، بەلام هێشتا ئەم ئامارە گەورەیی کارەساتەکە نیشان نادات. هەلبەتە ئەوە ڕۆشنە لە دنیایی ئەمرۆدا نەخوێندەواری بەمانا کلاسیکیەکەی ( یانی نەزانینی ئەلف و بێ) نایەت،بەلکو ئەمرۆ ئیتر لە سەدەی بیست و یەکەمدا کۆمەلگایەك بە نەخوێندەوار لە قەلەم دەدرێت کە لەرووی تەکنەلۆژیاوە هەژار بێت، ئەگەر ئەمە پێوانەبێت ئەوا وولاتانی عەرەبی لە ریزی کۆمەلگا هەرە دواکەوتووەکانی جیهانن . بەپێی ڕاپۆرتێکی کەنالی ئاسمانی ئەلجزیرە تەنیا ٩٪ دانیشتوانی ئەو وولاتانە کۆمپیوتەر بەکار دەهێنن، ئەوە بەجیا لەوەی ئەوانەش کە توانایی بەکارهێنانی کۆمپیوتەریان هەیە لە چ بوارێکدا بەکاری دەهێنن!

بەلام ئەم ڕاستیانە هەمووی هێشتا لایەکی مەسەلەکە پێك دەهێنن. کارەساتی گەورەتر ئەوەیە خوێندەوارەکانی ئەم کۆمەلگایانە فێری چ زانست و زانیاریەك کراون و هەلگری کامە تێگەیشتنن بۆ ئینسان و ماف و ئەرکەکانی، زۆرێك لەوانەی ئەمرۆ

لە نێو شەقامی شارەکان یان لە نێو پاس و میترۆی شارەکاندا وەك (... دیژ) خۆیان ئەتەقێننەوە دەرچوی ( زانکۆ)کانی ئەم وولاتانەن!!.

عەبداللە عەزام پێش ئەوەی رێکخراوی قاعدە دامەزرێنێت و بارگەو بنەی بپێچێتەوە بۆ شاری پیشاوری پاکستان مامۆستایی (زانکۆ)ی ملیك عبدوللە بوو لەسعودیە! هەر بۆیە لەدوای رووداوەکانی ١١ی سکتەمبەرەوە بە فەرمی ولاتانی رۆژئاوا بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی داوایان لە وولاتانی عەرەبی کرد ئالوگۆری بنەرەتی لە سیستەمی پەروەردەو خوێندنی وولاتەکانیان پێك بهێنن .

جێی خۆیەتی لێرەدا جەند ووشەیەك لە سەر کێشە بنەرەتیەکانی خوێندن بکەین لە رۆژهەلاتی ناوەراسدا بە تایبەت کە راستەوخۆ ئەم کێشەیە بەرۆکی مندالانی کوردستانش ئەگرێتەوە،لە راستیدا سیستەمی پەروەردەو خوێندن لەو ناوچانەدا رەنگدانەوەی سیستەمی سیاسی حاکمە، کە لای هەمووان ئاشکرایە رژێمە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست بە گشتی لەسەر بناغەی سەرکوت و پەرەدان بە کۆنەپەرستی بنیات نراون،قوتابخانەکان شێوازێکی پەرەسەندووی حوجرە کۆنەکانی سەردەمی دەسەلاتی خەلافەتن! سەرجەم فەلسەفەی پەروەردەو فێربون بریتییە لە هەولدان بۆ دەستەمۆ کردنی ئینسان و بارهێنانی بۆ پەیرەویکردنی ئەو تێگەیشتنە باوانەی کە دەسەلاتی سیاسی و دینی ئەو وولاتانەی لە سەر بنیات نراوە، هەر بۆیە سەرجەم مەنهەجەکانی خوێندن لە وولاتانی عەرەبیدا بریتیە لە پیاهەلدانی یمانای سەرکردەو مەلیك و شێخەکان وقانگ دانی مێشکی مندالان بە خورافاتی قەومی و مەزهەبی و دینی و شیرین کردنی کوشت و کوشتارەکانی رابردوی ئەو کۆمەلگایانەیە، تێکەلاو کردنی ئاین و تێگەیشتنە ئاینیەکان لەگەل پەروردە و وانە زانستیەکان پایە یەکی بنەرەتی خوێندن و سیستەمی پەروەردە لەو وولاتانە پێکدەهێنێت، زالبونی ئەم کەش و هەوایە وایکردووە هیچ گرنگیەك بە وانەکانی وەرزش، وێنە، مۆسیقا...نەدرێت و زۆر بێبایەخانە سەیر بکرێت لە کاتێکدا پوێموانیە کەس گومانی لە گرنگی ئەم وانانە هەبی بۆ گەشەکردنی کەسایەتی مندالان و تازە لاوان. توندوتیژی و سیستەمی سزادانی بەدەنی و شکاندنی کەسایەتی قوتابیان شێوازێکی باوی پەروەردەیە، لاپەرەی رۆژنامەکانی ئەو وولاتانە رۆژانە پرن لە رووداوی جۆراو جۆر، جیاکاری و هەلاواردنی جنسی،جیاکردنەوەی قوتابخانەکان بۆ قتابخانەی کچان و کوران........هتد .

لایەنێکی تری کێشەکە بیرۆکاتیەتی ئیداری نێو دامەزراوەکانی پەروەردەیە، لە راستیدا سەرجەم رژێمی سیاسی حاکم لە ولاتانی عەرەبیدا نوقی گەندەلی و کۆنەپەرستی سیاسی و ئیداری بووە، لەم نێوەدا دامەزراوە پەروەردەییەکان بەشی شێریان لەم بیرۆکراتیەت و گەندەلیە بەرکەوتووە.

لایەنی سێیەمی کێشەی خوێندن و پەروەردە لەم وولاتانەدا نە بوونی پێداویستیەکانی خوێندنە، هەر لە کەمی یان نەبونی بیناو کتێب و قەلەمەوە بگرە تا دەگاتە تاقیگەو سود وەرگرتن لە پێشکەوتنە تەکنیك و تەکنەلۆژیەکان وەك بەهرەمەند بونی قتابیان لە بەکار هێنانی کۆمپیوتەر .... هتد.

لەمانەش گرنگتر هەژاری و نەداری و ناوشیاری کە بەشێوازێکی بەر بلاو لەو وولاتانەدا بلاوە فاکتەرێکی تری بلاوبوونەوەی نەخوێندەواریە،ئەگەرچی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست یەکێکە لە دەولەمەنترین ناوچەکانی دنیایە لە رویی سامانی سروشتی و کەش و هەوایی لەبار بۆ کشتوکال و سامانی ئاژەلی،بەلام بەهۆیی دژەخەلکی و دکتاتۆری و نابەرپرسی و گەندەلی حکومەتەکانیەوە،بە یەکێك لە ناوچە هەژارەکانی جیهان لە قەلەم ئەدرێت. لێرەدا چەند نمونەیەك لە وولاتی مسر باس دەکەم کە خودی حکومەتی ئەو وولاتە دانی پێداناوە.بەپێی ئامارێکی وەزارەتی نیشتەجێکردن تەنیا لە شارەکانی قاهرە والجیزە و القلیوبیە ٨ملیۆن کەس لە سەربانی مالەکان (فوئستوح) یان لە گۆرستانەکان یان زۆر سادە لە قەراغ شارەکان کوخێکیان دروستکردوە تا برسیەتی خۆیانی تێدا بشارنەوە و بێبەشن لە سادەترین خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی لە وانە ئاو ئاوەرۆ کارەباو رێگەی هاتوچۆ و ٦٠٪مندالەکانیان ناچنە قوتابخانە.......بەپێی هەمان ئامار ٧٠٪ دانیشتوانی قاهرە کە بەحساب (دایکی دنیایە) ئاوی خواردنەوەکەیان تەندروست نیەو بەپێی پێوەرەکانی تاقیگە بە ئاوی پیس بوو دەژمێردرێت. بەهەرحال هێشتا ئەمانە شانسیان هەیە کە بە ئاگری شەرو کوشتاری ناوخۆیی وەك دانیشتوانی سودان و عێراق و جەزائرو سۆمال... نەسوتاون.

ئەگەرچی ئاسۆی رزگار بوون لەم هەلومەرجە مەینەتبارە هێشتا لە زۆرێك لەو وولاتانەدا رون نیە، بەتایبەتی کاتێك ئەوە دەبینین کە بەشی زۆری ئۆپۆزسیۆنی رەسمی ئە م ولاتانە ئیسلامیەکان پێکی دەهێنن. ئۆپۆزسیۆنێك کە نەك هەر ناتوانێت وەلامی کێشە بنەرەتیەکانی ئەو کۆمەلگایانە بداتەوە بەتایبەت کێشەی پەروەردەو خوێندن، بەلکو خۆی فاکتۆرێکی بنەرەتی پەرەدان بە نەهامەتی و نائارامی و دواکەوتیی و نەخوێندەوارییە و درەنگ یان زوو دەبی خەلکی لەسەر رێگایی خەباتی خۆی بۆ ئازادی خۆشگوزەرانی و خوێندەواری وەلای بنێن . دەبێت ئەوە لە هەموو لایەك رۆشنبێت کە هەرجۆرە ریفۆرمێك بەبێ جیاکردنەوەی یەکجارەکی ئاین لە پەروەردەو خوێندن ناکام دەمێنێتەوە.

# فەلسەفەی پەروەردە چیە ؟



ئەوەی کە بە فەلسەفەی پەروەردە ناوی دەبەن، دەتوانرێ بە دوو واتا بەکاربێت. یەکەم واتا قوڵ و بەرفراوانەکەی کە پرسیارە بنچینەی لەبارەی مرۆڤ و فراژین و چارەنوسی ئەو دەگرێتەوە، لەو واتایەدا هەر فەلسەفەیەك کە بە مرۆڤەوە هەڵپسراوە. دەتوانی جۆری لە فەلسەفەی پەروەردەی بژمێرین. بەو جۆرە فەلسەفەی پەروەردە — وەکو ئەو کارانەی کە فەیلەسوفە گەورەکان لە هەموو قۆناغەکان دەیان کرد — بەشی بنچینەی فەلسەفەیە. هەر بەو واتایە کە جان دیوئی دەڵێت فەلسەفەی پەروەردە نە لقێك لە فەلسەفە بەڵکو فەلسەفە خۆیەتی لەو واتایەدا پەروەردە لە بەکارهێنانی بەرفراوانی خۆی جێی باسە(مگرحە)، لەبەر ئەوە هەموو قۆناغەکانی ژیان واتا لە لانکە تا قەبر دەگرێتەوە، فەلسەفەش لە قبول ترین واتای خۆی کە تێروانینە بۆ راستی "مرۆڤ" و "بوون". بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەوانە ئەوەی بەناوی "فەلسەفەی پەروەردەو فێرکردن" یا "فەلسەفەی ئەساسی پەروەردەو فێرکردن" ناوی لێ دەنرێت زۆرتر لایەنێکە لە فەلسەفە بە واتای رەسمی و سنوردار باس لە پەروەردەو فێرکردنی رێخراوەییە، کە مەبەست لە ئەو حازرکردنی فێرخوازی سەرەتایی بۆ ژیانە. لێرەدا کە پرسەکانی ئەو لەبارەی بەرنامەو ئامانج و شێواز بنچینەی تێگەیشتنە واتە ئەساسێکن کە دەبێ هەڵیان بژێریی. ئەساس (ئەس) کە بە واتای رەگ و ریشە هەڵ قولّەو رێچکەلە. هەندێك جار بەمانای هەڵقەلاو و رێچکەلەکانی شتەکان ئەوانە کە هەن دێت. هەندێك جار بناغەی هزرەکان، هەندێك جاریش بناغەی کردارەکانە. بۆ نمونە لە وتەی جلال الدين مولوی کە "هەر کەس

لە ئەساسی خۆی دوور بمێنێت" لە واتای یەکەم بەکارهاتووە لە "ئەساسی بیرکاری" لە واتای دووەم، وە لە "ئەساسی پەروەردەو فێرکردن" یا "ئەساسی ئەخلاق" لە واتای سێیەم بەکاردێت. ئەساس لە بەکارهێنانی دووەم و سێ یەم بەجێ هێنانەکی گشتی یە کە بناغەی بەجێ هێنانەکانی دیکەیە. بە شێوەیەکی وردبینانەتر لە ڕێزی دەرئەنجامەکانی پێکەوە بەستراو گشتگیرن کە بەجێ هێنانەك کە بەجێ هێنانەکانی دیکە لەسەر ئەو پتەون، ئەساس ناو دەنرێت. لەو واتایە دایە کە بۆ نمونە لە بنەماکانی هزری یا عەقلی — وەکو بنەماکانی لێك چووە یا پارادۆکس — ئەساسێکن کە هەموو قبولی دەکەن و ڕەت ناکرێنەوە. لە لایەکی تر ئەساسی وەکو بنومای ئوقلیدسی یا بنەما هەندەسی نا ئۆقلیدسی هەرچەندە هەر کامیان بنەمایی دەزگای دیاری کراون بەڵام ناتوانن بە شێوە گشتی وەربگیرێن. لەو رویەوە خاوەن کەم و کورتین واتە قبول نەکردنیان دەبێتە هۆی پارادۆکس. بنەمای دین، ئایین، ئەخلاق. سیاسەتیش بەم شێوە واتە بنەما دیاری کراوەکانی کە لە کونەوە داب و نەریتی ژیانی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتین لە بنەماکانی نەریتی پەروەردەو فێرکردنی هەر کۆمەڵگا بووە. لە رابردوودا هەڵپساردن بە داب و نەریت و سنورداربوونی پەروەردەو فێرکردن تەنیا بۆ گروپێکی کەم بوو بیرکردنەوە لەبارەی پەروەردەو فێرکردن بە پێویست دەزانرا. لە بەر ئەوە بوو کە لەلایەك هەژمارێکی کەم لە فەیلەسوفەکان و بیرمەندان باسیان دەکرد. وە لەلایەکی تر بیری ئەوان کاریگەریەکی روونی لەسەر رەوتی روداو گۆڕانکاریەکان نەبوو. تەنیا لە قۆناغی هاوچەرخەکە — رودانی گۆڕانکاری لە لایەنە جۆراو جۆری ژیانی کۆمەلایەتی مرۆڤ — پیداویستی بە هەڵسەنگاندن لە چۆنیەتی پەروەردەو فێر کردن وە بنەماکانی روون تر بووە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کەش بوونی داب و نەریت، هەموو جارێك زەمینە بۆ هاتنە کایەی پرسیارە نوێ یەکان خۆش دەکات. بەرامبەری کردن لەگەڵ ئەو پرسیارانەیە کە مرۆڤ وا لێ دەکات تا ئەو ڕێگەی چەند جار بە نەزانی تێپەڕی کردووە نەگەڕێتەوە هەڵیان بسەنگێنیت. بەم شێوەیە زیادبوونی رۆڵ و گرنگی پەروەردەو فێرکردن، لەلایەك روانگەی زۆربەی بەڕێوەبەرانی لە ناوەندەکانی سنوردار بۆ ئاسۆی کراوەتر راکێشراوە وا لەوان دەکات هەتا بەشوێن رابردووی خۆیان بکەون لێکۆڵینەوە لە داب و نەریت و کارەکانیان دا بکەن. وە لەلایەکی زۆربەی فەیلەسوفەکانی والێکردووە هەڵستن بە هەڵسەنگاندن و رووناك کردنی چەمکی بنەمای پەروەردەو فێرکردن، رونکردنەوەی مەبەست و بنەما راستی یەکانی واتە ئەساسەکانە. لە بنەماکانی کە زۆرتر پەیوەستن بە بارودۆخی زەمەن و شوێن و کۆمەڵگاکان سەرەڕای ئەو بە لە بنەماکانی گشتی کە لە سەرەنج دان بە سروشتی مرۆڤ و راستی مرۆڤ بەها مرۆڤایەتیەکان دروست دەبن. سەرەنج دەدەن. واتە کاری پەروەردەو فێرکردن لە تێڕوانینێکی بەرفراوان و جیهانی سەیر بکرێت ئەوەی دەبێتە هۆی جیاوازی کاری فەیلەسوف، لە لایەك ئەو روانینە گشتی یە یان پێکەوە تێڕوانینە. لە لایەکی ترەوە پاڵپشتی کردن بە"عەقڵ"، رەخنەگرانەو هەڵسەنگاندنی عەقلانیە. لەبەر ئەوەیە باس لە مرۆڤ و پەروەردەی ئەو دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی بەرهەمە جۆراو جۆرە زانستی و ئەزموونی و مێژوویی هەروەها سەرەنج دەدات بە زەمینە بەرفراوانی ژیانی مرۆڤایەتی لە چۆنیەتی ژیانەوە بگرە هەتا باوەرە میتافیزیایی و ئاینی و عرفانی بەڵام هەوڵ دەدات تاهەمووی ئەوان لە سیستەمێکی هزری رێك بخات و یەکگرتو بکات سیستەمێك کە بنەماترین بنەمای ئەو ژیری و هزرو هەڵسەنگاندنی عەقلانیە.



سەرچاوە:

تێڕوانینێك بۆ فەلسەفەی پەروەردەو فێرکردن

هیوا ئەحمەد مستەفا:

# لە رووی ئەمنیەوە ئێستا کەرکوک ٧٢٪ کارە تیرورستیەکانی تیدا کەم بووتەوە، ئەوەی تریش کە ماوە وردەکاری تیرورستانەیە



گوڤاری گێژاو لەگەڵ بەرێز هیوا ئەحمەد مستەفا، ((وەکو کەسێکی شارەزا لە بواری رەوشی ئەمنی شاری کەرکوک))دیداریکی ساز دا سەبارەت بە شاری کەرکوک. کە ئەمەش چەند پرسیارەکمان ئاراستەی بەرێزی کردو بەو شێوەیە وەڵامی دایەوە.

**پ ١ تاسیری قسەکانی سەرۆکی هەریم لەو کونگرەیکە لە هەولێر کرا لە سەر ئەحزابی تورکمان بە رای بەرێزتان چوون بووە؟**

ئەم ماوەیە کۆنگرەیەك بۆ تورکمان لە شاری هەولیر بەسترا کە زیاتر لەهەزارئەندام لە تورکمانی نیشتمان پەروەری کوردستان بە بیرورٍای جیاواز، جیاوازەوە بەشداریان تیدا کرد، پیکهاتەی زۆر لەو پارت و ریکخراوو کەسایەتی و کومەلانە بوو لە ترکمانە رەسەنەکان، بۆ ئەوەی بە هەموو لایەك دراسەیەکی واقیعیانەو زانستیانەی رەوشی نەتەوەی خۆیان بکەن لە سەر ئاستی عیراق بە گشتی و کەرکوك، یان کوردستان بە شیوەیەکی گشتی. دیارە کۆنگرەکەیان چەند رۆژیکی خایاند و لە بەلاغی بریارەکانی کۆنگرەش سیاسەت و دوا بریاری کۆنگرە ئاشکرا کرا کە لەگەل سیاسەتەکانی هەریمی کوردستان هاوتەریبن. وە سوورن لە سەر جیٚ بە جیٚ کردنی گشتی باندە کانی دەستور بە مادەی ١٤٠ یشەوە. هەروەها سوورن لە سەر پاراستنی یەکریزی و برایەتی لە نێوان کوردو عەرەب و تورکمان وکلدو ئاشوری و پیکهاتەکانی تری کومەلگای عیراقی و کوردستانی. لەویٚ((جەنابی سەروك بارزانی وتاریکی گرنگی خویندەوە کە راست و رەوان نیشاندانی سیاسەتی ستراتیجی سەرکردایەتی سیاسی کورد بوو بەرامبەر بە خوشك و براکانمان لە نەتەوەی تورکمان. ئەوەی زۆر سەرنجی نەتەوەی تورکمانی بۆ لای خۆی راکیشا لە وتارەکەی جەنابی سەروك ئەو وەعدو بەلێنە بوو کە بەرێزیان بە نەتەوەی تورکمانی دا کە بە هیچ شێوەیەك قبول ناکات هیچ کەسیك تەعداو غەدر لە تورکمان بکات، هەروەها وەعدی دا بە هەموو شێوەیەك پشتیوانی لە تورکمان بکات، وە دژی ناو هێنان و زاراوەی (کەمە نەتەوەیەکان یان کەمینە) بوو.

هەروەها وتی ئیمە نامانەویٚ (کەرکوك) بەس بۆ کورد بیٚ، کەرکوك شارێکی عیراقیە وەك هەر شاریکی تر لە شیوەی هەولیر و سلیمانی و دهوك و بغداد و بصرەوە. با خەڵکی کەرکوك خۆیان قرار بدەن لەگەل هەریمی کوردستان دەبن یان هەر بریاریکی تری خواستی خەلکەکە. جگە لەوەش ئەو رەهەندە سیاسی و ئەمنیانەی لە مەر کەرکوك چ لە رووی مێژویی کە باسی کرد، وە چیٚ بۆ ئایندەش زۆر کاریگەری هەبوو لە سەر ترکمانەکان بە تایبەت بەوەی کە عیراقیەکان خومان کێشەی خۆمان حەل بکەین باشترە،نەهێلین تداخلاتی ئەجنەبی بێتە ناو بابەتەکانەوە). زۆر شتی تریش لای ترکمانەکان لە مەر وتەی جەنابی سەروك بە ئیجابی هەلسەنگێنراوە و کاریگەری خۆیشی هەبووە . ئەوان واتا لایەنی دژی ترکمان ! کە (بەرەی ترکمانیە)!بە نیازن بەرپەرچی ئەم

کۆنگرە گرنگە بدەنەوە دور نیە رۆژی دووشەمە ٢٠٠٨/٣/٢٥ کۆنگرەیەك بۆ ئەو تورکمانانە بەستن کە دژی مادەی ١٤٠ن وبە کرێ گیراوی دەرەکین.

**پرسیار:ـ رەوشی سیاسی احزابی تورکمان لە کەرکوک چۆنە؟و پەیوەندییان لەگەڵ ئەحزابی کوردی چۆنە؟**

رەوشی سیاسی احزابی تورکمان لەگەل کوردەکان لە کەرکوك باشە جگە لەو حیزبانەی لە ناو بەرەی تورکمانیدان ودەعم وهاوکاری و میزانیەو تەوجیهات و رێنمایی لە ئیستخباراتی عەسکەری ولاتێکی دراوسێ وەردەگرن.لەگەل تیکرای ئەوانەی تر زۆر زۆر باشە.. لە راستیدا کورد زۆر مەغدورە ئەوان لە تەلە فزیۆنی بەرەی تورکمانیدا وایان نیشانداوە کە ترکمان بە دەست کوردەوە غەدری لێی دەکرێت، ئەوە نەك هەر بۆ ختانە تەنانەت گوناهێکی گەورەشە، تورکمانەکانی کەرکوك زۆر رێزیان هەیە لای کورد، کورد فەقیرو ئاوارەو دەربەدەرەو تا ئێستاش لە خانووی گڵ و لە ژێر چادردا دەژین و ترکمانەکان بازاری شارو تجارەت هەمووی بە دەست ئەوانەوەیە و کەسیش قسە ناکات چونکە وەك برای خۆمان سەیریان دەکەین، بە پێ ی زانیاری من تا ئێستا چەند جار دەزگا ئەمنیەکانی پارتی لە شاری کەرکوك چەند مقاول و کەسایەتی دەولەمەندی تورکمانیان لە دەست تیرورستان رزگار کردووە یان پیلانی اختتاف کردنیان لە لایەن تیرورستانەوە بۆ داریژراوەو ئەمان ئاشکرایان کردووە نەیان هێشتووە خوشك و برا ترکمانەکانمان تۆشی گرفت ببن، بۆیە پەیوەندی ترکمان وەك زۆرینە پەیوەندیەکی باش وبە هێزو چالاکیان لەگەل کورد دا هەیە ژن وژن خوازی و خزمایەتی تا ئێستاش لە نیوانیان دا بەردەوامە (کوردو تورکمان خال و خوارزای یەکترن ) ئەمە واقعێکە ناتوانری نکۆڵی لێ بکرێ و زۆر خێزانی گەورەی شارەکەی گرتوتەوە. بۆیە وەك جەنابی سەروك فەرمووی هەرگیز دوژمنان ناتوانن ئەو خەونە بێننە دی کە شەری (کوردو ترکمان) ببینن، بەلکو کورد هەر دیفاع لە ترکمان دەکات وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی.

(جگە لەوانەش لە سەر فەرمانی بەرێز کاك نێچیرڤان بارزانی لیژنەی بالای ئاوەدان کردنەوەی کەرکوك بریاری داوەو دەستی کردوە بە پرۆژەی خزمەت گوزاری بە تایبەت بۆ هەندی گەرەکی تورکمان نشین لە ناو شاری کەرکوك وەك گەرەکی (موسەڵلا)و گەرەکی (تسعین).لە گەرەکی موصلی ٥٠ مال لە خانووی هەژاران بۆیان نۆژەن دەکریتەوە هەر

**خۆ ئەگەر جەنابی مستەفا بارزانی بمابایە قەت قەت کەرکوکی نەئەدایە دەست هەلبژاردن و ریفراندوم، ئەو بە ئاشکرا ئەی فەرموو تاکە یەک کوردیش لە کەرکوکدا مابێ کەرکوک هەر کوردستانە**

مالێك تاکو(٤٥٠٠٠٠٠)چوار ملیون وپینج سەد هەزاردیناری بۆ سەرف دەکری، لە گەرەکی تسعینیش بە هەمان شێوە کومەلێك پرۆژەی خزمەت گوزاری تر بە رێگاوەیە بە تایبەت بۆ ترکمانەکان و وە بۆ گەرەکی عەرەب نشینەکانیش بە هەمان شێوە، هەر وەك لەم ماوەیەدا گەرەکی مەسیحی نشینی (عەرەفە)بە تەواوی قیرەتاو کراوەو خەلکەکە زۆر دلشادو سوپاس گوزار بوون.

**پرسیار:ـ رەوشی سیاسی و ئەمنی کەرکوک چۆن دەبینی؟**

رەوشی سیاسی وئەمنی کەرکوك بەم شێوەیە:

لە روی سیاسی پێکهاتەیەکی ئالوزی تێدایە کۆمەلێك احزاب و منظمات و دستە و تاقم دروست بوون لە بەیان دەرکردن ئازان، لە روی اعلامییەو راگەیاندنی عەرەبی و تورکی پشتیان ئەگرن، هەرچەندە نفوسیان کەمە، بەلام لە ساحەکە هەن وخۆیان قووت کردووتەوە وایان لە خۆیان کردووە ببن بە ئەمری واقیع لە وێ (دوستان) مەبەستم هێزی هاوپەیمانانە لەگەلیاندا تعامل دەکەن وحکومەت واحزابی تریش بە ناچاری گوێیان لێ دەگرن بۆ ئەوەی بتوانری دایە لۆگ ساز بکری و لێك تێگەیشتنی هاوبەش لەمەر گشت شتە سیاسیەکان بۆ بەرژەوەندیخەلکی کەرکوك دروست ببی. بەلام (پەلاس)بە هیچ شێوەیەك ئەمان نایەنە پێشەوە چونکە:

١ـ خۆیان بە مسئول نازانی بەرامبەر بە وەزعەکە.

٢ـ نفوسیان لە ناو عەرەب و ترکمان هێندە نیە بلێن ئەوەی هەشمانە لە دەستمان دەچێ .

٣ـ ئەگەر لەگەل کورد رێك بکەون(تحویل)کردن و دەعمی مادیان لە لایەن دەرەوە لێ دەبردرێ چونکە ئەمان کونترول لە دەست خۆیان نیە لە شوێنی تری دەرەوەی عیراقەوە ئاراستە ئەکرین.

لەگەڵ ئەوانەشدا کورد هەر ویستوویەتی تعامول لەگەل ئەمری واقیع دا بکات بەلام لە ناو عەرەب و ترکمان و ئەحزابی عەرەبی و ترکمانی راستەقینەی دلسۆز بە خاك و میلەتی عیراق هەن کە نیگەرانن لە هەلویستی ئەوانەی تەنها زمانیان هەیە و گوێچکەیان نیە بۆ تێگەیشتن. بە هەر حال پێمان وایە لە ئەنجام هەر حق سەر دەکەویو لە روی سیاسی ئەوە رەوشەکەیە ئەبێ لەگەلیدا برۆین وهەولی پێش خستنی زیاتری بۆ بدەین.

لە رووی ئەمنیەوە ئێستا کەرکوك ٧٢٪ کارە تیرورستیەکانی تیدا کەم بووتەوە، ئەوەی تریش کە ماوە وردەکاری تیرورستانەیە، دلنیاین کە ئەو کارە تیرورستیانە وردە وردە کەمتریش ئەبێتەوە بەلام بە یك جاری کۆتاییان نایەت. دەمەوی بۆ میژوو پێتان بلێم دەوری دەزگا ئەمنیەکانی

کورد بە تایبەتی زۆر گرنگ بووە لەم چەند ساڵەی رابردوو بۆ نەهێشتنی تیرور بە تایبەتی دەزگای پاراستنی پارتی لە کەرکوك نەخشێکی گرینگ و سەرەکی لەو بارەوە بینیوە وتا ئێستاش چەندین خەڵاتی لە بواری نەهێشتنی تیرور لە شاری کەرکوك بە دەست هێناوە بەڵام ئەو شتانە رانەگەیەنراون.

دەوری ئاسایشیش زۆر گرنگ وە بەرچاو بووە بە شێوەیەك دەیان چالاکیان کردووە هەروەها پۆلیس کە خۆتان ئەزانن هی ئەوان (اعلان دەکرێت ودەبینن چۆنن دەوری سوپای عیراق بە هەمان شێوە، دلنیاین برایانمان لە ناو (ی.ن.ك) بۆ خۆیان وە دەزگا ئەمنیەکانیانەوە دەوری زۆر باشیان لەو بوارەدا هەبووە هەر وەك تەنسیقی باشیش لە نیوان (پارتی و یەکێتی ) لە شاری کەرکوك بۆ قە لا چۆ کردنی (تیروریزم )پتەو قایم و یەك گرتوو بوە ودەبێ.

جگە لەوەش لە رووی ئەمنی کەرکوك فاکتەرێکی زۆر بە هێزی راگرتنی پارسەنگی ئەمنی هەیە، ئەویش بوونی (کوردە)وەك نەتەوەیەك لە وێ،هێزی هاوپەیمانان زۆر باسیان لەوە کردوە کە هەر ماڵێکی کورد بۆ خۆی بنکەیەکی ئاسایشە..(بۆ زانیاریتان تا ئێستا بۆ یەك جار یش لە ناو شاری کەرکوك لە گەرەکە کوردیەکاندا لە هێزی هاوپەیمان و سوپای عیراقی و پولیسی عیراقی و دەزگا ئەمنیەکان نەدراوە)ئەوەش لای هاوپەیمانان حساب و کتابی خۆی هەیە و دەزانی مەعنای چیە؟!

**پرسیاری:ـ مادەی ١٤٠ بە رای بەرێزت تا چەند بڕوات بە جێبە جێ کردنی هەیە؟**

مەسەلەی ماەی ١٤٠ وردە وردە خەریکە جێ بە جێ دەبێ و بە ئارامی ئاراستەی خۆی وەرگرتووە، کەوتوتە سەر سکە، جگە لەوەش ئێمە وا لە خەڵکمان تیگەیاند مادەی ١٤٠ بەس بۆ کوردە، کە لە راستیدا وا نیە. مادەیەکی دەستورییە بۆ گشت لایەك خێری تیدایە بەڵام موزوعەکەمان هێندە گەورە کرد خەلك وایان زانی بۆ کورد هەنگوینە و بۆ خەلکی ترێش ژەهری مارە کە لە راستیدا وانیەو زوڵم و زۆری تیدانیە (جەوهەری دیموکراتیەت و بنەماکانی جێ بە جێ کردنی دیموکراتی لە عیراق ئەگەر هەبی لە مادەی ١٤٠ دایە چونکە بە سێ قۆناغ تێدەیەرێ، ئاسایی کردنەوە، سەرژمێریو پاشان ریفراندوم).

ئەوەی دوا قۆناغ مانای وایە بە تێکرای خەلکی کەرکوك بە بێ دەست تێوەردانی هەر لایەك خۆیان قرار بدەن ئایا بگەرێنەوە سەر هەریمی کوردستان یان بکەونە سەر بەغدا؟ئەمە نموونەی دیموکراتیە، سەیر لەوە دایە کورد دەیەوی ئەمە ئیختیارە بداتە دەست کەرکوکیەکان خۆیان بە گشت نەتەوەکانیانەوە ئاخر ئەمە دیموکراتیەتە کەچی دوژمنان ئەلێنن نابێ، باشە ئەگەر لە خۆتان را ئەبینن کە زۆرینەن و شارەکە هێ کورد نیە ئەی بۆ رازی نین بە ریفراندووم؟ با ئەم ئەنجامە بە دەست بهێنرێ و کوتایی بە کێشەکان بێ،بەلکو بە پێچەوانەی خواستی کوردەوە ئینتخاباتەکە ئەنجام بگرێ؟!!

**مەسەلەی ماەی ١٤٠ وردە وردە خەریکە جێ بە جێ دەبێ و بە ئارامی ئاراستەی خۆی وەرگرتووە، کەوتوتە سەر سکە، جگە لەووەش ئێمە وا لە خەڵکمان تیگەیاند مادەی ١٤٠ بەس بۆ کوردە، کە لە راستیدا وا نیە.**

((خۆ ئەگەر جەنابی مستەفا بارزانی بمابایە قەت قەت کەرکوکی نەئەدایە دەست هەلبژاردن و ریفراندوم، ئەو بە ئاشکرا ئەی فەرموو تاکە یەك کوردیش لە کەرکوکدا مابێ کەرکوك هەر کوردستانە .))

بە داخەوە سەرەتای پررۆسەی ئازادی عیراقمان لە دەست چوو!! ئێستاش ئەبی بە هێمنی لەگەل وەزعەکاندا بروین،( نابی کوردیش بلێ ئێمە هەموو شتێك بۆ خۆمان بێ، ئێمە کیشەی خاکمان هەیە، ئەگەر فەرمی کەرکوك وەك خاك بگەریتەوە سەر هەریمی کوردستان، گرینگ نیە پارێزگای کەرکوك و قایمقایم وپۆستە ئیداریەکان کورد دەبێ یان عەرەب دەبێ، چونکە مەسیری کورد دیارە لە کەرکوك لەگەل عەرەب و ترکمان و مەسیحیەکاندایە سیاسەتی سەروك بارزانیش هەر ئەوەیە کە ئەبی ئەوان واتە (عەرەب و ترکمان و مەسیحی ) پۆستی ئیداری گرنگ وەربگرن وە تەنانەت نوینەریان لە پەرلەمانی کوردستانیش دا هەبێ زۆریش سروشتیە.

**پرسیاری:ـ پەیوەندی پارتی و یەکیتی لە کەرکوک چۆنە لەگەل یەک ؟ وە هەروەها پەیوەندی ئەم دوو حزبە لەگەل ئەحزابی ئیسلامی لە کەرکوک تا چەندە؟**

پەیوەندی پارتی و یەکیتی لەگەل ئەحزابی ئیسلامی لە کەرکوك پەیوەندیەکی سروشتی و ئاساییە،ئەحزابی ئیسلامی کوردستانی و کوردی لە کەرکوك تەنزیمات و خەباتی خۆیان دەکەن و ئەوەندەی لە توانایاندا هەبووبێ هاوکار بوون بۆ ئەوەی پروسە کە بە هێمنی بروات، وە لەگەل سیاسەتەگشتیەکانی هەرێمی کوردستاندا بوون و پیکەوە دەست لە ناو دەست تێکۆشاون بۆ ئەوەی وەزعەکە رابگرن و دەوری ئەوان دەوریکی خێر بووە وە پەیوەندیشیان لەگەل پارتی و یەکیتی زۆر ئاساییە و لە کەرکوك بە هەموو لایەك زیاتر کوردایەتی دەکرێ، بەڵام کوردایەتیەکی ناسێونالیستانەی رەگەز پەرستانە نا! بەلکو پێشان دانی ئەدای کوردە بۆ گشت لایەك بە شێوەیەکی لۆجیکی و مەنتقی، بۆ ئەوەی رەوشەکە بە رەوپیش بچێ و سەقامگیری بە خۆوە ببینی.

**پرسیار:ـ دوا وتەی بەرێزت بۆ گوڤاری گێژاو چییە؟**

سوپاس بۆ ئیوەش و بە خیربین بۆ کەرکوك و هیوا دارم سەرکەوتوو بن.

# ئەگەر کەرکوک عێراقێکی بچوک بێت، ئەوا پێویستیمان بە جەعفەری و شەهرستانی و موفتەدا و موتەلەگێک هەیە.. ئارگیچ و بەرەی تورکمانیش سەر باقی



عومەر شەریف

کەرکوك ئەو گرێ کوێرەیە کە تا ئێستا بەکەس نەکراوەتەوە، کورد قوربانیەکی زۆری بۆ داوە و خوێنێکی زۆریشی بۆ رشتوە، بە لەبەر چاو گرتنی کات و ئامرازەکانیش هێشتا وەکو خۆیەتی و بگرە رۆژ لە دوای رۆژ گەورەتریش ئەبێت، کەرکوك وەکو هەر کێشە یەکی تری دنیا کە نمونەی زۆر کەمە (کشمیر، قوبرس) رۆژ لەدوای رۆژ کردنەوەی ئەم گرێیە تۆزی زیاتر لەسەر دەنیشێت و گرفتەکانی گەورەتر ئەبێت، پێچ و هاوپێچی تازەی تێ ئەکەوێت، تا کار گەیشتوتە ئەوەی کێشە لاوەکییەکانی لە خودی کێشە راستەقینەکە گەورەتر ببێت، بەپێچەوانەی گشت پرانسیپەکانی دونیا و دوور لە بەرچاو گرتنی گشت بەڵگەو بڕیارە نێو دەوڵەتی و جیهانییەکان دەست وەر ئەدرێت لەبابەتی کەرکوك، لەسەر گیانی ئەو شارە دەیان و سەدان رێککەوتن و مامەڵەی ئاشکراو نهێنی کراوەو ئەکرێت، کەچی تەنها خەڵکی شارەکە خۆیان بۆیان نیە قسە لەسەر چارەنوسی شارەکەیان بکەن، قسە کردنی خەڵکی کەرکوك لەچوارچێوی یاسا ودەستوری عێراقدایە کە ئێستا پێی ئەڵێن راپرسی! هەرجارە و بە بیانویەك ئەوەی ناوی راپرسی یە لە شارەکە ناکرێت وتەنها رای دانیشتوانی خەڵکی شارەکەیە ناپرسرێت !؟ دوور و نزیك و هاو پەیمان و ناحەز،قسە لەسەر ئەم شارە ئەکەن و هەر یەکە بە ئاراستەیەك دەیبات کە بەرژەوەندیەکانی بپارێزێت و مامەڵەی پێوە ئەکەن تەنها و تەنها کەرکوکیەکان قسەکانیان بەدیواردا ئەدرێت و کیشەکە بەئاقاری راستی چارەسەر کردندا نابەن، جارێك وەکو بەرمیلێکی بارود باسی دەکەن و جارێك بە کێشەیەکی هەستیار و جارێك بە عێراقێکی بچوك و دواین جاریش بەعەمامەی عێراق ناوی دەبەن و بەهاتنەوەی بۆ سەر کوردستان ئەو عەمامەیە دەکەوێت ؟! بۆ هیچ وڵاتێکی دونیا نیە دەست وەربدات لە نێو خۆی وڵاتێکی تر کەچی لە عێراق (کەرکوك) دنیا قسەی تیا ئەکات،کام وڵات زۆر دوورە ئەویش قسەیەك لەسەر کەرکوك دەکات،کێشەکە لەوەدایە زۆرجار سیاسەمەدار و بەرپرسانی خودی کورد لێدوان و هەڵوێستی وا ئەنوێنن وا لە مرۆڤ دەکات هەناسەیەکی قوڵ هەڵکێشێت و بیری بەرەو ئاراستەیەك بڕوات کە گەیشتنە چارەسەرەی کەرکوك بەو شێوەی کە رەوایە و کورد گەرەکێتی لە هاتنی گۆدۆوە نزیك بێت تا گەڕانەوەی بۆ سەر کوردستان، بەکام پرانسیپ و سەرژمێری کوردو عەرەب و تورکمان وەکو یەکن لە کەرکوك !؟؟ تا هەرنەتەوەیەك لە.٪٣٢یان وەکو یەك لەپۆستە ئیداریەکاندا بەرکەوێت ؟ ئاخر کەرکوك تەنها ناوەندی شار لە بەرچاو دەگیرێت یا وەکو پاریزگای پێش پرۆسەی تەعریب مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، هەر کامیان لەبەرچاو بگیرێت هەرگیز لەکەرکوکدا ئەو ریژەیە وەکو یەك نیە. ئاخر ئەم جۆرە لێدوانانە لە داهاتوودا دەبێتە بەڵگە و بەڕوماندا ئەدرێتەوە پێمان ئەڵێن :گەورە پرسانی ئێوە و ئێراق ئەوەندەشیان پێداین و وەرمان نەگرت !! مافمان لەوە زیاترە و ئەوەش قسەی خۆتانە!

پرسی کەرکوك بەرەو ئاقارێك ئەڕوات نە٥٨ونە١٤٠ و نەهیچ درێژ کردنەوە و پانکردنەوەیەکی تر نایگەیەنێتە ئەو کەنارە ئارامەی خەڵکەکەی بحەسێتەوە و لەزوڵمی تەعریب و بەبەعس کردن وغەدری دیمۆگرافی و شێواندنی مێژوی شارەکەی لەسەر نەمێنێت و بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، پێویستە لەسەر سەرکردایەتی کورد کارنامە و ئەولەویەتی گەڕانەوەی ناوچە



دابڕاوەكان بۆ سەر كەركوك و گەڕانەوەی كەركوك بۆ سەر هەرێم بەرنامە ڕێژی روون و ئاشكرا و یەكلایی بكرێتەوە، ئەم دوو بۆچونە لە رواڵەتدا وەكو یەكن بەڵام لەناوەڕۆكدا زۆر جیاوازن و بۆچونی زۆر هەڵئەگرێ !؟ كاریگەریشی لەسەر پاشە رۆژی ئەم شارە گەرمە دەبێت، بێگومان گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەكان بۆ سەر كەركوك كرداریترە و باشتریشە بۆ هەر راپرسییەك ئەگەر بكرێت، لەهەمو دونیا ئەو بۆچونە هەیە بە خودی كورد و عێراقییەكانیشەوە كە دەڵێن: نەتەوە یەككرتوەكان چارەسەری هەر كێشەكیان كەوتبێتە دەست ئەوە بەدیوەكەی تردا كەوتوەتەوە، واتا چارەسەر نابێت ؟ بەداخەوە درێژكردنەوەی وادەی ئاسایی كردنەوەی كەركوك لەسەر داوای نەتەوەیەكگرتوەكان بوو كەچی ئێستا باس لەوە دەكرێت ئەوان تەنها دەیانەوێ لەڕووی هونەرییەوە هاوكاری بكەن بێگومان ئەم رایەش بۆچونی زۆر هەڵئەگرێت لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە هیچ گرەنتیەك بۆ گەڕانەوەی نیە بۆ سەر هەرێم و ئەوان ئەو بەرپرسیارێتیە هەڵناگرن؟!

لەناوخۆیش ئەوانەی بەهاوپەیمانی سیاسی و هاوخەباتی یەك سەنگەر دژی دیكتاتۆریەت دەجەنگان، ئەمرۆ بەزمانێك قسە ئەكەن لە گەڵ كورد زۆری جیاواز نیە لەگەڵ رژێمەكانی پێشو،كورد رادەكێشنە ناو بابەت گەلێك لەناوە رۆكی راستەقینەی چارەسەر و كێشەكان دووری ئەكەنەوە، جارێك بە بودجەو جارێك بەئالا و جارێك بە پێشمەرگە،هەر خوا ئەزانێت چەند كارت وجارێك ماوە و لەبێشكەی عەرەبی عێراقدا گەورە ئەبێت لەگەڵ گەورە و ئەستور بوونی داری حكومەتی بەغدا گەورە ئەبێت، لەدژی كوردستان بەكاری ئەبەن،ئێستا دەستەواژەی كەركوك عێراقێكی بچوكە زۆر بەكار ئەبرێ، ئەو دەستەواژەیە كێ داهێناوە و كێ بەكار ئەهێنی هیچ گرنگ نیە بەقەد ئەوەی مەبەستیانە بەیەك جاری لەدەست كوردی دەربكەن دەستەواژەكە لە ئەدەبیاتی سیاسی كوردیشدا جێگیری بكەن، كورد سەرەرای ئەو هەوڵ وقوربانی ویارمەتی تێكۆشان بۆ بەر قەرار بوون جێگیربوونی حكومەت كردی لە بەغدا ئەگەر نەی كردایە،ئێستا وڵاتێك نەبوو ئەم عێراقە بێ،ئەبێ ئەمرۆ بێ یا سبەی دان بەوەدا بنێین هەڵە یەكی گەورەمان كرد و نەدەبوو بەو شێوەیە لەبەغدا و بەبێ گرنتی تەواو ئامادە بوینایە،ئێستا كورد خەریكە دەگاتە ئەو باوەڕی كەركوك بەم ئاسانیە و بەشەش مانگی تازەكردنەوە هەرگیز ناگاتە ئەوەی كەركوك لەباوەشی هەرێمی كوردستاندا ببینێتەوە!زۆر جار قسە لەسەر ئەوەكراوە كەركوك چۆن بگەڕێنینەوە؟ئەویان زۆری دەوێت وزۆر هەڵئەگرێت، بەڵام بۆ ئەوەی چۆن لە عێراقی گەورەدا كۆمەڵێك لەمپەر و بەڵای گەورە گەورە لە رێگای كورد قووت بووتەوە بە هەموو سیرێ كمان ئەڵێن: پیاز،ئەوە بۆعێراقی بچوك(كەركوك) پێویستە بۆ شەهرستانی وموقتەدا وموتڵەگ و دلێمیەك بگەرێێن؟! چونكە ئەوەی لەبەغدا بۆمان كراوە لەكەركوكیش بەدەستی بێنین؟!! ئارگیچ وبەرەی توركمانیش سەر باقی.

# تیرۆریزم

Terrorezm

ماسیو ئلیۆت

و: ئەفشین ئیسماعیلی

تیرۆریزمی سیاسی ماوەیەکی زۆرە بە بەشێکی سەرەکی سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت کە هاوکات بووە لەگەل کێشمەکێشی زۆر، کەڵك وەرگرتنی راستەوخۆ و بێ دەستکەوت لە ئامیرە سەربازییەکان، بەڵگەی ئایدۆلۆژی و هەروەها مەیلی دەوڵەتەکان بۆ پشتیوانی کردن لەو چالاکییەکانە. پەیامی هێرشەکانی ١١ی سیپتەمبەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و پاشان جەنگی ئەمریکا دژ بە تیرۆریزم، سەرنجی زۆربەی خەڵکی بۆ مەسەلە ئابوورییەکان ئەو بزاڤە راکێشاوە. ئەو بزووتنەوانە بە بوونی ئامانجی سیاسی دەیانەوێ سەرنجی هاوکارییە ئابوورییەکان بۆ لای خۆیان راکێشن.

تیرۆریزمی سیاسی کە زۆربەی جار وڵاتەکان لایەنگرە سەرەکییەکانی بوونە، ماوەیەکی زۆرە وەکو ناونیشانی دیاری سیاسەتە سەرەکیەکان رۆژهەڵاتی ناسراوە. توانایی گرووپە تیرۆریستیەکان لە ئەنجامی کاریگەری کارە تیرۆریستیەکان پەیوەندیەکی تەسکی بە بارودۆخی ئابووری ئەوانەوە هەیە. بەڵام ئێستا ئەو پشتیوانییە کەمتر لەژێر کۆنترۆڵی لایەنگرانی دەوڵەتیەوە دەبێت. لەکاتێکدا هەندێك لە وڵاتەکان لە پشتیوانی کردنی نێودەوڵەتی تیرۆریزم بەردەوامن، گرووپە تیرۆریستیەکانیش بەشێوەیەکی بەرفراوان توانای مالی خۆیان لەرێگای رێکخراوە چاکەکەرەکان و مرۆڤدۆستەکان، کاری تاوانباری، کۆمپانیا نایاسایی و سیستەمە بانکییە نایاساییەکان و چالاکی کۆمەڵایەتی ئەندامە سیاسیە ئیسلامیەکان زیاد دەکەن.

ئەم وتارە باس لە تورە نیمچە حکومەتییەکان دەکات کە بە تەنیایی یا بە هاوکاری لەگەل حکومەت و لایەنگرانی تر پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکەن. هێرشە تیرۆریستیەکانی هاوکات لەگەل ١١ی سێپتەمبەر، قەیرانی مالی و پرۆسەی پشتیوانی کردن لە تۆرەکانی کاروباری کاریگەری رێکخراوە تیرۆریستیە نێودەوڵەتیەکانی ئاشکرا کرد. بەپێی راپۆرتی FBI خەرجیەکانی ئەو هێرشانە لەنێوان ٣٠٣٦٧٢ تا ٥٠٠٠٠٠ دۆلار دا هەڵسەنگێندرابوو. رەزوا یوسف تیرۆریستی سەرەکی لە دانانی بۆمب لە سەنتەری بازرگانی جیهانی لەساڵی ١٩٩٣، پاش گیرانی لەساڵی ١٩٩٥ دانی بەوەدانا کە تیرۆریستەکان بەهۆی نەبوونی پارەی تەواو، نەیانتوانی پێداویستیەکان بۆ دروستکردنی بۆمبێکی گەورە بکرن. لەراستیدا، بەهۆی دەستپێرانەگەیشتنی تیرۆریستەکان بە پارەی تەواو، کارە تیرۆریستیەکە ماوەیەك زۆرتر لە کاتی پیلان بۆدانانی ئەنجام درا و لە کۆتایدا هەوڵی تیرۆریستەکان بووە هۆی کەلك وەرگرتن لەو پارەیە کە بۆ بەکرێ گرتنی ئۆتۆمۆبیلێکی بارهەڵگر بۆ هەڵگرتنە بۆمبەکە هەلگیرابوو.

بە لێکۆلینەوە لە رێگەی پشتیوانی مالی پرۆسەی خۆتەقینەوەی فرۆکەرفێنەرەکانی قاعیدە، تەقینەوەی دواتریش پەسند کراو سەڵمێنرا کە بە پێچەوانەی بەدرۆخستنەوەی بەردەوامی ئەوان، پێویستیەکی زۆر بە بودجەی سەربازی بازرگانی بە ئاراستەی ئەنجامدانی پرۆسەی تیرۆریستیەکان هەیە. بەڵگە دەسکەوتووەکان لە پشتیوانی دارایی هێرشەکانی یازدەی سێپتەمبەر و پەیوەندی راستەوخۆ لەنێوان فرۆکە رفێنەرەکانی چوار فرۆکەکە و پیلانی ناوبراو، لێکۆڵەرەوەکانی بەرەو پشتیوانیکەرانی دارایی و لۆژیستیکی نە تەنیا لە ئەڵمانیا بەڵکو جێگەکانی تر و کەنداوی فارس برد و بووە هۆی ئەوەی لێکۆڵەرەوان، هۆکارە سەرەکیەکانی ئەلقاعیدە و دەوڵەمەندانی وەکو نەزیر کورد شەیبە لە ئەڵمانیا و مستەفا ئەحمەد حەسنوی لە ئیمارات ئاشکرا بکەن. شیکەرەوەو ئابوورییەکان بەڵگەی ئەوتۆیان لەمەڕ پەیوەندی کاری خۆکوژی فرۆکەڕفێنەرەکان کە هاوکات لەگەل کاری تیرۆریستی قاعیدە لە ئەڵمانیا بوو، لەگەل زەکەریا موسەوی دۆرزیەوە. لێکۆڵەرەوەکانی داراییش پەیوەندی نێوان موسەوی و ئەندامەکانی قاعیدە لەگەل گرووپی تیرۆریستی کۆمەلی ئیسلامی کە لە مالیزی دەستبەسەر کران، ئاشکرا کرد.

ئەگەرچی لەوانەیە ئەو هەڵمەتانە کاریگەریان هەبێت بەڵام ریشەی رێرەوی دارایی ئەوان، تیرۆریزم پەسند ناکات. لە راستیدا بەپێچەوانەی بیرۆکەی "پۆلیۆ" یا "ئیسمال پاکس" تیرۆریزم لە ریشەوە هەلناقەنرێت. هەمیشەش نادادپەروەریەکان و



بارودۆخیش دەبێتە هۆی ئەوەیکە خەڵك بە ئامانجی سیاسی و تەنانەت بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆشیان بەرەو جەنگ برۆن. بەرپرسیاریێتی سەرەکی هەموو حکومەتەکان پارێزگاریکردن لە گیانی خەڵکە و ئامانجی کۆتایی دەوڵەتەکان لە بەکارهێنانی هەڵمەتی ئەمنیەتی، سیاسەتی بەربەست دانان و رووبەڕووبوونەوە لەگەل تیرۆریزم، هەوڵدانە بۆ پاراستنی گیانی خەڵك.

ئەو حەقیقەتە کە ناتوانین تیرۆریزم لە ریشەوە هەڵبقەنین، دەوڵەتەکان لە بەرپرسیاریێتی مەترسیداری جەنگ لەگەل تیرۆریزم مبرا میسازد. گرنگیدان بە مەسەلەکانی پشتیوانی دارایی لە تیرۆریزم، شێوەیەکی کاریگەرە لە جەنگ لە دژی هێرشی تیرۆریستی و رێگەگرتن لە کێشمەکێش و ناکۆکی و هێرشەکانی نەخشە بۆ کێشراوەکانی داهاتوو.

هێرشەکانی ١١ سێپتەمبەر نیشانی دا کە یەکەمین هۆکارەکە یارمەتی لێکۆڵەرەوانی دا لە ناسینی شوناسی تاوانباران، تورەکانی پشتیوانی سەربازی و مالی لە ئەوان و هەروەها پەیوەندی قاعیدە بە گرووپەکانی تیرۆریستی دا. پاش هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، حکومەتی ئەمەریکا بۆ لە رێشەوە هەڵقەندنی رێرەوی یارمەتی دارایی بۆ گرووپە تیرۆریستیەکان دەستی بە هێرشێکی بەربڵاو کرد، کە یاسای توندی تێدا جێبەجێ دەکرد لەگەل هەولی زیرەکانی بۆ یچراندنی یارمەتیە داراییەکان بۆ تیرۆریستەکان لە رێگەی گەشتەکان، خەڵك، کرێنی پێداویستیەکان و رێبەری هێرشەکان، بۆشایی هێرشە تیرۆریستیەکانی سنووردار کرد.

## تۆری تیرۆریستی نێودەوڵەتی

بەپێچەوانەی لێکدانەوەی ئاسایی کە قاعیدە بە تەنیایی و هەندێك لە وڵاتەکان بە جیا چالاکی دەکەن، بەڵام گرووپە سەربازییە ئیسلامیەکان بۆ نموونە قاعیدە و ئەوانی تر لە تۆرێکی نێودەوڵەتی سەربازی و دارایی پشتیوانی لە یەکتر دەکەن. حکومەتە پشتیوانیکەرەکان لە تیرۆریزم تەواو هاوشێوەی یەك تووشی تیرۆریزمی سیاسی بوونە. بۆ نموونە زۆربەی لایەنگرانی قاعیدە بودجەی تەقینەوە خۆکوژی و موشەکەکانی قاعیدە دابین دەکەن. گرووپە تیرۆریستیە نێودەوڵەتیەکان بە تەنیا کار ناکەن.

هاوکاری بەرامبەری گرووپێکی دارایی تیرۆریستی و ئەنجومەنی پەیوەندی دەرەوە بەم ئاگادارییە تۆمار کرا:"رێکخراوە تیرۆریستیە ئیسلامیەکان زۆربەی کات لە

شێوازی هاوشێوه کەلك وەردەگرن و تەنانەت دامەزراوەکانی وەکو قاعیدەش پشتیوانی داراییان لێدەکەن. راپۆرتە بڵاوکراوەکانی ئەم داواییە ئاماژە بەوە دەکات کە قاعیدە هاوپەیمانە نافەرمیەکانی خۆی لەرێگە رێکخراوە تیرۆریستیەکان زیاد کردووە تاکو لە یاسایی بوونی دارایی و چالاکییە نایاساییەکانی تر یارمەتی بدەن." لەراستیدا نموونەکانی پەیوەندی سەربازی و کرداری لەنێوان گرووپە سەربازییە ئیسلامیەکان لە یەك جیاوازە.

## "تۆری دارایی تیرۆریزم"

کۆمەڵێك لە دەوڵەتەکان، گرووپەکان، لایەنەکان، کەسایەتیەکان، بانکەکان، کۆمپانیاو رێکخراوە بە رواڵەت مرۆڤ دۆستەکان پشتیوانی مالی لە تیرۆریزمی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەکەن.

## "گرووپە تیرۆریستیەکان"

گرووپە تیرۆریستیەکان بەتایبەتی لە رۆژئاوا حیسابی بانکیان بەناوی رێکخراوی خۆیان نییە. لەگەل ئەوەدا، چەندین کەیس هەیە کە حیسابی بانکیان بەناوی خۆیان یا ناوی ناسراوی تر دەکەنەوە. گرووپە تیرۆریستیەکان دەتوانن لە پەیوەندیەکانیان لەگەل گرووپەکانی تر بە ئاشکرا قسە بکەن.

بەرەی چالاکی ئیسلامی (IFA)لە سوریا و ئەخوانی موسلمین لە میسر بە ئاشکرا پشتیوانی لە قاعیدە دەکەن و بەرەی چالاکی ئیسلامی، داوای یارمەتی مالی لە عەرەبەکان و موسلمانەکان دەکات بۆ پشتیوانی کردن لە چالاکیە خۆکوژییەکانی قاعیدە.

لەگەل بوونی ئەو حەقیقەتە کە ناوی هیچکام لەو گرووپانە لە لیستی تیرۆریستەکانی ئەمەریکادا نەبوو بەڵام هەموو ئەوانە لەژێر کۆنترۆڵی توندی ئەمەریکادا بوون.

تەنیا رێژەیەکی دیاریکراو لە کەسایەتیە دەوڵەمەندەکان کە دەتوانن پشتیوانی زیاتریان لە تیرۆر بکەن. بۆنموونە، ئەحمەد حەسەنی، کە ناسیۆنالیستێکی سعودییە و یارمەتیدەری مالی بن لادەنە، خەرجی پرۆسەی فرۆکەرفێنی ١١ی سێپتەمبەری دابین کردبوو و لانی کەمی بودجە سەرف نەکراوەکە کە نزیکەی ١٥هەزار دۆلاربوو پێش جێهێشتنی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بۆ پاکستان، وەرگیرابوو. بەرپرسانی ئەمەریکایی لەو باوەڕەدان کە یاسین ئەلغەدی بازرگانی بەناوبانگی جەددە پشتیوانی لە چەندین گرووپی تیرۆریستی جیاواز دەکات. بەپێی بەڵگەنامەکانی دادگای ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩٢، قاعیدە ٢٧٠٠٠دۆلاری بۆ محەمەد ساڵح رێبەر قاعیدە لە ئەمەریکا دابین کرد و ٨٢هەزار دۆلاریشی دا بە رێکخراوی کلتووری (QLI)، کە لقێکی رێکخراوی قاعیدە لە شیکاگۆیە. حکومەتی ئەمەریکا داراییەکانی رێکخراوی QLI بەهۆی پەیوەندی هەبوون لەگەل قاقیدە بلۆك کرد. سەرانی ئەمەریکایی دووپاتیان کردەوە کە ئەم رێکخراوە لەلایەن چەندین میلیۆن دۆلارێك کە سعودییەکان بۆ قاعیدەیان ناردبوو، گەشەی کردبوو.

بەرپرسانی ئیسرائیلیش هەروەها توانیان ئوسامە زەهادی حەمید کریکا، ئەندامی قاعیدە کە هەولی دەدا لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠١ غەزە بەجێبێلێت بگرن. ریکا کە چەندین بەڵگەنامەی سەبارەت بە پەرەپێدانی موشەکی قەسام پێبوو، دانی بەوەدانا کە هۆکاری رۆیشتنی بۆ سعودیا ئەوەبوو کە خەڵك لەمەڕ پرۆگرامی پەرەپێدانی موشەکی هۆشیارکاتەوە و بودجەی پێویست بۆ بەدیهێنانی پۆژەی دابین بکات. کریکا پێش گیرانی لەمیانەی گەشتێکی سەرکەوتووان بۆ سعودیا بودجەیەکی بەرچاوەی بۆ بەدیهێنانی پرۆگرامی موشەکی قەسام کۆکردبۆوە. بە ئاماژەکردن بە رۆڵی گرنگی دەوڵەمەندەکان لە پشتیوانی دارایی تیرۆریستەکان لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢، جیمی گارل، راوێژکاری وەزارەتی دەرەوە بە لیستێك کە لە ١٢ کس لە پشتیوانیکەرانی سەرەکی قاعیدە کە زۆربەیان سعودی بوون بەرەو ئەوروپا بەری کەوت تاکو هاوتای ئەوروپایی خۆی رازی بکات کە ئەوان وەکو سەرمایەدارە تیرۆریستەکان دیاری



بکەن و داراییەکانیان بلۆك بکەن.

## "بازرگانی یاسایی"

بەهۆی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوەکان لەمەڕ خانووی گرووپیە نەناسراوەکانی قاعیدە لە ئەوروپا و کەلك وەرگرتنی بەرفراوان لە بازرگانی یاسایی لەلایەن ئەندامانی قاعیدە بۆ بەدەستهێنانی داهات بۆ پشتیوانی کردن لە چالاکی تیرۆریستی، چالاکیەکانی ئەوان ئاشکرا بوو. بەپێی گەواهیەکانی بەرپرسێکی پایەبەرزی FBI کۆمپانیایەکی لوولەکەشی کە لەلایەن ئەندامانی تۆری قاعیدە لە ئەوروپا بەرێوەدەبرا، ئەو جەنگاوەرانەی کە لە شوێنەکانی وەکو بۆسنیا دەهاتن و ئامانجیان جیهاد بوو دادەمەزراند. ئەندامەکانی تۆرەکە، بازرگانی تر وەکو کرین، چاککردنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمۆبیلە کۆنەکانیان ئەنجام دەداو لەهەموو ئەو بەشانەدا ئەندامەکانی تۆرەکە، مووچە یاسایی، یارمەتیەکانی حکومەت و داهاتە زیادەکانی خۆیانیان کۆدەکردەوە و بودجە تیرۆریستیەکانیان بەشێوەی پارە یا لەرێگەی تەلیگراف بۆ یەك یا دوو حیسابی بانکی دەنارد. بەگوێرەی قسەکانی دادوەرێکی حکومەتێکی لوبنان، ئەندامەکانی تورێکی هەڵوەشاوەی قاعیدە



بودجەی چالاکیەکانی خۆیان لەرێگەی کرین و فرۆشی ئۆتۆمۆبیل لە ئەڵمانیا دابین دەکرد و بەرژەوەندی بازرگانی تریشیان دەدا بە چالاکی تۆری تایبەت.

دامەزراندنی یاسایی شتێك بوو بۆ دابینکردنی پارەی تیرۆریستیەکان کە جارجار قازانجی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دەبوو. محەمەد حەیدەر زامر، کە خەڵکی سوریایە و لە ئەڵمانیا دادەنیشت وەکو فرۆکەرفێنێکی ١١ی سێپتەمبەر چووبووە ناو گرووپەکەو لە کۆمپانیایەکی بازرگانی کاری دەکرد. بەرێوەبەری ئەو کۆمپانیایە، عەبدولمەتین تاتاری ئەندامی گرووپی ئەخوانی موسلمینی سوریاو یەکێك لە سەرمایەدارە سەرەکیەکەی ئەوان محەمەد مەجید سەعید، سەرۆکی دەستەی رێکخراوی زانیاری سوریا لەساڵی ١٩٨٧ تا ١٩٩٤ بوو.

## "سیستەمی بانکی"

سیستەمی بانکی نێودەوڵەتی و نافەرمی رۆلێکی سەرەکی لە پشتیوانی کردنی دارایی لە تیرۆریزم گێراوە. بانکی رۆژئاوا بانکێکی تایبەتییە بۆ جەخت کردنەوە و رابەرایەتی بەرژەوەندی دارایی کە سەرمایەکان بۆ چالاکییە تیرۆریستیەکان بۆ پاکستان دەگوازێتەوە.

بۆنموونە، سابت مرداوی و عەلی سەفوری کە لەدەوروبەری سنووری پاکستان دەستگیر کران، دانیان بەوەدانا کە چەندین حیسابی بانکیان بەناو خۆیان یا بەناوی ژنانی پیریان کردۆتەوە.

بەڵام پەیوەندی بانکی عەرەبی لەگەل پشتیوانی دارایی تیرۆریستەکان سەرووتر لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستە. بەپێی بەڵگەنامەکانی دادوەری ئیسپانیا، تۆری قاعیدە ئەرکی ئەوەی پێسپێردرابوو تاکو هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر رێکبخات و وەکو ناوەندی لۆژستیك و ئەندامگیری لەو بروایەدابوون کە بانکی عەرەبی پارە لە لە ئیسپانیاوە بۆ هاوپەیمانەکانی خۆی لە پاکستان و یەمەن بگوازێتەوە. لە ئەندامەکانی تۆرەکە دەتوانین ئاماژە بە ناوی عیمادەدین ئەلیار کاس بکەین کە هەواڵی هێرشە تیرۆریستیەکانی بە تەلەفۆن بە ناوەندی هەواڵی ئیسپانیا رادەگەیاند.

جگە لە سیستەمی رەسمی بانکی نێودەوڵەتی، سیستەمە بانکییە نارەسمیەکانیش رۆلێکی تایبەتیان هەبوو. وەزارەتی دارایی، دارایی ٦٢ رێکخراو و کەسایەتی پەیوەست بە تۆرە مالیەکانی ئەلبەرەکات و ئەلتەقوای لە تشرینی دووەمی ٢٠٠١ بلۆك کرد. نوێنەرایەتی فیدراڵی نووسینگەکانی ئەو گرووپانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و لە ئەوروپا و باهاما هێرشیان کرایە سەر. سەرۆك بۆش لەو بروایەدابوو کە ئەو دوو رێکخراوەیە خزمەتگوزاری مالی، پەیوەندی، دابینکردنی چەك و گواستنەوەی بە کەشتی بۆ قاعیدە ئەنجام دەدەن. چەند مانگ دواتر جۆن سی جێگیری وەزیری دارایی بە کۆنگرەی راگەیاند کە لەساڵی ١٩٩٧، ٦٠ ملیۆن دۆلار کۆکراوەتەوە و بۆ بەرژەوەندی قاعیدە خراونەتە حیسابی گرووپی ئەلتەقواوە.

خاوەندارەکانی ئەلتەقوا بەرواڵەت ئەندامی ناسراوی قاعیدە و کەسایەتی پەیوەست بە رێکخراوە جیاوازەکانی پەیوەندیدار لە قاعیدەنە. ناوەندی هەواڵگری ئیتالیا راپۆرتێکی لەمەر پەیوەندی ئەلتەقوا لەگەل قاعیدە، گرووپە ئیسلامیەکانی چەکداری ئەلجەزیرە (GIA) و گرووپی کۆمەڵی ئیسلامی میسر بڵاوکردەوە.

چالاکی خراپکارانە

هۆکارە یارمەتیدەرەکانی پشتیوانی مالی تیرۆریزم دەتوانین بە چالاکی خراپکارانە




ناوزەد بکەین. کاربەدەستان بەلجیکا فەرمانی دەستگیری ڤیکتۆر بوتیان دەرکرد. ئەو یەکێك لە قاچاخچییە بەدناوەکانی چەك بوو، کە گومانی لێدەکرا بۆ دابین کردنی چەك بۆ تالەبان و قاعیدە و هەروەها گرووپە ئەفریقاییەکانیش ئەلماسی بەرامبەر چەك دەدانێ.

قاعیدە هەروەها چەندین میلۆن دۆلار لە بودجەی خۆی لەرێگەی پارەی قاچاخی مادده بێهۆشکەرەکان بەدەست دێنێت. بەشێوەیەکی تر، قاعیدە ٣٥٪ ی بودجەی چالاکیەکانی خۆی لە رێگەی بازرگانی مادده بێهۆشکەرەکان دابین دەکات. قاعیدە لەرێگەی بازرگانی بە مادده بێهۆشکەرەکان لە ئەفغانستان پارەیەکی زۆری بەدەست هێناوە.

قاعیدە و گرووپە تیرۆریستیەکانی تر لەرێگەی قاچاخی مادده بێهۆشکەرەکان لە ئەمەریکای باشوور پشتیوانی لە خەرجی چالاکیەکانی خۆیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن. لێکۆڵینەوەی ئاژانسێکی چالاکی مادده بێهۆشکەرەکان (DEA) پلانی قاچاخ لە ناوچەکانی باکووری ناوەندی ئەمەریکا بۆ ئەردەن، یەمەن و وڵاتەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشکرا کرد کە حیسابی بانکی پەیوەست بە قاعیدەیان هەبوو. ئاساها کینسون، سەرۆکی DEA دووپاتی کردەوە کە "بەشی زۆر لە قازانجی فرۆشتنی مادده بێهۆشکەرەکان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی رێکخراوە تیرۆریستیەکان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نێردراون."

بەرپرسێکی پایەبەرزی پرۆسەکان لە ئەمەریکا ئاماژەی بەوەکرد:"بەشێکی سەرەکی لە پارەی دەستکەوتوو لە کارە نایاساییەکان بۆ پشتیوانی کردن لە تیرۆریزم لە ئەمەریکاوە چۆتە دەرەوە." کاربەدەستێکی حکومیش ئاماژەی بەوەکرد کە "سەرچاوەی موسلمانە توندرەوەکان" لە کۆنگۆ، قاعیدە و گرووپەکانی تر هەنە کە کاری قاچاخی ئەلماس ئەنجام دەدەن و گرووپەکانی قاعیدە، سەرمایەگوزارەکانی بازاری رەشی زێر و ئەڵماسن.

تەکنیکە کۆنە بەکارهاتووەکان لەلایەن گرووپە تیرۆریستیەکان بریتی یە لە قاچاخ، رفاندنی مرۆڤ و زۆرداری. بۆنموونە لە حوزەیرانی ٢٠٠٢ "محەمەد" و "چاوکی حەموود" دوو برای ئەندامی تۆری پشتیوانی قاعیدە لە شارلۆت لە کالیفۆرنیای باکوور بە تۆمەتی ئەنجامدانی پشتیوانی مالی لە چالاکیەکانی قاعیدە لە رێگەی داهاتی قاچاخی سیگار دەستگیر کران. حەوت لە تۆمەتبارەکان دانیان بە تاوانەکانیان لەمەڕ پشتیوانی مالی لە تیرۆریستەکان، قاچاخی سیگار و پێشێل کردنی یاسای کۆچکردن، دانا. لە ئەمەریکای باشوور، قاعیدە لە ئاستێکی فراواندا دەستی دایە چالاکی خراپکارانە و تەزویرکردنی پارە. ئەو چالاکیانە کە بازرگانیی هۆشمەندەکان لەخۆ دەگرێت بەهاکەی نزیکەی چەند هەزار دۆلار دەبێت کە دەیان هەزار دۆلاری ئەو بۆ شوێنە جیاوازەکانی جیهان دەنێرێت، جێگەیەك کە مافیای کۆمەڵگای ناوچەیی عەرەب و پلانە ئاڵۆزەکانی هاوردە و بردنی لە هیند و هۆنگ کۆنگ لێیە.

به چاوخشاندنەوە بەسەر چالاکییەکانی قاعیدە لە ناوچە سنوورییەکان تەرای (سنووری بەرازیل و ئارژانتین) دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە قاعیدە و گرووپەکانی تر بە رەوەندی سیاسەتی چەند راگەیاندنی نامەجازی سەرمایەگوزاری دەکەن و بە کۆپی کردنی بەرهەمە هونەرییەکان، سالانە چەندین میلیۆن دۆلار لە تەزویری مافی ئیمتیازی ئالۆویرەکانی راگەیاندن بەدەست دێنن. سەرانی پایەبەرزی ویلایەتە یەکگرتووەکان خەریکی لێکۆڵینەوە لە جۆرە جیاوازەکانی چالاکییە خراپکارەکانی گومانلێکراو لە سەرمایەگوزای گرووپە تیرۆریستیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن کە دەتوانین ئاماژە بە دزین و فرۆشتنی دووبارەی شیری وشکی منال، تەزویری بیتاقەی خاروبار و خواردەمەنی، تەزویری کریدیت کارت و بیمە و دابینکردنی کۆمەڵایەتی بکەین. سەرانی ئەمەریکایی لەو باوەڕەدان کە ساڵانە "رێژەیەکی بەرچاو" دۆلار لەرێگەی پیشەسازییە نایاساییەکان بەدەستی تیرۆریستەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەگات کە لە ٢٠ میلیۆن دۆلارەوە بۆ ٣٠ میلیۆن دۆلار لە زیادبووندایە. بۆ نموونە، کۆمپانیایەکی عەرەبی - ئەمریکایی لە دیترویت لەرێگەی چەکە نایاساییەکان ١٢ میلیۆن دۆلاری لە ئەمریکا بەدەستهێنا.

## رێکخراوە خێر خواز و مرۆڤدۆستەکان

رۆڵی رێکخراوە خێرخواز و مرۆڤدۆستەکان لە چالاکیە تیرۆریستیەکاندا زۆر هەستیارە، چونکە کاربەدەستان دەبێ رێکخراوە نایاساییەکان لە یاساییەکان جیابکەنەوە واتە ئەو رێکخراوانە کە ناژیرانە یارمەتی فرۆکەرفێنەکان دەدەن بە ئامانجی گواستنەوەی سەرمایەی تیرۆریستەکان و ئەوانەی تر کە بە ئەنقەست دەرگیری پشتیوانی لە تیرۆریزم دەبن. رێبەرانی رێکخراوەکانی گرووپی دووەم سەرمایەکانی خۆیان لە هەم لە رێگەی ئەو کەسانەوە کە بە ئامانجەوە پشتیوانی مالی لە تیرۆر دەکەن و لە رێگەی ئەو کەسە بێ ئاگا و بێ تاوانانە کە تووشی مەسەلەکانی تیرۆریزم دەبن، دابین دەکەن.

## دابین کردنی خەرجییەکانی تیرۆریزم

ماوەیەکی زۆر پێش رووداوی ١١ی سێپتەمبەر بەرپرسان ئاگاداری پشتیوانی مالی تیرۆریزم لەلایەن تۆرە داراییەکانی رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان بوون. ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بە هێرش بۆ سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لەساڵی ١٩٩٣دەکرد، زانیان کە پشتیوانی مالی لە چالاکییەکانی ئەو هێرشە لە رێگەی کۆمپانیایەك ئەنجام درا کە ئاوی پیرۆی لە مەککەوە بۆ پاکستان دەبرد. لەساڵی ١٩٩٧ دەوڵەتی کەنەدا سەرمایییە حکومییەکان لەمەڕ کاری مرۆڤدۆستانەی نێودەوڵەتی لەوانە رێکخراوی مرۆڤدۆستی کەنەدی کە لە دوو وڵاتی کەنەدا و ئەمەریکا پەیوەندی بە گرووپە تیرۆریستیەکانەوە هەبوو، بڕی. لە ١٤ دێسەمبەری ٢٠٠١ کاربەدەستانی فیدراڵی هێرشیان کردە سەر نووسینگەی رێکخراوی ئاسوودەیی جیهان لە شیکاگۆ و داراییەکانیان بلۆك کردن. چەند رۆژ دوای ئەوەیکە ناتۆ زانیاری باوەڕپێکراوی لەمەڕ پەیوەندی گرووپەکە بە پلانی هێرشەکان بەدەست هێنا، پەلاماری نووسینگەکانی ئەوانیان لە کۆسۆڤۆ دا. دەستکەوتی رێکخراوی ئاسوودەیی جیهانی لەساڵی ٢٠٠١ زیاتر لە ٥میلیۆن دۆلار بوو هەرچەندە لەوانەیە زۆربەی ئەو سەرمایانە لەرێگەی یاسایی یەوە بەدەست هاتبێت بەڵام لێکۆڵەرەوەکان دووپاتی دەکەنەوە کە ئەو رێکخراوە یەکێك لە پشتیوانە سەرەکییەکانی تۆری قاعیدەیە. بەهۆی بەڵگە بەدەستهێنراوەکان لەلایەن لێکۆڵەرەوە نێودەوڵەتییەکان راستی ئەو مەسەلەیە دووپات کراوە. بۆ نموونە بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئیسپانیا، محەمەد قەلیب کلاجە وعیدی، کە یەکێکە لە پشتیوانە سەرەکیەکانی بین لادەن لە ئیسپانیا پاش گیرانی دانی بەوەدانا کە سەرمایەکانی بۆ کەسانی دیاریکراو کە پەیوەندیان بە بین لادەنەوە هەبوو، کە نزیکەی ٢٠٥٨٥٣ دۆلار درا بە بێن سەیدی (ئەبو زەینەب) سەرۆکی نووسینگەی ئاسوودەیی جیهانی لە بەلجیکا.

بەپێی وتەکانی سەرانی ئەمەریکایی، رێکخراوی مرۆڤدۆستانەی ئەلوەفا کە رێکخراوێکی خێرخوازییە لە عەرەبستانی سعودی و بە لایەنگرە سەرەکییەکانی بین لادەن دادەنرێت. کاربەدەستێکی فەرمی گوتی: ئەلوەفا لەو گرووپە خێرخوازانەیە کە "خزمەتگوزاری مرۆڤدۆستانەی یاسایی پروپوچ ئەنجامدەدات بەڵام رێژەیەکی بەرچاو پارە خەرجی چەك و تەقەمەنی دەکات. بۆ نموونە پۆلیسی ئەفغانستان تاقیگەیەکی ماددەی تەقینەوەی لە بالەخانەی نووسینگەی ئەلوەفا لە شاری کابۆل دۆزبەوە کە پێش ئازادکردنی ئەفغانستان داگیرکرابوو.

عەبدولعەزیز هاووڵاتیەکی سعودییە و کاربەدەستی پایەبەرزی قاعیدەیە کە لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان دەستگیر کرا، هەروەها بەوە تۆمتبار کرا کە پشتیوانی دارایی لە چالاکیەکانی قاعیدە لە کەنالی ئەلوەفا کردووە.

هەندێك لە نووسینگە ئەمەریکاییەکانی رێکخراوی سعودی لە ڤیرجینیا لە ئازاری ٢٠٠٢ هێرشی کرایە سەر، لەوانە نووسینگەی رێکخراوی سەفا و دامەزراوی نێودەوڵەتی هزری ئیسلامی بوو کە زۆربەیان لە نووسینگەیەکی هاوبەش کاریان دەکرد. دامەزراوی سەفا کە پەیوەندی نێوان بنەماڵەی پاشایەتی سعودی و شێخ سلێمان عەبدولعەزیر ئەلراجی بوو لەم دواییانەدا داخرا. شێخ سلێمان خاوەن بانکێکی سعودی و لە دامەزرێنەرانی سەفا بوو. تارق حەمدی لە موزەفینی IIIT بوو کە بۆخۆی بەدوای پەیوەندییە تەلەفونیە سەتەلایتیەکانی بین لادەن لە نێویۆرك دەکەوت لەم رێگەیەوە رێکخستنی پێویستی بۆ بۆمب دانەرەوەکانی باڵوێزی ئەفەریقا رۆژهەڵاتی ئەنجام دەدا.

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی زانیاری ئەڵمان،

خالید هیمەت، ئەندامی دەستەی ژنو لە ڕێکخراوی خێرخوازی ئیسلامی نێودەوڵەتی نیشتەجێ لە کوەیت، بە بیستنی هەواڵی هێرشی ١١ی سێپتەمبەر خۆشحاڵی خۆی نیشان دا،داراییەکانی ئەو بەهۆی پەیوەندی هەبوون بە تیرۆریزمەوە دەستی بەسەردا گیرا.

پێنج ڕۆژ پێش هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، FBI پەلاماری نووسینگەکانی کۆمپانیای ئینتەرنێتی ئینفۆکامی دا و دەستی بەسەر داراییەکەیاندا گرت. ئەندام، نووسینگە و ئەندامەکانی بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایە پەیوەندیان بە قاعیدەوە هەبوو. بەگوێری بەیاننامە داراییەکانی ساڵی ٢٠٠٠ هەموو داراییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە نزیکەی ١٣ میلیۆن دۆلار بوو. لە پێش نووسی ڕێککەوتنامەیەکی ٤٩ لاپەرەیی، حکومەتی ئەمەریکا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو سەرمایەیە لەلایەن قاعیدەوە بۆ پشتیوانی مالی قوتابخانە و مەشق کردنی منال و شوشتنەوەی میشکی ئەوان سەبارەت بە تەقینەوە خۆکوژییەکان ئەنجام دەدرا.

## یارمەتیدانی پەرەپێدانی تیرۆریزم

ڕێکخراوە خێرخواز و مرۆڤدۆستانەکان جگەلە پشتیوانی مالی لە تیرۆریزم، لەپێناو پێشکەوتنی ئامانجەکانی تیرۆرریزم بەشێوەیەکی چالاك کاریان دەکرد. بەپێی گوتەکانی کاربەدەستێکی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا، لێکۆڵەرەوەکان لە ئەفغانستان بە خێرایی زانیان کە کەسە گومانلێکراو و دەستگیرکراوەکان کە بانگەشەی ئەوە دەکەن " لەکاتی ئەنجام دانی یارمەتی مرۆڤدۆستانە دەستگیرکراون"، مەشقی سەربازییان کردووە. ئەو کاربەدەستە ئاماژەی بەوەشکرد:"ئەوە وەڵامێك بوو کە ئەوان لەکاتی دەستگیریدا دەیانداوە."

چەندین ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانە وەکو ڕێکخراوی ئاسوودەیی نێودەوڵەتی لە تەقینەوەکانی باڵوێزی ئەمەریکا لە ئەفریقا لەساڵی ١٩٩٨ ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو. ١٤کەس لە دادگای نیویۆرك تۆمەتی هاوکاری هێرش بۆ سەر باڵوێزەکەیان بە سەردا سەپا کە یەکێك لەوان ئەندامی پێشووی قاعیدە بوو کە لە کاروبارە خێرخوازییەکاندا وەکو هێزی پشتیوانی گرووپە تیرۆریستیەکانی وەکو Mercy خزمەتی دەکرد. بەڵگە بڵاوکراوەکان لە دادگادا سەڵماندی کە Mercy کاری قاچاخی چەکی لە سۆمالیاوە بۆ کینیا ئەنجام دەدا و عەبدوڵڵا محەمەد یەکێك لە دانەرانی بۆمب لە نایرۆبی هەشت پاسەپۆرتی تەزویری ئەلحاجی بۆ نووسینگەی Mercy لە کینیا بردبوو.

پاش دانانەوەی بۆمب لە باڵوێز، حکومەتی کینیا جگە لە Mercy، ڕێکخراوی ئاسوودەیی ئیسلامی نێودەوڵەتیشی داخست. لەساڵی ١٩٨٦ تا ١٩٩٤ محەمەد جەمال خەلیفە، برای ژنی بین لادەن نووسینگەی ئەو ڕێکخراوەی لە فیلیپین بەڕێوە دەبرد. لە دێسەمبەری ٢٠٠١ پۆلیسی فیلیپین چوار عەرەبیان لەپەیوەندی لەگەل بەرەی ئازادی ئیسلامی مورو (MILF) دەستگیر کرد و ئەوانیان وەکو دەستەیەك کە درەنگ ئاشکرا بوو پەیوەندی بە قاعیدەوە هەبوو ناساند. محەمەد سەبری یەکێك لە چوار کەسە دەستگیر کراوەکەیە، فەلەستینیەکە کە بە گوتەی پۆلیسی فیلیپین پەیوەندیەکی تەسکی لەگەل خەلیفە لە بەڕێوەبردنی نووسینگەی IIRO هەبوو. لە کانوونی دووەمی ١٩٩١ پۆلیسی هیند پیلانی تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی ئەمەریکای لە کەلکەتە و مودەرس پووچەل کردەوە. کەسی بەرجەستە و هزرڤانی ئەو پیلانە سەعید ئەبو نەسیر یەکێك لە کارەکەرەکانی IIRO بوو کە لە ئەفغانستان مەشقی تیرۆریستی کردبوو. کاربەدەستانی کەنەدی لەساڵی ٢٠٠١ مەحمود جەبالەیان پاش ئاگادارکردنەوەی پۆلیسی نێودەوڵەتی کە ئەویان بە ئەندامبوون



لە ڕێکخراوی تیرۆریستی جیهادی ئیسلامی لە میسر تۆمەتبار کرد، دەستگیر کرد. لەساڵی ١٩٩٩ کاربەدەستانی کەنەدا هەوڵیان دا تاکو جەبالە بەهۆی چالاکی تیرۆریستی و خراپکاری لە IIRO لە کەنەدا وەدەرنێن. بەپێی لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوەکان سەبارەت بە هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر ئاشکرابوو کە فیاز ئەحمەد، فرۆکەرفێن چەندین جار ئاشکرای کردبوو کە لەکاتی بەشداری کردنی ئەو لە کارە خۆکوژییەکاندا، باوکی بۆ ئەنجام دانی کارەکانی IIRO بۆ دەرەوەی وڵات گەشتی کردبوو.

IIRO وەکو زۆربەی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستانەکانی سعودی بەشێکە لە ئەنجوومەنی ئیسلامی جیهان کە لەلایەن حکومەتی سعودیا (لە ڕاستیدا ئەنجوومەنی موسلمانانی جیهان و نووسینگەی هاوبەشی (IIRO) لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان) پشتیوانی مالی لێدەکرێت. ناوی وائیل حەمزە جەلائدین، کاربەدەستی پایەبەرزی




ئەنجوومەن لە پاکستان، لەناو لیستی وەزارەتی دارایی دایە بۆ بلۆك كردنی داراییەکانی. لە ئازاری ٢٠٠٢، هێزەکانی وەزارەتی دارایی کە بە دوای بەڵگەوە بوون بۆ ئاشکراکردنی پشتیوانی دارایی (IIRO) لە قاعیدە، هێرشیان کردە سەر نووسینگەکانی (IIRO) و ئەنجوومەنی ئیسلامی جیهان لە ڤیرجینیا.

وەزارەتی دارایی، کەل و پەل و دراوەکانی ئەندامانی ڕێکخراوی ئەنجوومەنی موسلمانانی جیهانی وەکو رابیتا تراست کە گومانی پشتیوانی مالی لە تیرۆریزمی لێدەکرا، بلۆك کرد. رابیتا کە بە وتەی کاربەدەستانی ئەمەریکایی ناوی خۆی بۆ ڕێکخراوی "الاما" گۆریبوو، پەیوەستە بە پاکستانەوە و لەساڵی ١٩٩٩ تا ٢٠٠١ چالاکانە پشتیوانی دارایی خۆی لە تالەبان زیاد کردووە.

ڕێکخراوی ئەلرەشید، لایەنگر و پشتیوانی قاعیدە و تالەبان، پەیوەندییەکی تەسکی لەگەل گرووپی تیرۆریستی حەبیش محەمەد (گرووپی هاوکاری قاعیدە) هەیە. ئەلرەشید پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەل رۆژی ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢ و کوشتنی هەواڵنێری رۆژنامەی وال ستریت لە پاکستان هەیە. پەلاماردەرەکانی پەیوەست بە گرووپی رادیکالی ئیسلامی لە پاکستان و لەسەرووی هەموویان حەبیش لەگەل قاعیدە پەیوەندیان هەبووە و (پۆلیان) لە ژوورێك لە کۆمەڵگەی بازرگانی سەر بە ئەلرەشید لەژێر چاودێرییەکی دژواردا، زیندانی کردووە.

لێکۆڵەرەوەکانی پاکستان دوازدە تەلەفوونیان ئاشکرا کرد کە لەلایەن یەکێك لە رفێنەرەکان بۆ پۆلیسێکی بێ رەحم بەناوی شێخ عەدیل و کارمەندێکی نەناسراو لە ڕێکخراوی ئەلرەشید کرابوو. جگە لەوەش ماڵپەرێکی ئینگلیزی بەناوی ڕێکخراوی جیهادی جیهانی کە بە ئاشکرا هاوکاری بین لادەنی دەکرد، زانیاری پەیوەست بە حیسابە بانکییەکانی ئەلرەشید و گرووپەکانی تری دابین دەکرد تاکو "بەرفراوانکردنی بزووتنەوەکانی جیهادی جیهانی بەهۆی پشتیوانی لەرێگەی کرینی چەك، مومکین بکات".

لە تشرینی یەکەمی ساڵی رابردوودا هێزەکانی ناتۆ هێرشیان کردە سەر کۆمیسۆنی باڵای سعودی بۆ یارمەتی بۆسنیا کە لەلایەن شازادە سەلمان کوری عەبدولعەزیز دامەزرابوو و شا فەحد پشتیوانی لێدەکرد. لەناو بەڵگە ئاشکرا کراوەکانی خێراتەکانی سعودیا، وێنەکانی پەیوەست بە پێش و پاش رووداوی سەنتەری بازرگانی جیهانی ئەمەریکا، بالوێزی کینیا و تانزانیا و نەخشەی کەشتیەکانی ئەمەریکا، نەخشەی باڵەخانە حکومییەکانی واشتنۆن، پلاکی وەزارەتەکانی کاروباری دەرەوەی ئەمەریکا و بەڵگەکانی تری دژە یەهوودی و ئەمەریکایی دۆزرایەوە. لەم دواییانەدا یەکێك لە کارمەندەکانی کۆمیسۆنی باڵای سعودیا بەهۆی یارمەتیدانی بۆسنیا و ئەندامی ناوەندی ڕێکخراو کە پەیوەندی تەلەفونی لەگەل ئوسامە بین لادەن و ئەبو زبێدە،

فەرماندەی چالاکییەکانی قاعیدە هەبوو، لەگەڵ چوار ئەلجەزیرەیی تر بەهۆی دارشتنی پیلان بۆ هێرشکردنە سەر باڵوێزی ئەمەریکا لە سارایڤۆ کەوتنە زیندانی گوانتانامۆوە. هەنووکە کاربەدەستان هەوڵدەدەن بۆ دۆزینەوەی ٤١میلۆن دۆلار کەمی بودجەی چالاکییەکانی کۆمیسیۆنەکە.
لە مانگی کانوونی دووەم کاربەدەستانی ئەمەریکایی پەلاماری نووسینگەی خێراتی سعودی لە شیکاگۆ و ئەنجوومەنی چاکەکاری نێودەوڵەتیان دا. ئەوان فیلمەکانی ڕێکخراو و راپۆرتی هەواڵی ڕێکخراوەکەیان دۆزیەوە. ئەم شتانە نیشانیان دا کە حەوت لە ئەفسەرانی ئەم ئەنجوومەنە ساڵی رابردوو لە چیچەنستان و بۆسنیا کوژراون. لە مانگی ئازاری ٢٠٠٢ بەرپرسانی بۆسنیایی لەکاتی لێکۆڵینەوە لە ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە بیانییەکان، ونبوونی بودجەیەکی زۆر لە نووسینگەی بۆسنیایی نێودەوڵەتی چاکەکاریان بۆ دەرکەوت.
هەروەها لە مانگی ئازار پۆلیسی بۆسنیا پەلاماری نووسینگەکانی ڕێکخراوەیەکی خێراتی ئیسلامی بەناوی "داهاتوویەکی باش" بۆسنیا دا کە لەژێر چاودێری ڕێکخراوی چاکەکاری نێودەوڵەتی لە بۆسنیا چالاکی دەکرد. کاربەدەستان چەك، نەخشەی دروستکردنی بۆمب، تەلەکانی تەقینەوە و پاسپۆرتە تەزویرەکانیان دۆزیەوە. لەو هەڵمەتی پشکنینەدا، نووسینەکانی بین لادەن و ئەندامەکانی تری قاعیدە، هەروەها لیستی ناوی پشتیوانە دەوڵەمەندەکانی سعودیا کە پەیوەندیان لەگەل بین لادەن هەبوو، ئاشکرابوو. ڕۆژێك پاش زانینی هەواڵی هێرش بۆ سەر باڵوێزخانە، باڵوێزخانەی ئەمەریکا بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ (٢٠ تا ٢٤)ی ئازار داخرا. بە وتەی کاربەدەستێکی بۆسنیایی، تیرۆریستەکانی قاعیدە چەندین جار لە سوفیا و بولگارستان دیتراون، واتە هەمان شوێن کە پێشبینی دەکرا ڕووداوێکی وەکو ١١ی سێپتەمبەر لە سارایڤۆ ئەنجام بدرێت. دوو ڕۆژ دواتر باڵوێزخانەکە دووبارە کرایەوە و پۆلیسی بۆسنیا منیب زاهیر ئەجیك، سەرۆکی نووسینگەی ناوچەیی چاکەکاری و ئەفسەری پێشووی پۆلیسی نهێنی موسلمانانی بۆسنیای دەستگیر کرد.
لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٢ حیسابە بانکییەکانی BIF لەلایەن خەزێنەداری ئەمەریکا بلۆك کرا. پاشان لە ٣٠نیسانی ٢٠٠٢ عەنام ئەرنات، بەڕێوەبەری جێبەجێ کردنی ئەم ڕێکخراوەیە بە تاوانی گەواهی درۆیینە دژی ئەمەریکا دەستگیر کرا. ئەگەرچی ئەو تاوانە دواتر بەهۆی هۆکاری تەکنیکیەوە ڕەد کرایەوە، بەڵام ئەرنات لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ بە لایەنگری لە تیرۆریزم تۆمەتبار کرا. بەپێچەوانەی دەربڕینەکانی ئەو، بەڵگە و گەواهی شاهیدەکان سەڵماندی کە ئەرنات لەڕێگەی ڕێکخراوێك، دراو و چەکی بۆ بین لادەن دەنارد و بە جۆرێك پەیوەندی تایبەتی لەگەل بین لادەن و زۆربەی هاوپەیمانە سەرەکییەکانی هەبوو .
لەڕاستیدا بین لادەن ئەوەندەی باوەڕ بە ئەرنات هەبوو کە رووخسەتی بە ئەو دا پارێزگاری لە یەکێك لە ژنەکانی لە باڵەخانەی ئەرنات لە پاکستان دا بکات. ئەو ڕێکخراوەیە لەلایەن شێخ عەبدول جەلیل بتارژی، یەکێك لە هاوپەیمانەکان بین لادەن دامەزرا و پاشان کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی خرایە دەست ئەرنات.

## نارێک و پێکی لە ڕێرەوی پشتیوانی دارایی تیرۆریزم

حکومەتی بۆش لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ بە ئامانجی دانان و دیاریکرنی گرووپە تیرۆریستیەکان، فەرمانی بلۆك کردنی دارایی ڕێکخراوەکان، کۆمپانیا و کەسایەتییەکانی پەیوەندیدار بە تیرۆریزمی، دەرکرد. بەشێوەیەکی گشتی لیستی حکومەتی ئەمەریکا لە ١٩١ کەس و ڕێکخراوی لایەنگری تیرۆریزم لەهەموو جیهاندا پێکدەهات و نزیکەی ٣٤ میلیۆن دۆلاری لە جیهاندا سەرمایە هەبوو. حکومەتەکانی تریش لەسەر ئەم کارەی ئەمریکا بەردەوام بوون. بەپێی راپۆرتی وەزیری خەزێنە دەسەڵاتی یاسایی ١٥٠ وڵات سنووردار کرا و زیاتر لە ٧٠ میلیۆن دۆلار سەرمایە بلۆك کرا.

## هاوکاری نێودەوڵەتی

ئامانجی دانای دەستەیەکی بەرفراوان لە سەرمایەی ڕێکخراو و گرووپەکان و ڕێگە گرتن لە گواستنەوەی بودجەی تیرۆریستی کارێکی گرنگ و دژوارە بەڵام وەکو بەشێك لە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان هاوکاری کردنی گشتی حکومەتەکان بە پێویست دەزانن، بەتایبەتی ئەوەکە پرسی تیرۆریزم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر هەستیارە. لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠١ دەستەیەکی پایەبەرزی ئەمەریکایی نێردران بۆ سعودیا تاکو داواکاری هاوکارییەکی بەرفراوان لەمەڕ دانی سەرمایە بە تیرۆریستەکان ڕێکبخەن. سێ مانگ دواتر پۆل ئونیل، وەزیری خەزێنەداری لەمیانەی چاوپێکەوتنێك لەگەل کاربەدەستانی سعودیا، نیگەرانی خۆی لەمەڕ پەیوەندی لەگەل ڕێکخراوە تایبەتە مرۆڤدۆستەکان دەربڕی. لە میانەی ڕۆژەکانی دواییدا ئەمەریکا و سعودیا بە ڕێککەوت حیسابی بانکی نووسینگەکانی بۆسنیا و سۆمالیان لە سعودیا کە پەیوەست بوو بە ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان داخست. لێکۆڵەرەوەکانی بۆسنیا زانیان کە هەموو بەڵگەنامەکانی ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩٤ ەوە بزر بووە. لەگەل ئەوەشدا لە ئابی ٢٠٠٢ گوشاری سەرانی سعودیا لەسەر کاربەدەستانی بۆسنیایی بووە هۆی کرانەوەی نووسینگەکان و ئازادبوونی دارایی و پاسپۆرتەکانیان. چالاکییە گومانناوییەکان ئەلحەرەمین تەنها بۆ نووسینگەکانی بۆسنیا و سۆمالی ناگەڕێتەوە بەڵکو راپۆرتی پەیوەندی دارایی قاعیدە لەگەل جەنگاوەرەکانی چیچێنستانیشی ئاشکرا کرد. جگەلەوەش پاش دەستگیرکردنی عومەر فاروق، هۆکاری سەرەکی چالاکییەکانی قاعیدە لە ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات، لە ئەندۆنزیا لە ٥ی

ئەیلوولی ٢٠٠٢، لە قسەکانیدا گوتی کە چالاکییەکانی قاعیدە لەو ناوچەیەدا لەلایەن یەکێك لە باڵەکانی ئەلحەرەمین پشتیوانی لێدەکرا. بەڵام راپۆرتەکانی دواتر نیشانی دا کە کاربەدەستانی ئەمەریکایی نیگەرانن کە کاربەدەستانی سعودیا لەمەڕ پەیوەندییەکانی تری رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان بۆ نموونە وەفا، رێکخراوی نێودەوڵەتی ئاسوودەیی ئیسلامی IIRO و ئەنجوومەنی موسلمانان چاوپۆشی بکەن.

## لە پەراوێزی هاوکاری نەکردنی سعودیا

تێروانینی کەمینەی سەرانی سعودی لەسەر خەرج کردنی بودجە بە مەبەستی پشتیوانی لە ئامانجی توندرەوەکانە. بەرپرسێکی سعودی ئاماژەی بەوەکرد کە چەندین رێکخراو دروست دەبن تاکو رێگە لە دەستنیشانکردن و ناسینی هۆکارەکانی کاری خێر لە دابینکردنی بودجەی تیرۆریزم بگرن، چونکە نایانەوێت ئەو کەسانەی کە بەشداری لە کاری خێردا دەکەن بناسرێن.

شازادە بەندەر کوری سولتان، باڵوێزی سعودیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دانی بەوەدانا کە بە لێکۆڵینەوە لە سەرچاوە داراییەکان دەگەینە ئەو ئەنجامە کە سەرانی سعودیا دراوەکانی خۆیان لە سعودیا کۆدەکەنەوە و بۆ ئەوروپای دەنێرن و لەوێشەوە بۆ ئەمەریکای دەنێرن و پاشان ئەم دراوانە ناتوانرێ کۆنترۆل بکرێن.

سعودییەکان بە جۆرێك لەپێناو رێگەگرتن و رێگاکانی گواستنەوەی سەرمایە و داخستنی حیسابی بانکی پەیوەست بە پیلانگێرانی ١١ی سێپتەمبەر هەنگاوی بچووکیان هەڵێنا و یاسای نوێی حکومییان لەمەڕ زیادکردنی سەرمایەی تاکەکەس پەسند کرد. سەرانی سعودیایان هاندەدا تاکو زەکاتی خۆیان تەنیا بەو گرووپانە بدەن کە لەژێر پشتیوانی راستەوخۆی ئەندامێکی بنەماڵەی پاشایەتیدانە. بەڵام لە لایەکی ترەوە وەکو نموونە سەڵمێنراوەکان لە بۆسنیا، زۆربەی ئەو گرووپانە خۆیان گومانی تیرۆریزمیان لێکرا.

لەمیانەی زۆرتر لە یەك سال جەنگ دژی تیرۆریزم، سەرانی سعودی بەردەوامبوون لە پشتیوانی خۆیان لە رێکخراوەکانی لایەنگری تیرۆریزمی نێودەوڵەتی. راپۆرتە جیاوازەکان نیشاندەری پشتیوانی بەردەوامی سعودیا لە قاعیدەیە. وەزارەتی زانیاری کەنەدا لە راپۆرتێکدا سەڵماندی کە لەرێگەی کاناڵی خێرخوازی سعودیاوە مانگانەی نزیکەی ١ تا ٢ میلیۆن دۆلار یارمەتی ئەو رێکخراوە دەدرا.

لە حاڵەتێکدا کە ئەنجوومەنی پەیوەندی دەرەوە، کەسایەتی و رێکخراوە خێرخوازییەکانی لە سعودیا وەکو "گرنگترین سەرچاوەی پشتیوانی ماڵی لە قاعیدە" ناساند بەڵام حکومەتی سعودیا بەردەوام چالاکیەکانی خۆی دەشاردەوە. هەروەها بەپێی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرچاوە داراییەکانی قاعیدە "گونجاو و تەواوە" و "ئامانجی سەرەکی رێکخراوەکە، خەڵك و بەشەکانی سەر بە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیەتی".

لەمیانەی هێرشەکانی وەکو دورگەی باڵی و مۆسکۆ و لەژێر سایەی هاوکاری نەکردنی سعودیا لەمەڕ سنووردارکردنی پشتیوانی دارایی لە تیرۆریزم، ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی دەبێ هەوڵی هاوبەشیان لانی کەم گونجاو لەگەل ئابووری جیهان یا بەبێ هاوکاری سعودیا پەرەپێبدەن. هەوڵەکانی داهاتووی ئەمەریکا بۆ جێبەجێ کردنی ئاسایشی هاوکاری ئەوروپا بۆ بلۆك کردنی دارایی پشتیوانە سەرەکییەکانی قاعیدە کە زۆربەی ئەوان سعودینە، زۆر پێویستە.

## هاوکاری لەگەل ئەوروپا

بە سەرنج دان لە دابەشکردنە بەرفراوانەکانی پشتیوانی دارایی تیرۆریزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرانی ئەمەریکایی نیگەرانن کە هاوپەیمانە ئەوروپاییەکان رێژەیەکی کەم لە پشتیوانیانی تیرۆریزم بە لیستەکەوە زیاد بکەن و ناوە ئاشکراکراوەکان زۆرتر گرووپە ناوخۆییەکانی وەکو باسك و گرووپە ئیرلەندییەکان لەخۆ دەگرێت. ئەوروپاییەکان هۆکاری ئەمە دەگەڕێننەوە بۆ کەمی بەڵگەی پێویست.

لە سێی مانگی ئایاری ٢٠٠٢ یەکێتی ئەوروپا یازدە رێکخراو و حەوت کەسی بە لیستی بلۆك کردنی دارایی خۆی لە "کەسایەتی، گرووپەکان و هۆکارەکانی ناو کارە تیرۆریستیەکان" زیاد کرد. بەداخەوە بلۆك کردنی دارایی گرووپە تیرۆریستیە نائەوروپایی لەلایەن یەکێتی ئەوروپا نیشانەی لێکدانەوەی هەڵەی یەکێتی ئەوروپا لە چالاکیەکانی تیرۆریستی بووە. لەراستیدا یەکێتی ئەوروپا بەهۆی نەبوونی ناسینی دروست، چالاکی رێکخراوەکانی خێرخوازی لایەنگری لە تیرۆریزمی یاسایی کرد.

## بوروکراسی ئەمەریکایی

جەنگ لەگەل پشتیوانی مالی لە تیرۆریزم تەنانەت لە کۆمەڵگەی هۆشیار و یاسایی ئەمەریکاش بێ توانا و ئیفلیج بووە. بە پەراوێز خستنی دادگای باڵا و وەزارەتی دارایی، وەزارەتی دارایی چەندین جار چالاکی جێبەجێ کردنی هاوئاست لەگەل ئامانجی زانیاری دەست پێکردووە. درزی ستراتیژی لەنێوان بەشەکانی دانانی سیاسەتی چالاکیەکاندا جێگەی نیگەرانی بوو. چالاکی رێگری لە پشتوانی تیرۆریزم بە تایبەتی لە رێکخراوە خێرخوازی و مرۆڤدۆستەکان کە ئەم پشتیوانییەیان بە پشتیوانیکردن لە گرووپە یاساییەکان دەشاردەوە، پێویستی بە سیاسەتێك هەبوو کە بەشێوەیەکی ئاشکرا تاکو یازدەی سێپتەمبەر نەبوو. پشتیوانی مالی رێکخراوە خێرخوازییەکان لە تیرۆریزم تایبەتمەند نییە بە خێراتی ئیسلامییەکان بەڵکو ویستی زۆربەی چالاکی گرووپە تیرۆریستیەکانی جیهانی ئەمرۆکە و گرووپە رادیکاڵە ئیسلامییەکانە. دەبێ بەشێوەیەکی گونجاو دابین کردنی کاتی پێویست لێکۆڵینەوەی پێویست ئەنجام بدرێت.

# بیدل:

# ئێراق لەم ماوەیەدا پێشکەوتنی سیاسی و ئاسایشی بەخۆیەوە بینیوە

**چاوپێکەوتنی پێرنارد گوێترمەن لەگەڵ ستێفان بیدل** **بەشی ٢**

*** مەبەستت ئەوەیە کە ڕێکخستن تەنیا بۆ یەکبوون لەگەڵ سوننە و هەستانەوە لەدژی قاعیدە ئەنجام دراوە؟**

ئەمە بەشێکی گەورەیە لە شتەکە. لەو باوەڕەدام کە نزیکەی سێ یا چوار هۆکار بۆ ئەمە هەیە. یەکێك لە فاکتەرە بنەڕەتییەکان ئەوەیە کە سوننەکان لە جەنگی بەغدا شکستیان خواردووە و لەوە تێگەیشتوونە کە شکستیان خواردووە. بۆیە سوننەکان بەو ئەنجامە گەیشتوونە کە ئەگەر ئەو توندوتیژییانە بەردەوام بێت، ئەوان شکست دەخۆن، سەرناکەون. فاکتەری سەرەکی دووەم، ئەو ڕێگەیە کە قاعیدە لە ئێراق بەدەوریدا دەسووڕێتەوە. قاعیدە بووەتە هۆی دڕندەیی بوونی هاوپەیمانە کاریگەرەکانی بەتایبەتی سوننەکان لە ئەنبار و هەروەها لە شوێنەکانی تری ئێراقیش. لەبەر ئەم هۆیە، ئەوان وایان لەخۆ کردووە کە ببە مەترسیەکی سەرەکی بۆ سەر دانیشتووانی سوننە لە ئێراق و پاشان ئێمەش و تەنانەت حکومەتی شیعەش. سێیەم فاکتەری سەرەکی، گۆڕانی ئاشکرایە لە ڕوانگەی ئێراقییەکان لەمەڕ ماوەی مانەوەی ئێمە. من لە هەندێك لە ئێراقییەکان بیستووە کە لە ئەنجامی ڕاپۆرتەکەی دەیڤید پاتریۆس لە بەردەم کومیتەی کۆنگرێسدا، هەروەها لە ئەنجامی گۆڕانی مەیلی گفتوگۆکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان، زۆربەی ئێراقییەکان وازیان لە خواست و ڕێبازەکانی پێشوویان هێناوە. دوایینەمینیان بەهۆی کاریگەری ستراتیژی شەپۆلەوە بوو. کە ئەوان بە یەکەوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕوانگەی ئێراقییەکان کاریان دەکرد. باشتر وایە کە سوننەکان و حکومەت ستراتیژی ئاشتبوونەوەش ئەزموون بکەن.

*** من لەو باوەڕەدام کە زۆربوونی قسەکانی ڕاگەیاندنەکان لەمبارەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ جێهێشتنی بەغدا لەلایەن سوننەکانەوە، کە پێویست بە هیچ هۆیەکی تر بۆ توندوتیژی تایفیەکان ناکات لە بەغدادا، بۆیە ژمارەی قوربانییەکان کەم بووەتەوە.**

لێمگەڕێن با هەندێك شت دەربارەی پرسیاری پاکتاوی ڕەگەزی وەکو هۆکارێك بۆ کەمبوونەوەی توندوتیژییەکان بڵێم. ئەوە ڕوانگەیەکی زۆر باوە، من ئەوە بە هۆکارێکی سەرەکی نازانم. چونکە، یەکەم ئەوەکە توندوتیژی لە بەغدا هەردەم لەو سنوورانەی کە هەوڵەکانی پاککردنەوەیان تێدابووە و ئەو شارانەی کە پاکتاویان تێدا پەرەسەندووە، بووەو لەجوولە دابووە. ئەو توندوتیژییانە هەرگیز بچووك نەبوونە و بۆ دراوسێیەکانیشی گواستراوەتەوە. بەڵم ئایدیاکە ئەوەیەکە ئەگەر شارەێك ١٠٪ پاککرێتەوە زۆرتر مەترسیدارە لە شارێك کە ٩٠٪ پاککرابێتەوە. ئەگەر هەموو بەغدا بدەین بە دەستی شیعەکان، ئەوا هەڵمەتی پاککردنەوە تەنیا لەدەوروبەری بەغدا وەکو ناوچەی ئەبوغەرێب دەبێت. ئەگەر هەموویان پاککردەوە ئەوە دەچن بۆ شارەکانی تر. لەڕاستیدا بەغدا بە تەواوی پاك نەکراوەتەوە. بەغدا لە زۆرینەی سوننەوە گواستراوەتەوە بۆ کەمینەی سوننە، سوننەکانیش شکستیان خواردووە. بەڵم ژمارەیەکی زۆر شاری دراوسێیی سوننە ماون کە هێشتا پاك نەکراونەتەوە.

*** کەواتە ئاگربەستێکی پراکتیکی لە بەغدا دا جێبەجێ کراوە؟**

بەڵێ، ئێستاش تاڕادەیەك توندوتیژی لە بەغدا بەردەوامە، بەڵم توندوتیژییە گەورەکان کە هۆکارەکەی گرووپە تیرۆریستە سوننەکان و جەیشی مەهدی بوو وەستێنراوە. من لەو باوەڕەدام کە




ئەمە هۆکاری کەمبوونەوەی ئەندازەی توندوتیژییەکانە. ئەو خەڵکانەی کە پێشتر لە دژی ئێمە دەجەنگان، ئێستاکە لەلایەن دانیشتوون و بوونەتە پۆلیسی ناوخۆی ئێمە.

*واشنتۆرن لە داهاتوودا دەبێ چی بکات؟

من لەو باوەڕەدام کە گەورەترین پرس و سەرەکیترین سەرچاوەی گرژییەکانی ئێستا، ئەوەیەکە مشتومڕەکانی ناوخۆ زۆر ناسەقامگیرن کە ڕاگەیاندنەکان ئاماژەی پێدەکەن. گرنگترین شت ئەوەیە کە ئێمە هێزی تەواو لە ئێراق بێڵینەوە بۆ ئەوەی ئەو مشتومڕانە سەقامگیر بکەین. بۆیە ئێستا پاڵەپەستۆیەکی زۆر هەیە ئەگەر ئاستی توندوتیژییەکان بێنە خوارەوە و بۆ ماوەیەك نەمێنن، تاکو پاشان هێزەکان دێنینەوە دەرێ.

ئەگەر ئێمە بەراستی ئەمە ئەنجام بدەین، ئەوە هەلێکی باشمان بۆ دەرەخسێت تاکو هەموو ئەو مەیلانە پێچەوانە ببنەوە و هەموو ئەو مشتومڕانەش بڕووخێن.

• دیموکراتەکان لەم دواییەدا باس لە پاشەکشە ناکەن، هەرچەندە هەموو پالێوراوەکان حەزیان لە پاشەکشەی هێزەکانیانە ئەگەر بێتو لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بێنن؟

ئەوان زۆر هۆشیار و فیڵبازانە کاردەکەن. کاتێك من پلاتفۆرمەکەم دەخوێندنەوە، هەستم کرد کە ئەوان ئەو وشانەیان بەشێوەیەکی زیرەکانە بەکار هێناوە، ئەوان بەردەوام باس لە پاشەکشەی هێزەکان دەکەن. ئەوان زۆربەی جار باس لە کاتی کۆتایی هێنانی پاشەکشەکان ناکەن، هەروەها ئەوان باس لە هێزی سوپاکەیان بە گشتی ناکەن.

دووبارە ئەگەر بیتۆ ئەوانە بە وریاییانە لێك جیاکەیەوە، سیاسەتەکەیان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئیدارەکەی ئێستا نییە. ئێمە باس لە پاشەکشە دەکەین. پاتریۆس ڕایگەیاند کە ئەو ئەم کارە دەکت ئەگەر بێتو ئەو بارودۆخە بەردەوام بێت.

و: چینی گۆران

سەرچاوە: cfr

# خۆکووژی دیاردەیەکی نامۆی کۆمەڵگا کوردی

له بارودۆخی ئێستاکەی جیهانو دنیای پڕ له گۆڕانو گۆڕانکاری زانستو تیکنۆلۆژی‌دا، گوتاره فەرهەنگییەکانو توێژینەوەو ڕاڤەکردنی دیارده کۆمەڵایەتییەکان دەورێکی سەرەکیی له پانتایی ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕاگەیاندنەکانو میدیاکانی جیهانی دەگێڕنو له لایەن لێکۆڵەوەرانی زانستی کۆمەڵناسیو دەرون ناسییەوە دەخرێنە بەر باسو شرۆڤەوە. له ڕاستیدا دیارده کۆمەڵایەتییەکان خۆسەریو بێ هیچ پێشینەیەکو هۆکارێك سەرهەڵ نادەن، دیاره فاکتارگەلێکی تایبەت به خۆیی هەیە که دیاردەیەکی باوو گشتگیر له کۆمەڵگادا به فرەجۆریو فرەچەشنی دەخولقێنێو کۆمەڵگا تووشی قەیرانێکی دەستو پێ گیر دەکا.

یەکێك لەو دیارده فرەباو گشتگیرەی جیهانی ئەوڕۆکە "خۆکووژیە"، ئەو دیارده دزێوەی چارەسەر نەکراوەی مرۆڤ که ئەمڕۆ، ڕووبەڕوی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بۆوەتەوەو وەك ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرو نەخۆشییەکە سەردەمییانە گریمانگیری هەزاران کەس بۆتەوەو له هەرچوار قوژبنی دنیاوە له بیابانی مەرگێکی له خۆنامۆبوونو ناسروشتی دەکەونە بەنداوی ئەم مەرگە ئەفسووناوییەوە. خۆکوژی دیاردەیەکی باوو سەردەمیانە، نەتەنیا وڵاتانی جیهان‌سێهەم بەڵکوو وڵاتانی هەموو جیهان داوێننگیری ئەم نەخۆشیەیەو پێوە دەناڵێو تا دێت ڕوو لەگەشە سەندنو زۆر بوون دەکاو ڕۆژانە هەزاران مرۆڤ له ئامێزی چەترەنامۆکەی‌دا وون دەکا. پێشینەی خۆکووژی وەك دیاردەیەکی مێژووی کۆن هەر بووەو مرۆڤی کۆنیش پێوە ناڵاندویەتی. له سەردەمی کۆیللەتیو هاوکات گلادیاتۆرەکان، کۆیللەکان بۆ ڕزگاربوون له دەست ئەربابەکانیان خۆکووژییان به باشترین ڕێگا چاره دەزانی، سەدەکانی ناوەڕاستو ڕێنسانس به هۆی قەیرانی سیاسەتی ئەنگیزاسیۆن (بنەبڕکردنی بیروڕا) ڕۆشنبیران خۆیان دەکوشت، زاڵبوونی نیزامی سەرمایەداریو گەڕانی سەرمایە کرێکارانو هەژاران دخاتە مەترسیو ئازارەوە که خۆکووشتن به ڕێگای ئازادیو ڕەهایی دەزانن، شەڕەکانی ماڵوێرانکەی جیهانی یەکەمو دووهەم، جیا له ماڵوێرانیو ئاکامەکانی ئەو دووشەڕە، کۆمەڵێك کاریگەری لەسەر نەوەکانی شەڕو دوای شەڕ دادەنێ که ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر پەرەسەندنی خۆکوژی هەبوو. ئەوڕۆکە له هەزارەی سێهەمو پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی دیاردەی خۆکووژی دەبێتە مووخورکەیەکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییو تا دێت پەرەدەستێنێو ڕوو له زیاد بوون دەکا.

خۆکوژی له دو وشەی لاتینی Sui بەمانایی "خود"و Caedere به مانای "کوشتن" وەرگیراوەو له کاتی ئێستادا به شێوەی "خۆکووشتن" ناسراوە و دیاردەیەکی



ئەفراسیاب گرامی

گومناوە له لایەن لێۆڵەرانەوەیە. یەکەمجار ئەم چەمکە له لایەن "دفونن"ی فەرانسەوی له ساڵی (١٧٣٧.ز). بەکارهێنرا. لەسەربنەمای پێناسەی گشتی لەسەر خۆکوژی، تەنیا ڕێگاو ئاخرین ڕێگاچارەی مرۆڤی خۆکوژ بۆ له نێو بردنی خودئاگاهی مرۆڤ له بارەی خۆیەوەیە. هێندێك له زانایانی کۆمەڵناسی له سەر ئەو بڕوایەن که دیاردەی خۆکوژی وەك بیرو هزرێکی نهێلیستی ناو دەبەنو نهێلیسمی پەرەسەندوو له کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم به هۆکاری ئەم دیارده دەزاننو دەڵێن که تاك له خۆو ژیانی دەوروبەری خۆی ماندوو بووەو بێ‌نۆرمی له کۆمەڵدا دەبێتە هۆی ئەوە که تاکی خۆکوژ مەرگی خۆی بکاتە پردەبازی دەربازبوون. "دورکهیم" دەڵێ: خۆکوژی مەرگێکی ئاگایانە به



هۆی کردەوەیەکی راستەوخۆی مرۆڤەو ئاکامەکەشی سڕینەوەی ژیانە. لە لایەکی دیکەوە "ئیدون شنایدمەن" دەڵێ: خۆکوژی و لەناو بردنی خود بە هۆشیاریەوەو هۆکارەکەشی نارەحەتی‌و ئازاری مرۆڤە لە چەند رەهەندەوە کە بۆ رزگاری لەو ئازارانە، سڕینەوەی ژیانی بە چاکترین چارەسەر دەزانێ. کۆمەڵناسە لیبڕاڵەکان خۆکوژی بە هۆکاری نەبوونی ئازادی تاکەکەسی دەزانن‌و لەو باوەڕەدان نەبوونی ئازادی تاکەکەسی مرۆڤ تووشی لە خۆنامۆبوون دەکاو درگا بەرەو لە نێوبردنی خۆی دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە، مارکسیستەکان بە تێڕوانین لە مەسەلەی ئابووری‌و گەشەی سەرمایەداری لەسەر ئەو باوەڕەن کە: هۆکاری سەرەکی هاندانی مرۆڤ بۆ خۆکوژی چەوساندنەوەی چینی کرێکارو سەرمایەدارییە کە دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. لەم نێوەدا بە هۆی ئاستی بەرزی دیاردەی خۆکوژی لە نیو ژناندا، فیمنیستە رادیکاڵەکان بە پێداگری لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگای پیاوسالاری‌و چەوساندنەوەی ژنان یەکێك لە هۆکارەکانی ژن بەرەولای خۆکوژی‌یە، دەڵێن پیاوان گەورەترین هۆکاری توندوتیژی دژ بە ژنان‌و ژنان کاتێك هەست بە هەڵاواردن دەکەن کە لە لایەن پیاوانەوە ئازار دەدرێن‌و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی کردەوەیەکی خۆکوژیانەو کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ.

بەڵام بە گشتی، بێ نۆرمی، خەمۆکی، لە خۆنامۆبوون، هەژاری، ترس‌و تووڕەیی، ئەوین‌و خۆشەویستی‌و...هتد، دەبنی ئسترسێکی ترسێنەر کە هەموو درگاکان دادەخاو مرۆڤی خۆکوژ بۆ کردوەیەکی خۆکوژیانەو مەرگێکی ئەنقەست لە پێناو دەربازبوون لە کێشەکان، بۆ نەمان لە دۆخێکدا کە ناتوانێ چارەسەریان بکا، رێگەیەکی داچڵەکێنەرو توندوتیژانە هەڵدەبژێرێ‌و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. ئەمانە هەمووی لە رووی دەروونیەوە هاندەرو پاڵنەری مرۆڤن بۆ کردەیەکی خۆکوژیانە. دیارە بۆ هەر دیاردەیەکی قەیرانخوڵقێن هەموو لایەنەکانی سیاسی - کۆمەلایەتی - فەرهەنگی بەرچاوو کاریگەرە کە رێگا بۆ هەڵبژاردنی مەرگ خۆش دەکەن.

چوار هۆکاری گرینگ کە دەبێتە پاڵنەری مرۆڤی کورد بۆ ئینتیمایی دیاردەیەك وەك خۆکووژی:

**١. هەژاری فەرهەنگی:**

یەکێك لەو هۆکارە پاڵنەرانەی کە ئەمڕۆ بۆتە باو لە هەبوونی دیاردەیەك بە ناو خۆکوژی، هەژاری فەرهەنگییە کە مرۆڤ لە کۆمەلێك کە هەژاری فەرهەنگی بەسەریدا زاڵەو رۆژانە ئەم کێشەی سوننەت‌و دەربازبوون لە سوننەت زۆر قەیرانی گەورە دەخوڵقێنێ‌و بە تایبەتی ململانێی نەوەی کۆن‌و سوننەت لە گەڵە نەوەی نوێ‌و مودڕنیتە. کۆمەڵگای کوردی لە دۆخێکدا کە بەناو دۆخی کولتوورسازی خێرا هەنگاو دەنێ داوێنگیری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەك دیاردەیی خۆکوژی. لێرەدا شایانی باسە کە ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگاو رەهایی لە سوننەت پێکەوە سەرقاڵی ململانێن، مرۆڤی خۆکوژ بە تایبەتی لاوانی ئێستاکەو ژنان لە ئاپوورەی ئەم کولتووره ساوایەدا گرفتارن.

هەژاری کولتووری کە کورد داوێنگیری بووە، مرۆڤی کورد دەخاتە نێو قەیرانێك کە توانای دەربازبوون لەو کولتوورە داسەپاوە بەسەر کولتوورێکی ساوادا نییەو لە ئاکامدا نەمان دەکاتە رێگا چارەی دەربازبوون.

شایانی باسە کە کولتوور بنەمایی هەرکۆمەڵگایەکی مودێرنو شارستانیەتی مودێرنە. لە پاڵ ئەم کولتوورە داخراوەدا، ژنانی کورد رێژەیەکی یەکجار زۆریان لە رادەی خۆکوژی لە کوردستاندا هەیەو رۆژانە لەملاولا هەواڵی خۆسوتاندن یان خۆ لەداردان،...هتد دەبیسترێ. لە کاتێکدا کە ژنی کورد بە هۆی کولتورێکی داخراو هێندێك نەریتی کۆنو سوننەتی زاڵ، ناتوانێ خۆی دەرباز بکاو لە کۆتاییدا کۆتای بە ژیانی خۆی دێنێو خۆی لەگەڵ برشتی ئاگرو نەوت بەرەورِوو دەکا. هۆکارەکانی ژنی خۆکوژی گیرۆدەی کولتوور زۆرن، وەك: کولتووری پیاوسالاری لەسەرووی هەموانەوە، بەشداربوون لە بازاری کار، ژنبەژن، بنەتوو، نەخوێندەواری، ...هەزاران کێشەی نەخوازراو بۆ ژنان.

بەگشتی کولتووری خاوێنو ئەمرۆیی، کەرامەتی تاکی کۆمەڵ دەپارێزێو تاکی خۆکوژ ئەگەر لە کولتوورێك سەردەمییانەی خۆیدا ژیان بکا ئەوا دیاردە کۆمەلایەتییەکان سەرهەڵنادەنو هیچ دیاردەیەکی کۆمەلایەتی بێ خەساری کولتووری بوونیو لە رێگەی "کولتوورسازی"و بنیاتنانەوەو پێناسەکردنەوەی کولتووری کۆمەڵگا دەتوانین خەسارە کولتوورییەکان راڤە بکەینو چارەسەریان بکەین.

**٢. قەیرانی شوناس:**

یەکێکی دیکە لەو قەیرانانەی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا دەبێتە پاڵنەری تاکی کورد بەرەوە دیاردەی خۆکوژی، قەیرانی شوناسە کە لە لایەن تاکی کوردەوە وەك نامۆبوون لەخۆ تووشی بووە. لە خۆنابوون دیاردەیەکە کە بە تایبەتی لە نێو لاواندا زۆر بەرچاوەو هۆکارەکەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو خەسارانەی کە لە کۆمەڵگای کوردی کەوتووەو هەردەم کوردستان لە بەردەمی هێرشدا بێ ئەمان نەبووەو جۆرێك لە دوفاقێتی شوناس لە هەموو جۆر شوناسێك کە "تاك" خۆی بناسێ، توش بووەو لە بەرامبەر شالاوێك لە خۆنامۆبووونو فەرامۆشی "خۆناسین" دایە. دوفاقێتی بە هۆی ئاسمیلەکردنی فەرهەنگی ـ نەتەوەیی لە لایەن داگیرکەرانەوە، نەخۆشی شوناس لە لایەن مرۆڤی کوردەوەیە. بۆیە شووناسی کوردبوون شووناسێکی نەخۆشو پێویستی بە دۆزینەوەی دەلاقەکانی شووناسە لە هێڵی وەلانانی شووناسە داسەپاوەکان بۆ "تاکی کورد".

**٣. هەژاری ئابووری:**

ئابووری وەك بنەمایی هەر کۆمەڵگایەکە لە پێناو گەشەکردنو ئیمکانات لە نێو کۆمەڵدا کاریگەری هەیە. هۆکارگەلێك وەك: هەژاری ونەداری، بێکاری، نەبوونی ئیمکاناتی بژێوی و... هتد، هۆکارگەڵیکی دیکەن کە نەتەنیا کۆمەڵگای کوردی توشی بووە، بەڵکو وڵاتانی جیهان سێهەمیش بە گشتی پێوە دەناڵێو دەبێت پاڵنەری دیاردە ناسرووشتیو دزێوەکانی کۆمەڵگا کە یەك لەوان خۆکووژییە.

٤. خەسارە کۆمەلایەتی ـ دەروونی: بیرورِای پوچ، ناهۆمێدی، هەست بە گوناە کردن، ئیعتیاد، هەست کردن بە شکەست،خەمۆکی، قەیرانی توندی دژ بە خۆشەویستی، نەخۆشییەکانی دەرونی، نەخۆشییەکان لەشی کە دەبێتە هۆی ناهوێدی بە درێژە بە ژیان وەك: ئەیدز، سەرەتان، ...هتدو کۆمەڵێك خەساری دیکە کە مرۆڤی کورد تووشی بووەو رۆژانە لە دەورووبەی بنەماڵەو کێشەکانی ناو بنەماڵە، تەلاق، کەڵوەرگرتنی جینسی لە ژنانو کێشەی ناموسو ... کاریگەری لەسەر مرۆڤی کورد داناوەو دەستەویەخەی هزروئەندیشەی کۆمەڵگای کوردی بووەو هەررۆژە تاکی کۆمەڵگای کوردی لەسەرشەقامەکانو کۆلانەکان دەهێڵیتەوەو هیچ رێگایەکی بۆ ناهێڵێتەوەو تەواوی درگاکانی هیوای لێ دادەخاو سەرەنجام خۆکوژی دەبێتە ئامانج. خەسارە کۆمەلایەتی ـ دەروونیەکان کە هەموو دەگەرێتەوە بۆ سەر فەزایەکی میلیتاریزەو کولتوورێکی زاڵی ئیسلامیزەکراو، هەژاری ئابووری کوردستانو سەرهەڵدانی دیاردە دزێوەکان بەسەر کۆمەڵگای کوردی و نەبوونی میکانیزمێك بۆ چارەسەری خەسارەکانو لێکۆڵینەوە لەو دیاردانە.

لە کۆتایی دا دەتوانم بلێم کە، هۆکارە سیاسیی ـ کۆمەلایەتی ـ کولتووریو ئابووری لە کۆمەڵگای کوردیدا، پێکهێنانی شاری ئاگر لەخۆبەردانی پێکهێناوە.قەیرانە کۆمەلایەتییەکانو پەرەدان بە ئیعتیادو نەبوونی شوێنی ئاسایش بۆ مندالان، لاوان، بەسالاچووانو هەروەها نەبوونی فەزایەکی لەبار بۆ دەرخستنی تواناکانی "تاك"ی کورد لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا، لەمپەرن لە بەرامبەر چارەسەری خەسارەناسی کۆمەڵگای کوردیدا. لە دەرەنجامی ئەم کورتە باسەدا بۆ دەربازبوون لە پەرەسەندنی دیاردەی خۆکوژیو بوونە خۆراکی ئاگر، ئێمە دەبێ خۆراگر بینو هەرگیز دەستبەرداری مافو ئازادییەکانمان نەبین. فێری ماناداركردنی ژیان بینو سەرەکیترین هەوڵی ئێمە ئەوەیە سوود لە تواناکانمان بگرینو تاکێکی خودیو زۆرترینو دژوارترین رێگاکانی ژیان تاقی بکەینەوە. هەرگیز نابێ وا تێ بگەین کە رووخانو نەمانی رێگایەك بەرگری دەکات لە ئامانج، ژیان بە مانای تاقی کردنەوەی سەختییەکانە، مانای خۆراگری لە بەرامبەر لەمپەرو چەڵەمەکانی سەر رێگایە بۆ گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتنو خۆشبەختیو بەختەوەری.

# ململانێی ئەمریکا و ئێران بە چ ئاقارێکدا ئەڕوات؟

ڕەشید ئەحمەدی

لەو ڕۆژەوە کۆماری ئیسلامی ئێران هاتۆتەسەرکار و دەسەڵاتی وەرگرتووە هەر لە ڕۆژانی دەمەزرانییەوە بە ئەمریکای گوتووە و دەڵێت "شەیتانی گەورە". لە ڕێپێوان و بۆنەکانیدا ئەڵێت "مرگ بر ئەمریکا"؛ ئەمریکایش بە ئێران دەڵێت "محور شرارت". ئەم دوو لایەنە لە بەرامبەر یەکدا وەستاون، هەر دوو لایشیان لە بەرامبەر یەکتردا سەختن. ئێران بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و گەورەیی ناوچە و جیهان زۆر پرۆژەی هەن. چەند ساڵێکە لە هەوڵی دروستکردنی بۆمبی ئوتومیدایە. مووشەکی شههابی دوورهاوێژی دورست کردووە کە بە ئاسانی مەودای دەگاتە وڵاتی ئیسراییل و چەند وڵاتی ئەوروپا. بەردەوام لە خۆ پڕچەکردنە و سوپایەکی گەورەی پێکەێناوە کە بۆتە مەترسی بۆ هەموو دراوسێکانی و بەشێك لە وڵاتانی جیهان؛ زۆر جار گوتوویەتی و دووپاتی دەکاتەوە کە دەبێت ئیسراییل لەسەر نەخشەی جیهان لابچێت، لە کاتێکدا ئیسراییل هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکایە ئەم هەرەشەیە ناڕاستەوخۆیش ئەمریکا دەگرێتەوە.

ئێران حیزبێکی شیعەی بە ناوی "حیزبوڵڵا" لە لوبنان دورست کردووە. دەکرێت بڵێین هێزێکی سوپایی لە وڵاتی لوبنان بە قازانجی خۆی دەمەزراندووە کە لە باری سیاسی و نیزامییەوە لە ناوچەکەدا بهەێز و بەدەسەڵاتە. هەر کاتێکیش ئێران بیهەوێ ئەتوانێ ناوچەکەی پێ ئاڵۆز بکات. هەروەك لە چەند مانگی ڕابوردوودا بە گرتنی چەند سەربازی ئیسراییلی شەڕ و ئاڵۆزی لەگەڵ ئیسراییل دامەزراند کە بووە هۆی ئاڵۆزی ناوچەکە، ئەم ئاڵۆزییە بووە هۆی باری نائەمنی ناوچەکە و دژایەتی ئیسراییل وەکو دۆستی ئەمریکا. ئێرانیش بە ئاشکرا پشتیوانی لە حیزبوڵڵا دەکات. ئێران پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی لە حیزبی حەماس دەکات لە فەلەستین و هەوڵ ئەدا بە نفوزی ئەو حیزبە ئاشتیی نێوان فەلەستین و ئیسراییل بشێوێنێ و نهەێڵێت هەرگیز ئاشتی لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا سەقامگیر بێت. هەروەها پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی لە حیزبی حەماس هۆکارە بۆ ئەوەی کە نێوان دوو حیزبی خاوەن دەسەڵات لە فەلەستین وەکو حیزبی فەتح و حەماس ئاژاوە و دووبەرکی دورست بکات، بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ئیسراییل نەگەن بە ئامانجی ئاشتی.

ئێران کاریگەریی زۆری هەیە لەنێو سیاسەتمەدارانی ئەفغانستان بۆ دژایەتی بەرامبەر دەسەڵاتی ئەمریکا و لاوازکردنی سیاسەتەکانی لەو وڵاتە. ئێران کاریگەری زۆری هەیە لە عێراق و باشووری کوردستان؛ یەك دنیا بنکە و بارەگای لەو وڵاتەدا بنیادناوە و چەندین حیزب و سوپای وەکو سوپای بەدر و سوپای مەهدی پێکهێناوە و مەشقی پێکردوون و پەروەردەی کردوون بۆ کاری تێکدرانە لە بەرامبەر لەباربردنی بەرنامەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدا کە بە قسەی خۆی سەقامگیری ئەمنیەت و ئاسایش و دامەزرانی سیستەمێکی دیموکراتییە لەو وڵاتەدا. ئێران هاوپەیمانی وڵاتی سوریە دەکات دژ بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پشتگیری ماددی دەکات لەو بوارەدا. ئێران بەردەوام لە بواری دیپلوماتیکدا لە وڵاتە موسڵمانە فەقیرەکانی ئەفریقا و وڵاتە چەپەکانی ئەمریکای لاتین لە هەوڵ و تێکۆشاندایە بۆ دژایەتی ئەمریکا پارە و بودجەیەکی زۆریشی تەرخان کردووە بۆ ئەو مەبەستە و بەردەوام گەورەپیاوانی ئێران، تایبەت شەخسی سەرۆککۆمار، مەحموود ئەحمەدی نەژاد، سەفەری ئەو وڵاتانە دەکات بۆ هاوپەیمانیی زیاتر بەرامبەر بە ئەمریکا. ئێران بەردەوام ئیمتیاز ئەدا بە وڵاتی ڕووسیە و چین لە بواری ئابووریدا بۆ ئەوەی کەڵك لە پشتیوانی ئەو وڵاتانە وەرگرێت بۆ دورستکردنی چەکی ئەتۆمی. ئێران بە پێچەوانەی ویستی جیهانی، واتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەتایبەت ئەمریکا و ئیسراییل، بەردەوام لە هەوڵی درستکردنی بۆمبی ئەتۆمدایە بێ ئەوەی گوێ لە هیچ لایەنێك بگرێت و ڕێز بۆ ویستی جیهانی دانێت. ئێران بە بوونی حیزبوڵڵای لوبنان، حیزبە شیعەکانی عێراق، هێندێ لە وڵاتانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بۆتە لەمپەرێك لە بەردەم چوونەپێشەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە جیهان، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست. ئێران بۆتە بنکەی تیرۆریستی لە جیهان و هەر مانگ و ڕۆژە لە شوێنێکی ئەم جیهانەدا تەقاندنە و ترس و دڵەڕاوکە دروست ئەکات. بە باوەڕی من تا ئەم هێلانەی تیرۆریستییە بمێنی، جیهان سەقامگیری و ئەمنیەت و ئاساییش بە خۆیەوە نابینێ.

ئێران توانیویەتی ئەمریکا لە عێراقدا ماندوو بکات. ئەمریکا چەق وەستاوە، هەر ماوەیەك ستراتیژیی خۆی دەگۆڕی بەڵام ناگاتە ئاکام، هەر ڕۆژە باس لە گیران و کوشتنی دەیان تیرۆریست دەکات بەڵام بۆ بەیانی جیگاکەیان پڕدەبێتەوە. ئایا ئەمریکا چەندە هەر ئاوا ئەڕوات، لە کاتێکدا گەلی ئەمریکا بەو شەڕە درێژخایەنە ڕازی نییە؟ هەر ڕۆژە نەیارانێك بۆ سیاسەتی ئێستای بووش وەکو سەرۆکی ئەو وڵاتە زیاد دەبێت؛ خۆ بە دڵنیاییەوە تا ئێران وجودی هەبێت تیرۆریست کەم نابێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر بڕیار بێت ئەمریکا لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پاشەکشە

بکات بێگومان لەنێو جەرگەی ئەمریکایش لە کۆڵی نابنەوە، ئەودەم شەڕ دەچێتە بەردرگای.
بەڕێز بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە سەفەریکی خۆیدا بۆ ئەمریکا بە سەرۆک بووشی گوت ئەگەر لە عێراق تیرۆریست سەرکوت نەکرێت دڵنیا بە لە کوردستان و ئەمریکا بەردەرگامان پیدەگرێت.
باشە پرسیار لێرەدایە ئایا ئەمریکا ڕازی دەبێت بە سیاسەتی پاشەکشە و واز لە ئیدعاکانی خۆی لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەی خۆی کە دەڵێت دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەمنیەت و ئاساییش و دیموکراسی سەقامگیر بێت، تیرۆریستیش سەرخۆشی سەرکەوتن بن و لە ئەمریکاش وازی لێ نەهێنن؟ من وەکو بۆچوونی خۆم دەڵێم نا، ئەمریکا بە سوپایەکی زۆرەوە بە خەرجکردنی بودجەیەکی قورسەوە نەهاتۆتە ناوچە کە هەروا بە ئاسانی چۆڵی بکات. لەڕاستیدا پاشەکشەی ئەمریکا لە ناوچەکە، واتە سەرکەوتنی ئێران و هاوپەیمانەکانی ئێران لە ناوچەکەدا و مردنی دەسەڵاتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سەراسەری جیهان، بە باوەڕی من بە هیچ پێوانەیەکی سیاسی پاشەکشە بۆ ئەمریکا لە سیاسەتی خۆیدا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئیمکانی نییە بەڵام دیارە ئەمریکا تاکتیکەکانی خۆی لە ناوچە و ئەو شەڕەدا، واتە شەڕی ئێران، بە واتایەکی دیکە بەرەی تیروریست، تاقی دەکاتەوە کە بە باوەڕی من ئاخری ڕێگا هەڵتەکاندنی بنکە و هێلانەی تیرۆریستانە چونکە تیرۆریست هەرگیز تەواو نابێت تاکو هێلانەکەی تێک نەدرێت؛ بێگومان ئەویش ئێرانە. با ئەوەش بڵێین، زۆر بۆچوون هەن لەم بارەیەوە کە دەڵێن ئەم جووڵانەوە تیرۆریستییە هەر بەتەنیا ئێران نییە، ئەمەش ڕاستە بەڵام سەرچاوە و هێزی ئەسڵی ئەو جووڵانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران. ئەگەر ئێران لە سەرەتاوە لە عێراق مامۆستای ئەو جووڵانەوە نەبوایە بە وروژاندنی مقتدی سەدر و ئەمسالی دەکرێت بڵێم هەرگیز ئەو بارودوخە لە عێراق وای لێنەدەهات.
هەمموو ئاگادارین کە لە ماوەی چەند مانگدا شاندێکی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی بیکر- هاملتۆن کۆمەڵێک پێشنیاریان خستەبەردەم سەرۆک بووش بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە بووش بە بەشێکی زۆری ئەو پێشنیارانە ڕازی نییە و کاریان پێ ناکات. بووش بە پێچەوانەی پێشنیارەکەی ناوبراوان هێزی سوپای زیاتر لە بیست هەزار سەربازی بەهێزی خۆی لە عێراق زیاد کرد. سەرەتا دوو ناوی کەشتی شەڕکەری ناردە کەنداوی فارس کە ئەم ڕۆژانە کەشتییەکی دیکەشی پێی زیاد کردووە. ژاپۆن دوو کەشتی مینڕۆژینەوەی بۆ هاوکاری ئەمریکا بۆ کەنداوی فارس ناردووە. هاتنی خانمی رایس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بۆ وڵاتانی عەرەبی و ڕێکخستنی هاوپەیمانی لە ناوچەکەدا بۆ ئەمریکا، گرتنی پێنج ئێرانی لە هەولێر بە ناوی سیخوڕ و هاوکاری تیرۆریستان لە عێراق، - هەرچەندە ئێران دەڵێت ئەو پێنج کەسە دیپلۆمات بوون بەڵام وەزیری دەرەوەی عێراق لە ئاگاداریەکدا ڕایگەیاند کە دیپلۆمات نەبوون بەڵام بە ئیجازەی حکومەتی عێراق وەکو کارمەند کاریان کردووە- لەلایەکی دیکەشەوە نوێنەری ئەمریکا لە عێراق، زاڵمای خەلیلزاد، لە وتوویژێکدا بە ڕاشکاوی گوتی کە ئەو پێنج کەسە هەر هەموویان ئەفرادی سوپای پاسدارانن و لە چەند ڕۆژی دواییدا بەڵگەی هاوکاریی ئەوان لەگەڵ تیرۆریستان بڵاودەکەینەوە، دامەزرانی گرووپی کاری بۆ دانانی خراپکردنی شەبەکەکانی ئێران لە عێراقدا، بڕیاری چەککردنی جەماعەتی مقتدا سەدر و گرتنی کەسایەتییەکانی ئەو جەماعەتە لەو ڕۆژانەدا، هەڕەشەکانی بووش و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خانمی رایس و وەزیری دیفاعی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران زیادی کردووە و ئەو قسانە دووپاتدەکەنەوە کە ئێران ماکەی ئاژاوەیە لە ناوچەکە و جیهاندا، هەروەها دەیەوێت بۆ سەکەوتنی زیاتر لە سێ لیوای بەتوانای کوردان سود وەرگرێت لە شەڕی تیرۆریستاندا، (ئەو سێ لیوایە لە ریزی سوپای عێراقدایە و باشترین ئەزمونیان هەیە لە بواری نیزامیدا) بۆ ئەو مەبستەش ئامادەیە کە هەمموو جۆرە هاوکارییەکیان بکات، ئەمریکا لەو ماوەدا گوشارەکانی بۆسەر ئێران زیاد کردوون، ئابلۆقەی کەرەسەی ئەتومی و کەرەسەی جەنگی، ڕاگرتنی معامەلات و کاروباری چەند شوعبەی بانگی ئێرانی وەکو بانگی سپە و بانگی سادرات لە دەرەوەی وڵات، هەوەڵدان بۆ ئابلۆقەیەکی زیاتر لەسەر ئێران کە چاوەڕوانی دەکرێت بەو زوانە ئەویش بگاتە ئاکام. لەلایەکی دیکەشەوە سوپای ئێران بەردەوام مانۆڕی نیزامی ساز دەکات و چەکە گەورەکانی وەکو موشەکی شهھاب تاقی دەکاتەوە و هێزێکی زۆر دەهێنێتە سنوورەکانی باشماخی مەریوان بە مەبەستی هەڕەشە لە کوردستانی باشوور وەکو هاوپەیمانی ئەمریکا، هەڕەشەی تورکیە بە هاتنی سوپای بۆنێو خاکی کوردستانی باشوور کە دەکرێت بڵێین ژێرە ژێرە هاوپەیمانییەکی پێوە دیارە لە نێوان ئێران و تورکیادا کە هاوکات لەگەڵ یەکدا لەشکرکێشی دەکەن بۆ سنووری باشووری کوردستان کە ئەمانە هەر هەمووی هەڕەشەن لە ئەمریکا و ئاڵۆزبوونی بارودوخی ناوچەکە کە ئەمریکا بەرپرسە لە ئەمنیەتی، زیادبوون و گرژیی شەڕی تایەفی و مەزهەبی لە عێراق، شەڕ و پێکدادان لە نێوان فەتح و حەماس لە فەلەستین کە دەکرێت بڵێین ئێران لەپشتی هەموو ئەو ئاڵۆزیانەدایە و بەتەواوی جێپەنجەی ئێرانی دیارە.
جا بەپێی ئەم فاکتانە کە لە سەرەوە باسمان کرد، من پێموایە ئەمریکا بەو ئاکامە گەیشتووە کە ئێران واز لە کەللەشەقیی خۆی ناهێنێ؛ خۆ ئەگەر هەروایش وازی لێبەێنێ وەکو رابوردوو ئەوە ئێرانە کە قازانج دەکات، بەردەوام هێز و لایەنگرانی خۆی لە ناوچەکە زیاد و بەهێز دەکات و لە نێوخۆی ئێرانیش بە ڕێکخستنی سوپا و دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی خەریکە، بێ ئەوەی ماندوو بێت لە بەشێکی جیهانیش شەڕی بۆ ئەمریکا ڕێکخستووە. لە درێژەی ئەو شەڕەشدا بە چەشنی ئێستا ڕۆژبەڕۆژ لە ئەمریکا دژبەرەکانی بووش و حیزبەکەی لەزیادبوندایە، بۆیە دەکرێت بڵێین بووش لە سیاسەتەکانی خۆیدا ئاڵۆگۆڕی پێکەهێناوە کە ئەبینین جووڵانەوەکانی ئەم دوایانەی ئەمریکا بە پێچەوانەی پێشنیاری جمیز- هاملتۆن، ئەمریکا نەک وتوویژ لەگەڵ ئێران و سوریە ناکات بەڵکو خۆی ئامادە دەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەیەکی مەیدانی کە دیارە بە چەند قۆناخدا ئەڕواتە پێشەوە کە دەکرێت بڵێین




قۆناخی یەکەم بە لێدانی بنکە ئەتۆمییەکانی تەواو ببێت. ئیتر لێرەدا بۆ ئێستا ناکرێت پێشبینی بکرێت ئاخۆ ئێران ئەتوانێ چەندە وەڵامی ئەمریکا بداتەوە. پێموایە ئێرانیش بە هیچ جۆرێك پاشەکشە ناکات چونکە پاشەکردنی ئێران واتە نەمانی ئەو ڕێژیمەیە چونکە دوای لێدانی بنکە ئەتۆمییەکانی ئەگەر ئێران بێدەنگ بێت بێگومان بەرەی ئازادیخوازان لە ئێران دەکەونە قۆناخێکی نوێوە کە ئەبێتە مەیداندارییەکی بەهێز بەرامبەر بە ڕێژیم کە بە باوەڕی من لەو بارودوخەدا ئێتر ئێران ئەو ئێرانە بەهێزە نامێنێ کە خەڵکی ئێران وەکو پێشوو حیسابی بۆ بکەن. کەوابوو ئێران ڕیسکی خۆی ئەکات. کەوابێت ئێران لەگەڵ لێدانی بنکەکانی هێرش دەکاتەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا، بەتایبەت ئیسراییل و بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و کوێت بەهۆی موشەکە دوورهاوێژەکانی.

وا وێدەچێ بڵێن شەڕەکە دەگاتە تاران، دیارە لە باری جەبهەیەوە ئێران لە بەرامبەر چەکە مۆدێرن و کارامەکانی ئەمریکادا ناتوانی خۆڕاگری بکات و هەر زوو ئێران بنکە بەتوانا نیزامییەکانی لەدەستدەدا. لێرەدا بۆچوونێکی دیکە هەیە کە دەڵێت ئێران لە باری جوغرافیاییەوە وڵاتێکە کە لە عێراق زۆر پان و بەرینترە، هەروەها ئێران سوپایەکی شەڕکەری وەکو سوپای پاسداران کە ئەتوانێ لە نێوخۆی وڵاتدا شەڕ لەگەڵ ئەمریکادا بکات کە ئەودەم ئەمریکا ناتوانی شەڕ لەگەل ئێران و ئەو بارودوخەی عێراقدا بکات و خراپتر لە ئێستا تووشی شکست دەبێت. بەڵام من پێموایە نابێت عێراق لەگەڵ ئێران بەراورد بکرێت. ئێران و سوریە پشتیوانیان لە شیعەکان کردووە (القاعدە) پشتیوانی لە سوونە کردووە و هەروەها بەشێکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت عەرەبستانی سعودی و ئەردەن پشتیوانییان لە بەشێکی سوونییەکانی سەر بە خۆیان کردووە، حیزبی بەعسیش بەرەوام دژ بە ئەمریکا هەوڵی خۆی داوە کە عێراق سەقامگیر نەبێت، بەڵام پێموا نییە هیج وڵاتێك پشتیوانی لە ئێران بکات. سوپای پاسدارانیش دوای تێکشکانی بنکە بهەێز و تایبتییەکانی ئەو وڵاتە ئیتر ئەو توانایەی نامێنێ کە بتوانێ شەڕی ئەمریکا بکات. ئەمریکاش هەروا دەستەوەستان ناوەستێ، ئەوکاتە ئەمریکا ناچارە بۆ کارئاسانی خۆی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و نەتەوەکانی ئێران بەگشتی ڕێکخات بۆ دامەزرانی حکومەتێکی نوی لەو وڵاتە. بە بۆچوونی من خەڵکی ئێرانیش لەوپەڕی نارەزاییدان بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران، بۆیە پێموایە هەر ئەو لێدانە سەرەتاییەی ئەمریکا وا دەکات کە بەپەلە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی خۆی کۆ بکاتەوە و لەو شپریۆیەی ئێستا خۆی ڕزگار بکات و دەستبەکار بێت. پێیشموایە خەڵکی ئێران بەگەرمی پێشوازی لەو جووڵانەوە دەکەن و هیچ یەك لە دۆستەکانی ئێران، نە لە لوبنان، نە لە عێراق، نە لە فلستین و سوریە توانای ئەوەیان نییە کە جووڵەیان لێوە بێت. ئەگەر سەرەتاش هێندی هەڕەشە و بلۆف لێدەن بەڵام زۆر زوو بێدەنگ دەبن. کاتێ هێلانە وێران بوو ئیتر جوجك پەروەردە نابێت.

# ڕەخنەیەک لە سەر بیرۆکەی بەرابەری پیاو و ژن
# تۆ باشتری یای من؟

گزینگ باڵەکی

یەکسانی و بەرابەری لەو چەمك و دەستەواژانەن کە مرۆڤ بە بیستنیان تووشی هەستێکی خۆش دەبیَ، هەست بە یەك بوون، دادوەری، دنیای بیَ زوڵم و چەوسانەوەو هتد، ئەمانە هەستێکن کە مرۆڤ لە یەکسانی و بەرابەری پێناسەی دەکا، هەر لە بەر ئەمەشە کە ئەم جۆرە چەمکانە بوونەتە تەوەری سەرەکی و بەردەوامی دروشمەکانی پرۆپاگەندەو ململانێی هەڵبژاردن و لە سەر ئەم بنەمایە دادەڕێژرێن و لە ڕاستیدا کاریگەرییەکی سەیریان لە بیاڤە جۆاوجۆرەکانی وەك سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەوەری سەرەکی بابەتەکەی ئێمە واتە ژنان هەیە.

ساڵانێکی زۆرە کە بەرابەری نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵگای ئێمەدا بووەتە باوو بە شێوازی جۆراوجۆر کۆڕوکۆبونەوەی لە سەر دەگیردرێت و هەر کەسەو بە جۆرێك باسی لێوە دەکات و دەیهەویَ کە بە شێوازێك بەرابەری نێوان ژن و پیاو بسەلمێنێت و بیخاتە چوارچێوەی هزرەوە، دروشمێکی دیماگۆجییانە کە سەرنجی هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز بەرەو لای خۆی ڕادەکێشیَ.

بابەتی بەرابەری نێوان ژن و پیاو یەکەمین جار لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا گەڵاڵە کرا. شارەزایان و لێکۆڵەروان لەو باوەڕەدان کە فاکتی جۆراوجۆر دەوریان هەبووە لە سەرهەڵدان و هاتنە ئارای ئەم دروشمەوە. هەندێك لەو باوەڕەدان کە ژنان لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواو لە سەدەکانی ڕابردوودا بەردەوام لە ژێر چەوسانەوەدا بووەو وەك بوونەوەرێکی پلە دوو حیسابی بۆ کراوە.

ژنان لە هەر جۆرە مافێکی مەدەنی بێبەش بوون و تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاییدا تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم لە مافی دەنگدان بێبەش بوون و مافی خاوەنداریەتییان بە سەر ماڵ و سامانی خۆیاندا نەبوو. لەو کاتەدا پیاوانی دەسەڵاتخوازی ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپایی بە هۆی خواردنەوەی ئەلکەهۆل دەکەوتنە لێدانی ژنان و ئازاری جینسی و دەسدرێژی کردنە سەریان، بە جۆرێك کە بنەماکانی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان تێك چرژا بوو.

سەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ژنان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و دژ بە هەڵاواردنی ڕەگەزایەتی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی و لە بیر کردنی مافی ژنان بوو، لە ئاکامدا ویستەبنەماییەکانی ژنان لە جاڕنامەی مافی مرۆڤ لە فەرەنسا گونجێندرا؛ بەڵام تەنانەت تا کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەش سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێنا. پاش شۆڕشی پیشەیی تیۆری داڕێژەرانی کولتوری جیهانی بە لە بەرچاو گرتنی کاریگەری سەرسوڕهێنەرو حاشا هەڵنەگری ژن لە بیچم گرتنی ئابووری بنەماڵە و دیاریکردنی پارادایمی بەکارهێنان و هەروەها بوونی بە پارادایم لە لایەن منداڵان و بەرەی داهاتووەوە، سەرنج و بایەخی تایبەتیان بۆ ژنان و کێشەی ژنان تەرخان دەکرد.

لە سەر ئەم بنەمایە، هەندێکی دیکە خێزگەی بیرۆکەی بەرابەری نێوان ژن و پیاو لە نێوان خاوەن وەبەرهێنان و زلهێزە ئابوورییەکان دەزانن کە مەبەستی تایبەتییان هەبووە لە هێنانە بەرباسی ئەم بابەتە، بە باوەری ئەم گروپە خاوەن کارخانەکان، بۆ ئەوەی کە ژن لە ماڵەوە بهێننە دەرەوەو لە کارخانە کاریان پیَ بکەن و لە هێزی ئابووری ژن بە قازانجی خۆیان کەڵك وەرگرن، ئازادی و بەرابەری مافی ژن و پیاویان کردە تەوەری سەرەکی بابەتەکانی خۆیان.

ویل دۆرانت لە بەشی نۆهەمی کتێبی چێژی فەلسەفە لەم بوارەوە دەڵیَ: تا ساڵی ١٩٠٠ ژن بە ئەستەمی دەیتوانی ئیدعای مافێك بکات کە پیاو ناچار بیَ لە ڕوی یاساییەوە ڕێزی لیَ بگریَ. ویل دۆرانت پاشان باس لە سەر هۆکارەکانی ئاڵوگۆڕی بارودۆخی ژن لە سەدەی بیستەمدا دەخاتە بەر باس و لە درێژەدا دەڵیَ: ژنان لە چاو پیاوان کرێکارێکی هەرزانتر بوون و خاوەن کارەکان ژنانی کرێکاریان زیاتر وەردەگرت، ئەمەش جۆرێك لە پەراوێز خستنی پیاوانی کرێکار بوو، کە بە نرخێکی گرانتر کاریان دەکرد.

سەدەیەك لەمەو پێش پیاوانی بەریتانیای بە دژواری دەیانتوانی کار بدۆزنەوە؛ ڕاگەیاندراوەکان داوای لێیان دەکرد کە ژنان و منداڵانی خۆیان بۆ کار ڕەوانەی کارخانە بکەن. یەکەمین هەنگاو بۆ ئازادی دایە گەورەکانی ئێمە یاسای ١٨٨٢ بوو. بەم پێی ئەم یاسایە، ژنانی بەریتانیایی دەیانتوانی لە ئیمتیازێکی بیَ وێنە کەڵك وەرگرن، ئەویش ئەوە بوو کە مافیان هەبوو ئەو بڕە پارەیەی کە بە دەستیان دێنا لە لای خۆیان ڕاگرن.

ئەم یاسا ئەخلاقییە بەرزەی مەسیحی لە لایەن خاوەن کارخانەکانی ئەنجوومەنی عەوامی بەریتانیاوە دانرا، تاکو بتوانن ژنانی بەریتانیا بکێشنە نێو کارخانەکانەوە. لەو ساڵە بەدواوە بەرژەوەندیخوازی بیَ وێنەی ژنان، ژنانی لە دیلی و ژێر دەستە بوونی ماڵ ڕزگار کردو گیرۆدەی ماندوو بوون و کار لە دوکان و کارخانەی کردن.

لە ئاکامدا لە سەدەی بیستەمدا بابەتی "مافی ژن" لە بەرانبەر "مافی پیاودا" خرایە بەر باس و بۆ یەکەمین جار لە ڕاگەیاندراوی جیهانی مافی مرۆڤەوە(کە دوای شەڕی جیهانی دووهەم لە ساڵی ١٩٤٨ زایینی لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بڵاوکرایەوە) بەرابەری مافی پیاوو ژن ڕاشکاوانە ڕاگەیاندرا.

بۆ بەرابەری؟



له سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژئاوا له سەدەی حەڤدەهەم تا سەدەی هەنووکەیی تەوەری سەرەکی دوو شت بوو، ئازادی و بەرابەری. بە لە بەرچاو گرتنی ئەوزەی کە بزوتنەوەی مافی ژن لە رۆژئاوا ریڕەوی بزوتنەوەکانی دیکە بوو و ژنان لە بواری ئازادی و بەرابەرییەوە لە بارودۆخێکی زۆر ئەستەمدا بوون، سەبارەت بە مافی ژن تەنیا دوو چەمکی ئازادی و بەرابەری لە بەرچاو گیرا.

پێشرەوانی ئەم بزوتنەوەیە، ئازادی و بەرابەری مافی ژن و پیاویان بە تەواوکەری بزوتنەوەی مافی مرۆڤ ناساند و ئیدعای ئەوەیان کرد کە بە بێ دابینکردنی ئازادی ژن و بەرابەری مافی ئەو لە گەڵ پیاودا، هێنانە بەر باسی مافی مرۆڤ بێ واتایە و هۆکاری سەرجەم کۆسپ و گرفتەکانی بنەماڵە، دەرەنجامی نەبوونی ئازادی ژن و بەرابەر نەبوونی مافەمانی لە گەڵ پیاودایە؛ بە دابینکردنی ئەم بابەتە گرفتەکانی بنەماڵە چارەسەر دەبن، هەر بۆیە بە گشتی بیر لە گشتاندنی بنەمای ئازادی و بەرابەری ژنان لە بەرانبەر پیاواندا دەکرێ. هەموو قسەکان لە چوارچێوەی بابەتێك دەسوڕایەوە، ئەویش ئەوە بوو کە ژن و پیاو لە بواری مرۆڤایەتییەوە هاوبەش و مرۆڤێکی تەواون، هەر بۆیە دەبێ لە مافی سروشتی مرۆڤایەتی وەك بەرابەری لە گەڵ مافەکانی پیاودا کەڵك وەرگرێ.

مرۆڤەکان پێکەوە بەرابەر نین

ئەمە سروشتی مرۆڤە کە کاتێك گیرو گرفتەکان دەورەی دەدەن، یەکەمین و ساکارترین چارەسەر هەڵدەبژێرێ، بە بێ ئەوەی کە بیر لە ئاکامەکانی ئەم چارەسەرییە بکاتەوە. ئەمەش ئەو هەڵوێستەیە کە زۆربەی ژنانی ئێمە بۆ رووبەرووبوونەوە لە گەڵ هەژموونی پیاو سالارانەی زاڵ بە سەر کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا گرتیانە بەر. ئەوان وایان بیر دەکردەوە کە گرفتی سەرەکی ژن بوونی ئەوانە، هەربۆیە خوازیاری ئەوە بوون کە لە گەڵ پیاواندا بەرابەر بن و مافی یەکسانیان بدرێتێ، بە بێ ئەوەی کە بزانن هەر ئەم جۆرە بیر کەدنەوەی ئەوانە کە تەئیدی باڵا بوونی پیاوان دەسەلمێنێ. زۆرێك لەو گرفتانەی کە لە دواییدا داوێنگیری ژنان بوون، بەرهەمی ئەم جۆرە هزرەیە و هەوڵێکە بۆ یەکسان بوون لە گەڵ پیاودا. لە بنەڕەتدا تا ئێستا هیچ کەسێك پێناسەی ئەم بەرابەرییەی بە شێوازێکی دیکەی پێچەوانەی پێناسەی باو و دیاریکراو نەکردووە. ئایا ژن لە گەڵ پیاودا بەرابەرە؟ ئایا لە سایەی زانستی هەنووکەییەوە ئاشکرا بووە کە جیاوازی نێوان ژن و پیاو، جیاوازییەکی ساکارانەی ئەندامییە و لە بنەڕەتدا پێکهاتەی رواڵەتی و دەرونییان، هەروەها مافەکانیان و ئەو بەرپرسایەتیانەی کە دەبێ بە ئەستۆی بگرن کاریگەری نییە، هەر بۆیە حیسابێکی جیاوازیان بۆ نەکراوە؟

جێگای سەرنجە کە ئەم بابەتە تەواو پێچەوانەیە. لە ژێر سایەی ئەو داهێنان و پێشکەوتنە زانستی و دەرونیانە، جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو رەگەزە ئاشکراتر بوو؛ بەڵام سەرەڕای ئەوەش کێشەی سەرەکی لە بیر کراوە. بزوتنەوەی بەرابەری ژن و پیاو، لە هەمانکاتدا کە زەنجیری بەدبەختی و کۆیلایەتی ژنانی پساند، بەدبەختی و دەربەدەری دیکەی بۆ ئەو و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە دیاری هێنا.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ژنی رۆژئاوایی تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە ساکارتین و لاوەکیترین

ماف بێبەش بوون، تەنیا لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بوو کە خەڵکی ڕۆژئاوا کەوتنە قەرەبوو کردنەوەی کەمکارییەکانیان و لە بەر ئەوەی کە ئەم بزوتنەوەیە ڕێڕەوی بزوتنەوەکانی دیکە بوو مافی ژنی لە دوو چەمکی ئازادی و بەرابەری کورت کردەوە، غافڵ لەوەی کە بەرابەری و ئازادی بەستراوەتەوە بە پێوەندی مرۆڤەکان لە گەڵ یەکتر، لە بەر ئەوەی کە مرۆڤن. ژن لەو ڕوانگەیەو کە مرۆڤە، وەك هەر مرۆڤێکی دیکە ئازاد خەڵق کراوەو خاوەن مافی یەکسانە، بەڵام ژن خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و پیاویش خاوەن تایبەتمەندی خۆی. لە ڕاستیدا هیچ کەسێك لە گەڵ هیچ کەسێك بەرابەر نییە.

نە هیچ پیاوێ: لە گەڵ هیچ پیاوێکی تر و نە هیچ ژنێك لە گەڵ هیچ ژنێکی تر بەرابەرە، لە ئاستێکی سەرتریشەوە ئەگەر بمانەوێ باسی لێوە بکەین ئەوەیە کە هیچ پیاو و ژنێك پێکەوە بەرابەر نین.

ژن و پیاو تەنیا لە بواری مرۆڤایەتییەوە پێکەوە بەرابەرن، بەڵام دوو جۆر مرۆڤن کە هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی و دەروونناسی جیاوازەو ئەم جیاوازییەش بەرهەمی فاکتەرە جوگرافیایی یا مێژووی و کۆمەڵایەتییەمان نییە، بەڵکو گەڵاڵەی ئەو لە دەقی خوڵقاندندا داڕێژراوەو سروشت و مەبەستی تایبەتی خۆی لەم دوو وێنە جیاوازە هەبووە. هەر جۆرە زانستێك کە ڕووبەڕووی سروشت و زات بێتەوە، ئاسەواری نالەباری لێدەکەوێتەوە. لە لۆژیك و زمانی سروشتدا پیاو و ژن خاوەن ئەخلاق، پەروەردە، ئەرك و بەرپرسایەتی تایبەت بە خۆیانن.

لە بزوتنەوەی بەرابەری پیاو و ژندا سەرنجی ئەم بابەتانە درا کە هەندێك کێشەی دیکەش جگە لە بەرابەری و ئازادی لە گۆڕێدان. بەرابەری بە جێگەی هاوشێوەی بە کار براوەو چۆنایەتی فیدای چەندایەتی بووە. مرۆڤ بوونی ژن بووە هۆی لە بیر کردنی ژن بوونی و هەر ئەمەش بوو کە دوایی گرفت و کۆسپی زۆری بۆ ژن پێکهێنا. لەم ڕوانگەیەوە ژن تەنیا مرۆڤێکی مێ بوو، کە تەنیا لە بەر منداڵ بوونی جیاوازە لە پیاو. هەر ئەمە بوو کە وایکرد ژنان ناچار بوون جگە لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە سروشتییەی کە لە سەر شانیان بوو ئەرکی پیاوانیش ڕاپەڕێنن.

کۆمەڵناسێك لەم بوارەوە دەڵێ: ئەگەر ئاکامی بەرابەری ژن و پیاو لەو وڵاتانەی کە باسیان لێوە کردووە و ئەزموونیان لەو بوارەوە هەیە هەڵسەنگێنن، دەبینین کە ئەم گوتەزایە جگە لە حەرەکەتێکی دیماگۆجیانە بۆ ژنان هیچی دیکە نەبووە.

وڵاتی فەرەنسا لەم بوارەوە باشترین نمونەیە، ئەم وڵاتە وەك یەکێك لە پێشەنگەکانی بەرابەری ژن و پیاو لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوادایە و جێگەی سەرنجە. لەم وڵاتەدا تا ماوەی چەند ساڵ لەمەو پێش شتێکی ئەوتۆ لە ڕاگەیاندنەکاندا بۆ خەڵکی ئاسایی باس نەدەکرا، بەڵام لە ماوەی ٢ ساڵ لەمەو پێشەوە بەدوای کەتنەوەی هەندێك کارەساتی دڵتەزێن لەم بوارەدا، هەندێکجار، هەندێك لە ڕۆژنامەکان ئەم جۆرە ڕووداوانە بۆ خەڵك ئاشکرا دەکەن، واتە قەتڵ و جینایەت لە بەرانبەر ژنان و لێدان و ئازاردانیان لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە. سەرەڕای ئەمەش لەم وڵاتانەدا ئێمە شاهیدی ئەوەین کە زۆرێك لەو ئەرکانەی کە لە ڕابردوودا لە ئەستۆی پیاوان بوو، ئێستا لە ژێر ناوی بەرابەری ژنان خراوەتە ئەستۆی ژنان و پیاوانیش بە کردەوە ڕۆڵی فەرماندەو بەڕێوەبەر دەگێڕن و فەرمان بە ژنەکان دەدەن. هەروەها لەم بوارەوە شاهیدی چەوسانەوەی ژنان لە لایەن پیاوانەوەین. لە بەر ئەوەی کە ئاستی ماف و داهاتی ژنان زۆر کەمترە لە پیاوان و بە زۆری بە وەرگرتنی داهاتێکی زۆر کەم کاری زۆر قورس ڕادەپەڕێنن.

چاوخشاندنێك بە سەر ئاسەوارو دەرەنجامەکانی بەرابەری ژن و پیاو و ئەو کۆمەڵگایانەی کە خێزگەی ئەم بیرۆکانە بووە، نیشاندەدات کە پارادایمی ڕۆژئاوایی شێوازێکی شیاو نییە بۆ بەدیهێنانی مافی ژنان لە وڵاتی ئێمەدا. گوتەزای بەرابەری ژن و پیاو بەرهەمی ڕوانگەی تاك گەرایی لە وڵاتانی ڕۆژئاواییە؛ ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە جیهانبینی تاکدا چ ژن ژ پیاو بە تەنیا هۆکاری بوون نین."واحدی" کۆمەڵایەتی لەم جۆرە کۆمەڵگایانە بنەماڵەیە کە لە یەکگرتنی پیاو و ژن پێکدێ، لەم کاتەدایە کە ژن و پیاو "واحد"ێکی کۆمەڵایەتی پێکدێنن. بە جۆرێك کە وا هەستدەکرێ دوو ڕۆح لە یەك جەستە یا دوو لەش لە یەك ڕۆحدان. لەم جۆرە پێکهاتەیە بەرابەری ژن و پیاو هیچ واتا و کاریگەرییەکی نییە.

لە پێکهاتەی سونەتیدا، نە تەنیا ژن لە گەڵ پیاودا بەرابەر نییە، بەڵکو سەرترە. ژن لە کۆمەڵگادا سەرەتا بە بۆنەی ژن بوون، پاشان لە پلەی هاوسەریەتی و دایکایەتی شوێنی تایبەت بە خۆی هەیە. لەم کۆمەڵگایەدا، بە پێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی ژن چەندە بە تەمەنتر بێ ڕێزو حورمەتی زیاتر دەبێ. دایکان و داپیرەکان شوێنێکی بەرزو تایبەتیان لە نێو ئەندامانی بنەماڵەدا هەیە، شوێنێك کە هەنووکە بە هۆی بوونی ژنان لە بازاری کارو وەبەرهێنان و پەیرەوی لە پارادایمەکانی ڕۆژئاوا ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە.

دەبێ چ بکەین؟

گومان لەوەدا نییە کە ژنانی وڵاتی ئێمە گەلێك گیروگرفتیان هەیە و پێوەی دەناڵێن. هەنووکە مافی ژنان لە زۆربەی بنەماڵەکاندا ڕەچاو ناکرێ و زۆربەی پیاوەکانی وڵاتی ئێمە توانایییە جەستەیی و ئابوورییەکانی خۆیان دەکەنە دەست مایەك بۆ زوڵم و دەستدرێژی کردنە سەر هاوسەرەکانیان و ژنانی دیکە. لەم بوارەدا هەندێك لە ژنان شێریان لە پێشەوە بەستووەو بە پەیرەوی لە پارادایمی ڕۆژئاوا لە بەرابەر پیاواندا، ڕووبەڕووی پیاوان دەبنەوە.

تاقمێك لە ژنانیش بێدەنگییان کردووەتە هەڵوێستی خۆیان و ئەوەی کە بە سەریان دێ بە چارەنووسی خۆیانی دەزانن و لێی ڕازین؛ بەڵام هەندێکی دیکە بە پێی بنەماکانی میانەڕەوی، ڕاستییەکان بە هێزی عەقڵ وەردەگرن و هەڵیدەسەنگێنن و لە نێوان ئەرکەکانی تاکەکەسی و پێویستییەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی بنەمای پێك دێنن. لێرەدایە کە ئەرکی سەرشانی زانایان، یاسا داڕێژەرن و بەرپرسانە کە پێگەی مرۆڤایەتی، بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی ژن دەست نیشان و پێشنیارەکانی ژنان بخەنە بەر باس و بە دۆزینەوەی ڕێگا چارەی شیاو، میتۆدێك لە بەرچاو بگرن کە پلەو پایە و ڕێزو حورمەتی ژن بپارێزێ.